وشە و ویژدان

لەماڵی هەتاودا

کەریمۆک

ناوی کتێب: وشە و ویژدان، لە ماڵی هەتاودا

نووسەر: کەریمۆك

جۆری کتێب: ستوونی ڕۆژنامەوانی

وردبینی: دلۆڤان حسێن

تایپ و دیزاینی ناوەوە: پۆلا مەحمود

دیزاینی بەرگ: سوهەیل سوخەنپەژوو

چاپ: چاپخانەی شەهاب- هەولێر

تیراژ: هەزار قل

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (٥٩٣) ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

پێشکەشە:

بەو هاوڕێیانەی کە ڕۆژانێک لە ڕۆژنامەی "سپێدە" پێکەوە بێ بەرامبەر کارمان دەکرد.

# دەسپێك

بڵاوکـردنەوەی ئەم نووسـین و بابەتـانەی دووتـوێی ئەم کتێـبە کە هەنــدێکیان دەمــێ ســاڵە نووســراون، بــۆ ئەمــڕۆی پــڕ لە فەوزا و بەرژەوەنـدخوازی لە لایەک و لە تەمـومژدا ونبـوونی بەهـای نووسـین لەلایەکی تردا، چ مانایەکی هەیە؟

ئەگەر نووسین هەڵوێست و دونیابینی بێت، ئەوە منـیش پێمخۆشـە هەڵوێستەکانم کە لەسەرەتای دەسـتپێکردنی ڕۆژنـامەگەری دەرم بڕیـون بەرچـاوانبن، دەمەوێـت بڵـێم لە ڕۆژگـاری شـەڕی نـاوخۆدا ئـاوا بیـرم دەکردەوە، ئاوا ئایندەم دەخوێنـدەوە، نە قەڵەمـم بـۆ کەس بـادا، نە بـۆ کەس کردم سەما، بێگومان هیچ هەڵوێستێ بێ باجدان نابێ، گـرنگە کە ویژدان ئاسوودە بێ.

لە ڕۆژگارێکـدا کە چەنـد ڕۆژنـامەیەکی حیزبـی و ئەهلـی و ئـێمە (سپێدە) لە ئارادابووین ڕۆژگارێک کە هێشتا پایەکانی ڕەخنە و ئـازادی ڕادەربـڕین  لە نێوەنـدی ڕۆژنـامەوانی کوردیـدا سـنوردار بـوو، ئەم ستوونانە نووسران، کە بەداخەوە ئێستاش بەشێک لەو ڕەوشە خـراپەی ئاماژەی پێدراوە بەردەوامی هەیە، گەندەڵی و مشـەخۆری و دەسـتەمۆیی برەوی هەیە، ئێسـتاش ئاشـتی کـۆمەڵایەتی و پەیوەنـدییەکان جێگـر و تەندروست نییە...!.

بــۆ مــن بڵاوکــردنەوەی ئەم ســتوونە ڕۆژنامەنووســیانە لەتەک بەمێژووکردنــی ڕووداوەکــان و خســتنەڕووی دیــدوتێڕوانینێک مــایەی چێژبەخشـینە، کە ئومێـدەوارم تـۆی خـوێنەرم مانـدوو نەکردبـێ و ئەم هەستەم پێ بەخشی بێت.

# ڕۆژهەڵات

## نازانیٚ ڕێگەی چوون بۆ لوتکە خوارەوەیە!

مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هێندە لەسەرنەکەوتن دەترسیٚ، هەر هەنگاونانێکی پڕیەتی لەدوودڵی و نیگەرانی، نازانیٚ هەموو سەرکەوتنێک سەدان هەوڵی سەرنەکەوتنی گەرەکە، مرۆ چۆن دەگات بە دوندی ئاواتەکانی ئەگەر سەدان جار هەڵنەتووتیٚ و نەکەویٚ.

ڕۆژهەڵات خەونی خولقاندنی ئەفسانەی هەیە، گەرەکیەتی بەیەکەم هەوڵ و بەیەکەم هەنگاو بگاتە لوتکە، ئەفسوس کەس ناتوانیٚ بەیەکجار بگات بە ئامانج ئەگەر سەدان سەرنەکەوتن تۆمار نەکات!! بەجۆرێکیتر هیچ سەرکەوتنێک بیٚ سەدان نوشوستی و نووچدان تام و بایەخی نابێت.

لە ڕاستیدا ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتدا پێی دەگوتریٚ شکستی، هەوڵە، تۆش مەترسە هەوڵبدە و کاربکە و مەوەستە و سارد مەبەوە، سەرنەکەوتنەکانت پایەی سەرکەوتنەکانی داهاتوون، ئەزمونێکی تری ژیانتە.

هەوڵبدە و زیاتر سەرقاڵی خۆت بە، خۆت سەنتەری

خۆتی، کە بەسەر شەقامەکاندا هەنگاو هەڵدێنی، ئەوەندە سەیری بەرامبەرەکانت مەکە، وازبێنە لە ڕاڤەی ڕۆیشتن و لۆچی ڕووخسار و زەردەخەنەکانی خەڵک، خەریکی خۆتبە و تۆ تەنها مامۆستایی و شیکاری خۆت پێدەکرێ، ئەگەر کاتت هەبێ و پێت بکرێت!. خەم لە خەڵک مەخۆ پەروەردەی دروستیان نییە و شارستانی ڕەفتار ناکەن، خۆت شارستانی بە و خەمی خۆت بکە دەسپێکی چاکسازی لەخۆتدا، ئەوان گەندەڵکار و بێ خەون و خەیاڵ، بێ هەستی نیشتمانی و سەر شووشەی بەتاڵ سەیر مەکە، چونکە دواجار لەخۆت دووردەکەویەوە و نائاگا دەچییە ڕیزی ئەوان. واز لەرزگارکردنی کۆمەڵگە بێنە، چونکە هێشتا تۆ خۆت ڕزگار نەکردووە..! بەرلەوەی هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئاکاری باش، گفتاری باش، کرداری باش بدەیت، کوچە و کۆڵانەکانی ڕۆحی خۆت ئاوەدانکەوە تا کردار و ڕەفتارت وەک ئەوان نەبێت لەبیریشت نەچێت هەر کەسە و ناوێکی هەیە و ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆی لە گیرفانە.

ڕۆژهەڵات کانگای لەبیرچوونەوەیە، هەمیشە خولیای چونە سەرەوەی هەیە، نازانێ ڕێگەی چوون بۆ لوتکە خوارەوەیە..! کاتێکش لەخوارەوە دەست پێناکات نائومێد و سەرگەردان دەبێت، بەردەوام خۆی دەخواتەوە، داهێنان لەچنینەوەی نائومێدیدا دەکات، تا دەستی تەسلیم بوون بۆ خورافە هەڵدەبڕێ، لەوەشدا زوو قەناعەت بەخۆی دەکات کە ڕاستترین ڕێگەی ژیانی دۆزیوەتەوە. ئەوسا نەک بیر لە

لوتکە ناکاتەوە، بەڵکو بەکاری خەوشیشی دەزانێ.

کەسەیری مەزنە مرۆڤێکی جیهانی دەکەیت و سەرسام دەبیت بەو هەموو توانا و داهێنانە، بەو هەموو دید و جیهانبینیە فراوانە، لەخۆت پرسیوە ئەویش وەک تۆ لەخوێن و گۆشت و ئێسقانە، ئەویش لە سەرەتاوە وەک تۆ خەونی گەورەبوونی هەبوو، بەڵام وەک تۆ هەر لەناو خەوندا نەخولایەوە..! بەڵکو بیری کردەوە و کاری کرد، کاری کرد و بیری کردەوە. بەڵام ئەوە بزانە، خەون و خەیاڵ، بیرکردنەوەی بەرکەماڵ، نەبێتە جوڵە و کردار.. ئاڕاستەت دەکا بەرەو خوار..!

سامۆیل بیکت کە (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)ی نووسی، نەک کەس پێشوازی لێ نەکرد بەڵکو زۆر بەبێ بەهاوە سەیریان کرد، نەک وەک شاکارێکی جیهانی، بەڵکو وەک نووسینێکی سادەش لێیان نەڕوانی، دواتر لەماوەیەکی کورتدا بۆ سەدان زمانی جیهانی وەرگێڕدرا، ملیۆنان دانەی لێ فرۆشرا، ئێستا چاوەڕوانی گۆدۆ وەک (چەمکێک)ی فەلسەفی نەک تەنها وەک دەقێکی شانۆیی سەیری دەکرێت..!! چاوەڕوانی تۆش ئەی مرۆڤی ڕۆژهەڵات بۆ بەدەستهێنانی ئارەزووەکانت هەوڵ و هیمەتی دەوێ، شەونخونی و کار و فەرمانی دەوێ، دڵنیابە خەوندار نابێ بخەوێ، دەسپێکی کار لێرەیە نەک لەوێ، هیچ فرسەتێکت بۆ هەڵناکەوێ، تا هەوڵ و کۆششی بۆ نەوێ.

# ڕێـز و هـێز..

که لەپشـتی مێـزەکەت دادەنیشـی، هەر لەخـۆوە سـامێکی ترت هەیە، حورمەتت زیـاترە و مەرحەبـات خۆشترە، کەسێ کە بەلاتدا تێدەپەڕێ حەزدەکات پێت بڵێ بەیـانی بـاش، ئـاخر دەشێ لەسەر ئەو مێزە موکافەئەیەکی چەوری بۆ بنووسی!

لەبیرتە ساڵی پار تڕۆ کرابـووی، کەس ڕووی نەدەدایـێ و خوڵقی نەدەکـردی، فەرمـووی سـەر مێـز و دەعـوەتی چـایەکی نەدەکردی، کەواتە تـۆ نـانی مێـزەکەت دەخـۆی، ئەو لوتـف و ئیحترامە هـی خـۆت نیـیە هـی مێـزەکەتە، بـۆیە هەتـا دەمـری مەمنونی ئەو کەسەبە کە لای پیـاوە گەورەکە شـەفاعەتێکی بـۆ کردی و دایمەزراندی.

ئێستا تێگەشتی مێز سیحری مانەوەی وجودی تۆیە، پشـت و پەنـایە، عێل و عەشیرەت، هێز و توانایە، گەورەییە!! بەڵێ

تـۆ بەو مێـزەوە مـاوی، بەو مێـزەوە پیـاوی، بەو مێـزەوە هەناوی!

لەیادتە گوتت ئەوەی فێری پشت مێز بێت زەحمەتە بتوانێ وازی لـێ بێنـێ، وەک تریـاک وایە سـەد موجـازەفەی لەسـەر دەکەی، ماسـتاو و مەرایـی، ڕەشـوە و بەرتیـل و دەعـوەتی شـەوانەی بـۆ دەکەی. ئەدی ئەو ڕۆژەت لەبیـرە کە واتزانـی کەس دیار نییە و پڕ بەدەم مێزەکەی بەردەمت مـاچ کـرد و لە دڵـی خۆتـدا گوتـت بە قوربانـت بـم بەقەد پاسـێکی (خەتـی شێستی) پەیا دەکەی، کە لەپڕ فەڕاشەکەت ئەمەی بینی، خۆت تێـک نەدا و بەسـەری لـووتەوە پێـت گـوت: بـاجی دەبێـت هەمووممـان ئەو مێـزە مـاچ بکەیـن، چـونکە ئەوە مێـزی خزمەتگوزارییە! ئـاخر هاوپیشـەیەکت فێـری کردبووی دەبێت لەمەودوا وەسـف و پێناسـەی سـەیر و سـەمەرە بـۆ مێـز بدۆزیەوە.

هەنووکە تۆ تەواو قەپاتی، ساحێبی قەسری چەنـد قـاتی، سـەیارەی هـای مۆدێـل، خـاوەن مێـژوو و خەبـاتی، نە گەردەلولی پاکسازی، نە قسە و دروشمی چاکسازی، هیچیـان بەلات گوزەر ناکا، چونکە تۆ پیـاوێکی خاسـی. خەڵـک ڕێـزت دەگـرێ و تەنـانەت لێشـت دەترسـن، نەکـا خوابکـا دڵـت گەردبیگرێ و نانبڕاویان کەی.

# ئازادی من و تۆ بەیەکەوە دەستپێدەکات

ئەگەر لەو دەروازەیەوە بـــڕوانین کە (ئـــازادی) چەمکێکـــی ڕێژەییە، ئەوە دەشێ ڕاڤەی جیاوازی بـۆ بکـرێ، لە پراکتیکـدا شێوازی جیاجیا بەخـۆوە دەگرێ و نـاچێتە ژێـر ڕکێفـی یەک تـــاریفە و لە یەک ڕەهەنـــددا خـــۆی بەرجەســـتەنەکات، هەر بـۆیەش بـێ پەروا هەمـوو کەسـێ ئەوە بەخـۆی ڕەوا دەبینـێ بانگەشـــەی بکـــات، هەتـــا ئەوانەی خۆیـــان ســـەرچاوەی کوێرکردنەوەی ئازادییەکانن..!

دیـــارە ســـەرجەم ئازادییەکـــان یەک پێکهـــاتەی ئۆرگـــانی چوارچێوەیـان بـۆ دادەتاشـێ و ناشـێ لە یەک بـواری ژیـان مومارەســەی ئــازادی هەبێــت، لە کاتێکــدا بوارەکــانی تــری کـۆمەڵگە قەتـیس بـن لە دیلـی و زەبـوونی، چـونکە ئـازادیی هەمـوو کەس و گروپێـک تـا ئەوجێـیە ئـازادییە کە ئـازادی کەسـانی تـر پێشـێل نەکـات، ئەو هێـزەی لە دەرەوەی خـۆی کەس نەخوێنێتەوە و پێی وابێت کار بۆ ئـازادی دەکـات، یـانی

سـەرکەوتنی بـوونی خـۆی لە چەپانـدنی ئازادییەکـانی بەرامبەردا ببینـێ، بێگومـان نەک نـابێتە هـۆی بەرهەمهێنـانی ئـازادی بەڵکـو دۆخێکـی دۆزەخـی لە پەنـا دەسـتەبەرکردنی ئازادیدا دەخـوڵقێنێ. ئـازادی ئەوکـاتە بـوونی هەیە کە لەنێـو کۆمەڵگەیەکدا دەنگ و ڕەنگی جیاواز هەبێت و ڕێزگرتن لە ڕای یەکتری ببێتە پرەنسیپی ڕەفتار و لە ئاکاردا جێکەوتە بێت.

کـارکردن بـۆ ئـازادی، بەر لە هەمـوو شـتێ کـارکردنە بـۆ یەکتر قبوڵکردن، ئەوەی دەرفەتی یەکتـر قبـوڵکردنیش دەدات، تەنها دوورکەوتـنەوەیە لە دۆگمـایی و دەمـارگیری لە لایەک و چەقبەستووی ئـایـدیۆلۆژی لە لایەکـی تـر. یـانی کـارکردن بـۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لە کۆمەڵگەیەکدا، بەر لە هەموو شـتێ دەستهەڵگرتنە لە کۆمەڵێ ماف و بـواردانە بەمـافی بەرامـبەر، بەپێـی ئەو گـوتەیەی (ئـازادی تـۆ لە وێـوە کۆتـایی دێـت، کە ئازادی مـن دەسـت پێـدەکات) یـان بەپـێچەوانەوە. ڕێزگـرتن لە ئـازادی بەرامـبەر، دەسـتهەڵگرتن نیـیە لەو خەون و ئایـدیایانەی تـۆ هەتە، بەڵکـو قسـەکردنە لەسـەر چـۆنیەتی کـارکردن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەم خەونـانە، بەجۆرێـک نابێـت بەدەسـتهێنانی خەونـی تـۆ ببێـتە هـۆی لە بـاربردنی خەونـی ئەوانی تر.

دەشـێ مـن بەم تەرزە بیرکـردنەوە، بەم هەڵوێسـت و ئاکـارەوە، خـۆم بەئـازاد بـزانم، تـۆش بەپـێچەوانەی مـن، بەدیـوێکی تـر، بەکـارکردێکی تـرەوە خـۆت بە ئـازاد بزانیـت، دیسـان گـرفتەکە لەوەدانیـیە، هەمووومـان خۆمـان بە ئـازاد

دەزانین، گرفتەکە لەوەدایە، مومارەسەی ئازادییەکان چۆن دەبنە فاکتەرێک بۆ بەرهەمهێنانی هزر و خەیاڵی ئازاد، دواتر تاکی ئازاد..! دواتر چۆن لەنێو ئەو هەموو کێشمە کێشمەدا، ڕەنگ و بۆی ئازادیی بەنێو کایە کۆمەڵاتیەکان شۆڕدەبێتەوە.

دیموکراسیەت لە بنەڕەتدا ئەگەر نەبێتە خۆشەکردنی زەمینە بۆ بە ئازادی گوزارشتکردن، ئەگەر ڕەوشێک نەخولقێنێ بۆ گوێگرتن، بۆ خوێندنەوەی بەرامبەر، ئەوە تەنها لە چوارچێوەی گفتاردا دەمێنێتەوە و هێدی هێدی دەگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەکی گوێڕایەڵ و بێ پرسیار، نەوەیەک خاڵی لە ڕەخنە و تا سەر ئێسقان بەرژەوەندخواز.

ئەمڕۆ کە قسە لەسەر بواری ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەی ئازاد دەکرێت، نابێت ئازادییەکانی تر فەرامۆش بکەین، بەو مانایە ڕۆژنامەش دواجار وەک ئامرازێک دەچێتەوە نێو کایە کۆمەلایەتیەکانەوە، دەچێتەوە ناو ئەو ڕووبارەی سەرچاوەکەی ئازادی تاک و ئازادییە گشتییەکانە.

لەنێو تەمتومانی ئاخاوتنەکان لەسەر ڕۆژنامەی ئازاد، ئاڵۆزی و نارۆشنییەکی زۆر بەرچاودەکەوێت، بەجۆرێک مایەی چەواشەکاری و سەرلێشێواندنە. چونکە ژمارەیەکی زۆر لە میدیای سێبەر دروستکراون و هەندێجار وا خۆنیشان دەدەن بەرگری لە ئازادی دەکەن، بەڵام لە راستیدا ئەم میدیایانە دروستکراو و ئاڕاستەکراون، ناچنە ناو ڕاستی مەسەلەکانەوە، نابنە هۆکار بۆ قوڵکردنەوەی دیموکراسی، بەڵکو ئارایشتی دیموکراسی ئامانجدار دەکەن بۆ بەرژەوەندی

تایبەتی، ئەو بڵاوکراوانە ناوێرن تخونی ئەم باسانە بکەون کە دەمانبەنەوە سەر حەقیقەتی ژیان، هەوڵی کوێرکردنی هەموو ئەو جۆگەلانەش دەدەن کە دەڕژێنە ناو دەریای ئازادییەوە.

ئاخر ڕۆژنامەی بێ ئاڕاستە و بێ دیدگا و دونیابینی، ڕۆژنامەیەک بە هەمان تیزی باو و ئەقڵیەتی دەسەڵات بڕوانێ، ئازادی و ئەهلی بوونەکەی ڕەنگە تەنها لەوەدابێت کە لەسەری نەنوسراوە فڵان حیزب دەری دەکات، خۆ هەندێجار بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی ڕەخنەی ڕووکەشانە لە دەسەڵات دەگرێ.

لە کوردستاندا ئەم جۆرە بڵاوکراوانە کەم نین کە حیزب لە ژێرەوە لە خزمەت گوتارە شاراوەکانی خۆی پارەیان بۆ ڕۆ دەکات و پەمپیان دەدات..!

بەداخەوە ئەوەی پێی دەگوترێت میدیای سێبەر گەمەیەکی ترسناک دەکات، لە لایەک ڕەخنەی ڕوکەشکارانە ئاڕاستەی دەسەڵات دەکات، لە لایەکی تر کار لەسەر پاراستنی جومگە و بەها گرنگەکانی دەسەڵات دەکات، هەروەها واخۆی نیشان دەدات کە ئۆپۆزسیۆنە و لەبەرەی خەڵکدایە، هەر بەم هۆیەوە بەشداریەکی کارا دەکات لە بەهەڵەدابردنی خەڵک و پرۆسەی گێلاندن.. ئەم میدیانە ڕۆژانە لە گوتاری بەرپرسەکان و لە هاوکێشە سیاسیەکان ورد دەبنەوە و دیقەتی ململانێکان دەدەن تا ڕاسترین هەڵوێست هەڵبژێرن کە لەبەرژەوەندی مەرجەعەکانیان دابێت.

# فـره حیزبی  یان چەند حیزبی یەکڕەنگ

پلـۆرالیزم، یـان فـره حیزبـی بەرەنجـامی فەراهەمبـوونی ئازادییە سیاسیەکانه، ناشێ لە کۆمەڵگەیەکدا ئـازادی کـاری سیاسـی بەرتەسک یـان قەدەغه بێـت، فـره حیزبـی ئامـادەیی هەبێت، چونکه فره حیزبی و ئـازادی سیاسـی یەک پەیوەنـدی ئۆرگانی بەهێز بەیەکەوه دەیـان بەستێتەوه، بـۆیه قسـەکردن لەسـەر فرەیـی (حیزبـی یـان فیکـری یـا هەر بـوارێکی تـر) ڕاستەوخۆ قسەکردنه لەسەر ئازادییەکان به گشتی.

فـره حیزبـی له زۆری ژمـارەی ئەو حیزبـانەدانییه که له فۆڕمدا پۆشاک و ڕەنگی جیاوازیان پۆشیوه و بەیەک ئاڕاسته و دیدگا کار دەکەن، بەڵکو کاتێک دەتوانین بڵێین فـره حیزبـی له کۆمەڵگەیەکدا بـوونی هەیه که حیزبەکـان خـاوەن دەنـگ و تێڕوانینی سیاسی خۆیـان بـن و هەریەک بەپێـی جیهـانبینی و لێکدانەوه و جیاوازی، هەڵوێستەکانی خـۆی پراکتیـزه بکـات، هەتـا ئەگەر جیاوازیەکـانی نێوانیـان تـا ئاسـتی پـێچەوانەی یەکتریش بێت له ڕووی ئایدیۆلۆژیەوه.

لێـرەوەیه فــره حیزبــی مانــای دابینکردنــی ئــازادییه سیاسیەکانه بێ هیچ جۆره مەرج و سنووربەندییەک.

بەم پێودانگەیه دەتوانین ئەو هەموو بانگەشـەیەی بـۆ فـره حیزبی له کوردستان دەکرێت بخەینه ژێر پرسـیارەوه.. بەوەی ئـازادی سیاسـی بـارێکی جێگیـر و وەسـتاوی وەرنەگرتـووه و ئاماژەکانی پاوانخوازی و قۆرخکردنی ئازادی گەلێـک زۆرتـرن لەو ئاماژانەی بـۆ فراوانکردنـی مەوداکـانی ئـازادی و ئـازادیی

ڕادەربڕین لە ئاراداں..! فرە حیزبی لە کوردستاندا، ئەوەندەی فرەییە لە ژمارە و ناو و ناونیشانی بارەگا و ڕۆژنامە، ئەوەندە فرەیی نییە لە گوتار و ئاڕاستەی سیاسی و جیاوازی بیرکردنەوە.

لەناو بازاڕ و خەڵکی عەوامیشدا، ڕۆژ نییە گوێبیستی ئەوە نەبین کە حیزبەکان دوکانی سیاسین و سەرچاوەی مشەخۆری و بژێوی کۆمەڵێ کەسن، دیارە ئەم بۆچوونەش لە خۆوە سەرچاوەی نەگرتووە، لەوەوەیە کە ڕۆڵی حیزب لە ئامانجی خزمەتکردنی خەڵکەوە گۆڕاوە بۆ خزمەتکردنی ئەندام و لایەنگرەکانی خۆی.

هەردوو دەسەڵاتیش کەمتەرخەم نەبوون لەوەی حیزبی دەستەمۆ و پاشکۆ بهێننە ئاراوە، تا ئەو ڕادەیەی کار و خەباتی سیاسی بەو ئاستە بگات، کە بەبێ بوونی پارە مەحاڵە هیچ هەنگاوێکی سیاسی و حیزبایەتی بنرێت. ئێستا حیزبەکان لە فەرمانگەیەکی بچووک دەچن و کادرانیشی لەو فەرمانبەرانەی لە چاوەڕوانی موچەی سەری مانگدان..! بۆیە سەیر نییە بڵێین تادێ ژمارەی حیزبەکان زیاد دەکات و فرە حیزبیش کەمدەبێتەوە..! لەم نێوەشدا دەستەمۆیی و ملکەچی سیاسی زیاد دەکات و حیزبە باڵا دەستەکان لە ژێرەوە پارەیەکی بێشومار بە حیزبە بەناو بچووکەکان دەبەخشن، تا لە فۆڕمدا وا نیشانبدەن وڵات فرە حیزبییە، لە ڕاستیشدا بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵات و کارکردنە بۆ قۆرخکردنێکی هەتاهەتایی..!!

# دەسەڵاتی بێ ئۆپۆزسیۆن

رەخـنە وەک یەکەیەکـی زینـدووی بـواری ڕۆژنـامەگەری لەنێـو ڕۆشـنبیری ئـێمەدا نەبـۆتە فەرهەنـگ و کـایە کۆمەڵایەتییەکانی پێ ئاشنا نەبووە، دەسـەڵاتیش هەمیشـە لە ڕەخنەگرتن ترساوە و ڕەخنەی وەک پرۆسەیەکی چاکسازی و بەخۆداچـوونەوە نەناسـیوە، هەنـدێ جـاریش تـا ئاسـتی دوژمنکـاری لە کەسـی ڕەخنەگـری ڕووانیـوە، لە دەرەنجامـدا پرۆسەی ڕەخنەگـرتن لە کوردسـتان وەک وێنەیەکـی ناشـیرین لە زهنـی دەسـەڵاتدا جێگیـر بـووە. بـۆیە ڕایەڵەکـانی نێـوان ڕۆژنـامە و حکـومەت لەوپەڕی لاوازی دایە و ئەو هەمـوو نووسـین و ڕەخـنەیەی ئاڕاسـتەی دەزگاکـان دەکرێـت، ئەو هەموو قسەیەی لەسـەر گەنـدەڵی و شـەفافیەت خـرانەڕوو بـێ ئاکام کەوتـنەوە. دەگمەن نەبێت، سـتوون یـان ڕیپۆرتـاژێکی ڕۆژنامەنووسی نەیتوانیوە وەزیرێکی گەنـدەڵ، بەڕێـوەبەرێکی گشتی، تەنانەت فەرمانبەرێکیش لەسەر کار لاببات! بەدیـوێکی تر ڕەخنە نەبۆتە بزوێنەری بۆچوونەکانی تـاک و نەیتوانیـوە هێز و زیندویەتی بە گروپەکانی فشار ببەخشێت!. لەم نێـوەدا بەپلەی یەک دەسەڵات بەرپرسیارە، چونکە لە ماوەی ئەوەنـدە ساڵەدا نەیتوانیوە ڕەوشێک فەراهەم بکـات تـا ئۆپۆزسیۆن و دەنگـی جیـاواز لە دەرەوەی خـۆی گەشـە بکـاو لە دایکبێـت،

بەردەوام دیدێکی نەیارانەی بۆ ئۆپۆزسیۆن هەبووە و هەرواش لەلای ئەنـدامەکانی وێنـای کـردووە. لە جیـاتی چارەسـەر و چاکسـازی هەمیشـە لەخەمـی شـاردنەوە و ڕوکەشـکردنی کەموکوڕیەکـانی بـووە و فەزڵ و چاکەکـانی خۆشـی بەخەڵـک فرۆشـتۆتەوە، لەم پێناوەشـدا چەنـد قەڵەم بەدەسـتێکی خـۆی تەیـارکردووە، ئەوانـیش بـێ گوێـدانە پەیـامی وشـە و ئەرکـی مێژوویـی خۆیـان، بە ئاڕاسـتەی بەرژەوەنـدیەکانی حیـزب قەڵەمەکەیان باداوە.

دەبێـت ئەوەمـان لەبەرچـاو بێـت کە فـاکتەری بەزینـدوو مـانەوەی حکـومەت و دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات، بـوونی ئۆپۆزسـیۆن و دەنـگە جیاوازەکـانە، زەمینەسـازی بـۆ هاتنەکایەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە هێزی نوێبوونەوە و بەردەوامـیە بـۆ دەسـەڵات. دەسـەڵات و حکـومەتی بـێ ئۆپۆزسیۆنیش درەنگ یان زوو هێدی هێدی لەتۆتالیتـاریەت نزیک دەبێتەوە!

ئەگەرچـی کوردسـتان لەسـەر ڕێـگەی کـرانەوە و دیموکراسیدایە، بەڵام نابێـت ئەوەمـان لەبیربچێـت فشـار بـۆ تۆخکردنەوەی ئاماژەکانی دیموکراسـی یـان کـاڵکردنەوەی ئەو ئاماژانە بەندە بەئەکتیف بوونی تاکەکان و بوێری گروپەکـانی فشـار، چـونکە هەم دیکتـاتۆریەت و هەم دیموکراسـی ڕەنگـدانەوەی ڕەفتارەکـانی جڤـاکە، جڤـاکی زینـدوو بـواری تاکڕەوی نادات و چاودێرە بەسـەر حکـومەت و دامودەزگاکـانی کارگێڕی دەوڵەت.

## لەناو یەکێتیی نیشتمانییدا چ باسە؟!

ئەوانەی ڕقیان لە یەکێتییەو تا سەر ئێسقان دوژمنایەتی دەکەن، حەز دەکەن ئەو حیزبە ئاتاری لەسەر پاتاری نەمێنێ و وەک کفتەی هەڵوەشاوەی لێبێت.

ئەوانەی ماستاوچی و مشەخۆرن و لەناو دەزگاو دامەزراوەکانی یەکێتیدا پلەیان هەیە، دوو بەشن: بەشێکیان حەز بە کەرت کەرتبوونی دەکەن بۆ ئەوەی بواری ماستاو و مشەخۆریان زیاتر بۆ بڕەخسێ، بەشی دووەمیان هەست بەخەتەر دەکەن چونکە دەترسن هەموو شتێکیان لەدەست بچێ و بێنە سەر ساجی عەلی.

هەر لەنـــاو یەکێتیـــدا تەرەفێکـــی تـــر هەن پێیـــان خۆشـــە گرفتەکان حەکیمانە چارەسەر بکرێ و ببێتە هۆی بنبڕکردنـی فەساد و گەندەڵی و ئەو هەموو بێ ڕێزی و کـارە چەوتەی کە لە چەنـد سـاڵی ڕابـردوو لەسـەر دەسـتی هەنـدێ نـابەرپرس ئەنجامدراوە.

راوبۆچونی زۆر هەیە بۆ ئەو مەسـەلانەی کە ئێستا لەنـاو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئارادایە و لە کـوچە وکـۆڵان و سوچی چایخـانە و ڕووپەڕی ڕۆژنامـان باسـی لێـوە دەکـرێ، زۆربەی قسـەکانیش ئامـاژەن بـۆ یەکێتـی دوای مـام جەلال، سـەیرەکە لەوەدایە ئەوەنـدەی لە دەرەوەی یەکێتـی بە یەکێتیەوە سەرقاڵن، ئەوەندە یەکێتی بەخۆی سەرقاڵ نییە..!

بەڵام بۆچوونی تەندروست ئەوەیە کە یەکێتی وەک هێزێکی سـەر سـاحەو بەرپرسـیار، بەجـدی بەخـۆی و مێـژووی چەنـد ساڵی ڕابردوویدا بچێتەوە، سڵ نەکاتەوە لە دەستنیشانکردنی هەڵەکـان، دیـالۆگێکی شـەفاف و کـراوە بخـولقێنێ، ئەم وتـوویژو مشـتومڕە بـکەنە نەریـت و پشـت لە دۆگمـای و چەقبەستن بکەن.

ئەو ڕەخنانەی لەناو هەنـاوی یەکێتیـدا ئاڕاستەی یەکێتـی دەکرێـت، دەشـێ لە ڕۆژهەڵات و دەڤەرە دواکەوتووەکانیـدا بەحاڵەتێکی ئیجابی ناوزەد بکەین، ئیجـابی تـر دەبێـت ئەگەر یەکێتـی ئەم پرۆسـەیە بەباشـی تێپەڕێنێـت و واز لەسیاسـەتی ڕۆژ بێنێت، بەپێی لوان و گونجان سیاسەت دانەڕێژێ.

بـۆ هێزێکـی وەک یەکێتـی نەنگیـیە بانگەشـەی عیلمـانی و

مەدەنیەت بکات کەچی نەسریەی دیوەخانانەی هەبێت و سازش لەگەڵ ئیسلامی سیاسی بکات و دواتریش خۆی داماوی دەستی بێت، ئەوەی خەڵک لە یەکێتی گەرەکە دووبارە نەبونەوەی ئەو مێژووانەیە و هێنانەکایەوەی مۆدێلێکی تازەیە لە حیزبایەتی، کە حیزب دابینکەری ئەمن و ئاسایش و ژیان و ئازادیی و گوزەرانی خەڵک بێت نەک خۆی دەمی لە قوتی خەڵک نابێ و خۆی سەرچاوەی نەهامەتی و قەیران بێت و بارگران بێ بەسەر شانی خەڵکەوە، بەشێک لە پاڵیدا شاهانە و بەشێکیش قوربانیدەر و ڕەنجەڕۆ بژین.

ئومێد ئەوەیە کە هیچ بیانو و پاساوێک نەبێت بۆ دواخستنی ئەو ڕیفۆرمانەی لەناو یەکێتی قسەی لێ دەکرێت. ئومێدیش بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان) وەک هێزێکی تری سەر گۆڕەپان و هەموو حیزبەکانی تر ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە ئەوانیش بگرێتەوە، چرای ڕیفۆرم و نوێبونەوە داگیرسێنن، ئەو نەریتەی کە لەنێو حیزبی کوردیدا هەیە بەوەی تا حیزب مابێت هەر یەک کەس سکرتێر و سەرۆک بێت نەمێنێت و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە ئامانج و سەرچاوەی بژێوی و مشەخۆری بگەڕێتەوە دۆخی ڕاستەقینەی خۆی کە ئامرازی بەدەستهێنانی مافەکانی جەماوەرە!

# قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ

بێگومان شەڕ ماڵوێرانی و برسیەتی و نەهامەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و بەها کۆمەڵایەتیەکان دەسڕێتەوە و کۆمەڵگە دووچاری چەندین قەیران دەکات، دواجار ئاستەنگ دەخاتە بەردەم هۆشیاری کۆمەڵایەتی و دۆخێکی نا ئاسایی و نا هەموار بۆ سەرهەڵدانی چەندین بیر و تێزی دواکەوتووانە و دیاردەی سلبی دەخوڵقێنێ..

بەوپێیە شەڕی ناوخۆی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان (پدک/ینک)، کارەساتێکی زێدە گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان داهێنا، دەرەنجامەکە هەر بەتەنها لەوە بەرجەستە بوو، کە جەستەی هەزاران لاو لە شەڕگە نەگریسەکاندا بوونە قەرەبرووت و شیرازەی هەزاران خێزان هەڵوەشایەوە و داهاتی کوردستان کە قوتی دەمی خەڵک بوو بەفیڕۆدرا و بۆ کاری تایبەتی حیزبایەتی خرایە کار، بەڵکو کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو شەڕە ناڕەوایە لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕەنگدانەوەی خراپی دروستکرد. پڕەنسیپی (ئەگەر لە گەڵم نیت، دوژمن بە) یەکێک بوو لە سیماکانی شەڕی ناوخۆ، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئەم دوو حیزبە هەمیشە کاریان لەسەر ئەوە کردووە چەمکی بێلایەنی ناشیرین بکەن، بۆیە ئەگەر کەسێک لە هەولێرەوە چووبا سلێمانی و بە پێچەوانەشەوە لە سلێمانی بۆ هەولێر، لە ڕێی قەڵەمەکانیانەوە ناوونātۆرەی ناشیرینیان دەخستە پاڵ، ئەوان وەک چۆن کوردستانیان کردە دوو هەرێم، ئاواش گەرەکیانە خەڵکەکەشی دابەش بکەن، لەم نێوەشدا

نووسەرانی دەربار و کەسانی بچووک و بێ ئیرادە و هەلپەرست زیاتر دەرفەتیان بۆ ڕەخسا مەرامی مشەخۆری خۆیان پیادە بکەن، کەم نین ئەوانەی لەسەر کەلاکی بۆگەنی شەڕی ناوخۆ بوونە ناوی زل و بەسەر ناوەندی ڕۆشنبیری بوونە بار، داخیش لەوەدایە ئەو کەسانە هەمیشە لە ژێر ئارایشتی بێلایەنی و دروشمی ئازادیی، خۆیان دەمامک دەدەن، ئاخر کەسێک لە بڕیار و چالاکیەکانی خۆی ئازاد نەبێت و هەمیشە هێزێک لە دەرەوەی خۆی بیجوڵێنێ، ئازادی و سەربەخۆییەکەی لە چیدایە..؟! هەروەها زۆربوون ئەو قەڵەمانەی لە بەرامبەر شەڕی ناوخۆدا، دەستی تەسلیم بوونیان لێ هەڵبڕی و بوونە بەشێک لەو شەڕە و خۆشکردنی ئاگرەکەی، لەتەک ڕشانەوەی تفەنگەکان، ژەهری وشەیان هەڵڕشت.

شەڕی ناوخۆ وەک چۆن کۆلکەنووسەر و ڕۆژنامەنووسی پاشکۆی دروستکرد، ئاواش چەندین گروپ و حیزبی پاشکۆ و دامودەزگای سێبەری هێنایە ئاراوە، لە ڕێی دابینکردنی داراییەوە ئیرادە و سەربەخۆیشی لە زۆریان سەندەوە.

دووان لەسەر ئاکامە ترسناکەکانی شەڕی ناوخۆ زۆری پێدەوێ و بێ قسەکردن لە سەریشی ناتوانین بەرپێی هەنگاوەکانی ئایندە بەرۆشنی ببینین، چونکە هەروەک چۆن شەڕی ناوخۆ درێژکراوەی ململانێکان بوو، ئاواش بەیانی درێژکراوەی ئەمڕۆ دەبێت. بەڵام ئەفسوس یادەوەری ئێمە لە خوار لاوازیەوەیە، بە چەقەنەیەک و هێنانەپێشەوەی چەند گرفتێک خەڵک دووبارە و سەدبارە دەکەوێتە هەلەکەسەما..!

# ئەوە خەڵکە خاك و نیشتیمان دەپارێزێت نەك تۆپ و تانك!

دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، ڕاپەڕینێک قینی چەندین ساڵەی چەوسانەوەی کردە گورزێک لە کەمترین ماوەدا دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسی هەڵتەکاند، دەڵێین دامودەزگاکان، دەنا ئەقڵیەتی بەعس لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا و تا ئێستاش بەشێوازی جۆراوجۆر لە نێوانماندا کاری خۆی دەکات، دەکرێ ڕاشکاوانەتر بڵێین وێنەکانی شۆڤینیەت و داپڵۆسین و توندوتیژی جارێکی تر لە بەرگێکی تر بەرهەمهاتوونەتەوە..!

دوای ئەوەندە ساڵە ئەمڕۆ جارێکیتر خەڵکی کوردستان لەبەردەم ئەگەری ڕاپەڕینێکی تردان، تاوتوێکردنی ئەگەرەکانی ئەم ڕاپەڕینە و ئاڕاستەکردنی خەڵکی ئەرکێکی هەنوکەیی نییە، چونکە هەر لەدوای ڕۆژەکانی بەهاری ئازادی (١٩٩١)ەوە خەڵکی وشیار بەتایبەت ئازادیخوازی کوردستان لەوە گەیشتن کە ئەم ڕەوشە بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەری چەوساوە و ستەمکێشی کوردستان ناگوزەرێ،

ئەمڕۆش لە دەسپێکی هەر ئاڵوگۆڕێکی تر کە دەشێ ڕوووبدا. خەڵکی وشیار و تێگەیشتوو هەستیارن و درک بەڕاستییەکان دەکەن، کە دەبێت هێزی فشار زیاتر بخرێتە سەر حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان تا بگەڕێنەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵک و ئەوەندە ئیرادەیان تەسلیمی قەدەر و هێزی دەرەکی نەکەن، لە سادەترین مانادا گەڕانەوە بۆ هێز و ئیرادەی خەڵک ڕەخساندنی ڕاپرسییەکی سەرتاسەرییە کەتێیدا خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر هەر مەسەلەیەک ئازادانە بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵام لەمەشدا خۆشخەیاڵییە، چونکە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی کوردی بۆ هیچ مەسەلەیەکی چارەنووسساز نەگەڕاوەتەوە بۆ ڕا و بۆچوونی خەڵک، (تەنانەت لە پرسی دەوڵەتی کوردیشدا!) ئێستاش ڕەچاوی ئەوە لە دەسەڵات ناکرێت کە بۆچوونی خەڵک وەربگرێت بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک کە لە ناوچەکەدا ئەگەری ڕوودانی هەیە، بۆیە پێگەی هەر بڕیارێک کە ئایندەی لەسەر بنیاد دەنرێت لاواز دەبێت، چونکە تاکە ڕێگە بۆ پیادەکردنی هەر سیاسەتێک گەڕانەوەیە بۆ پشتیوانی خەڵک، ئەوە دەسەڵاتی خەڵکە خاک و نیشتیمان دەپارێزیت، نەک تۆپ و تانک، هەر دەسەڵاتێکیش لە ئیرادە و هێزی خەڵک نەگەیشت بێت، پێگەکەی هەر چۆنێک بێت لەسەر سەهۆڵ دەبێت.

# دیدی حکومەت بۆ ئایین و قسەیەك لەهەڕ ئازادیی

بەدەر لە دیـدێکی ئایـدیۆلۆژی و بە لەبەرچـاوگرتنی ئەو پێکهـاتە ئـاڵۆز و دواکەوتـووەی کـۆمەڵگەی ئـێمەی تێـدا دەگوزەرێ، دەشێ قسەیەکی جدی لەسەر ڕێزگـرتن لە بـاوەڕی ئاینی و ئازادییەکـان بەگشـتی بکەیـن و پرسـیارگەلێکی گرنـگ کەتا هەنوکە بواری ورووژاندونیان نەبووە، یان کەسی بـوێری وروژێـنەری ئەو پرسـیارانە لە ئـارادا نەبـووە، بخـرێتەڕوو. یەکێ لەو مەسەلە گرنگـانە کە پێویسـتە دیـالۆگێکی ئاشکرای لە بـارەوە بکەیـن و دەسـەڵاتیش دوورە پەرێـز نەبێـت، مەسەلەی ئازادی سیاسی و مـافی ڕادەربـڕین و ڕاگەیانـدنە تـا دەگاتە ئازادییە کەسییەکان. دیارە تاهەنوکە بەهەر پاسـاوێک بێت ئەم ئازادییانە وەک پێویست دەستەبەر نەکراون، بەڵکو هێندێ جار تا ئاستی سەرکوتکردن چەپێنـراون، ئەو پەراوێـزە ئـازادییەی لە ئـاراش دابـووە، هێنـدە مـایەی خۆشـحاڵی نەبووە، چونکە ئازادی بەو مانـایە نییە ڕێگەت لـێ نەگیـرێ قسەی خۆت بکەیت و وەک خۆت دەتەوێ هەڵسوڕێیت، بەڵکو پێویسـتە پارێزگـاری لە دەربڕینەکانـت و ژیـان و گوزەرانـت بکرێت، دەسەڵات ئەو کاتە دەتـوانێ بڵـێ دەستەبەری ئـازادیم

بۆ خەڵک کردووە کەڕێ و شوێنی پاراستنیش لە ئەستۆ بگرێ و هیچ کەس لەسەر گوتن و دەربڕین، هەڕەشەی کوشتن و تێرۆری لێ نەکرێ، ئەو کەسەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتێک تێرۆر دەکرێ، ئەوە ئەو دەسەڵاتە بەرپرسیاری یەکەمە و خەوشێکی بەرچاوی نێو فایلی کارەکانی دەبێت.

بەداخەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بارێکی ئاڵۆز و نائارام دروست بوو، نەبوونی و نەداری چەندین دیاردەی نێگەتیڤی هێنایە ئاراوە و هەڕەشەی نانبڕین و برسیکردنی خەڵک یەکێک بوو لەدیارترین ئەو کارانەی ئازادییەکانی خەڵکی پێ زەوتکراوە، بەو پێیەی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار هەریەکە و بەئەندازەیەکی جیاواز دەستیان بەسەر سەرچاوەی بژێوی خەڵک داگرتووە، لەگەڵ سەدان لایەنی شاراوەی تر کە ڕۆژ بەرۆژ ڕووە خراپەکانی دەردەکەون.

ئەمڕۆ کە ڕەوشێکی تر هاتۆتە کایەوە و شەپۆلێک لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمە گوڕمانەدەدا و ڕاپێچمان دەکات، بەچڕی بانگەشەی کرانەوە دەکرێت، هەروەها حکومەتی هەرێم هەیە و کوردستان مەترسی داگیرکردنی تائاستی نەبوون کز و لاواز بووە، چونکە ڕۆژگارێک بوونی ڕژێم وەک کارت و پاساوێک بۆ شاردنەوەی ڕووە ناشیرنەکانی پراکتیزەکردنی دەسەڵات لە کوردستان بەکاردەهات و پاساوی بێدەنگ بوونمان ئەوە بوو کە هێشتا بەعس ماوە و دەشێ لە چاوتروکانێکدا بگەڕێتەوە، وەک ئەوەی بەعسیزم لەنێو کایە و فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی ئێمەدا هیچ بوونێکی نەبووبێت.

لەم سەروبەندەدا دەبێت جارێکی تر بەدۆسییەی

ئازادییەکانی خەڵکدا بچینەوە و واز لە ئەقڵی پاوانخوازی و قۆرخکاری بهێنین، بواری ڕادەربڕین و ڕێکخراو بوون و خۆ ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک بە ئەندازەی پێویست برەخسێنرێت و ڕێگە نەدرێ هیچ تێز و لایەنێکی تر بەبیانوی پاراستنی پیرۆزیەکان یان هەر پاساوێکی تر ڕێز و ئازادی کەسانی تر بێ بەها بکات، هەر بڕیارێکی حکومەتی هەرێمیش کە لە ژێر فشاری هێزە ئیسلامییەکان دەیدا، دەبێت نەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی ئەوانی تر. پێویستە پرسی (ئازادی) لە کوردستان بەجدی بهێنرێتە ناوە و شەرمنانە مامەڵەی لە تەکدا نەکرێت، خۆ ئەگەر حکومەت گەرەکیەتی ڕێز لەباوەڕە ئایینەکان بگرێت، ئەوە دەبێت ڕێز لەو خەڵکانەش بگرێت کەدەیانەوێ بەئازادیی و دوور لەژێر چەتری هەر شوناسێکی ئایینی ژیانێک بۆخۆیان هەڵدەبژێرن، پێویستە بڕیارەکانی حکومەت بەو ئاڕاستەیە ڕێ بکات کە ئازادی سەرجەم گروپە کۆمەڵایەتییەکان فەرامۆش نەکرێت و بواری کارکردن و هەلڕەخساندونیان بۆ فەراهەم بێت، نەک هاوکاری و یارمەتی پێشکەش بە لایەنێک بکات و لایەنێکی تر کار و چالاکی لێ قەدەغە بکرێت. وەک هەردوو دەسەڵات لە بەرامبەر بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە رابردوودا کردیان و مانگانە پارەیەکی زۆریان پێ دەبەخشین و ئەوانیش لە جیاتی خزمەتکردن بەدۆزەکە نەوەیەک لە تێرۆرستیان بەرهەمهێنا، تادواتر دەستیان لە بینی حکومەت خۆی ناو چەندین کەس و ڕوناکبیریان تێرۆر کرد و تۆوی پەشێوی و ترس و نائارامیان لە کوردستاندا چاند.

# نەوەی دوای ڕاپەڕین
# نەوەیەکی بێ جورئەت و پەڕوباڵکراوە..!

ئەگەر توێژێکی بەرفراوان و بزۆز و کارای وەک گەنجان، بەدروستکەری ئایندە ناوزەد بکەین، دەکرێ بپرسین، ئایا لاوان لە کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستان تا چەند بەو ڕۆڵ و سیفەتانە هەڵساون کە هەمیشە دەدرێتە پاڵیان..؟!

ئایا لاوان بەراستی ئەو توێژەن کە داهاتووی کۆمەڵگە بنیاتدەنێن..؟ بەراست وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەمانگەیەنێتە دەرەنجامێکی دروست بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی پڕ بایەخی لاوان.

ئەمڕۆ لە کوردستان، لاوان لەنێو تۆڕێک گرفت و کێشەی هەمەچەشن دەناڵێنن و بواری پراکتیزەکردنی خواست و خەونەکانیان بەرتەسکە، لە لایێ دابونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگە کە لە ئایین و دابونەریتەوە سەرچاوەی گرتووە و سەرلەبەری لەسەر سەرکوتکردن و چەپاندن هەڵچنراوە، هەموو شتەکانی بەسەر دوو تەوەر (حەڵاڵ و حەرام) دابەشکردووە و بونیادی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ خۆیدا واراهێناوە، لە لایەکی تر هەموو ئەو دامەزراوانەی کەهەن بەدامەزراوە حیزبییەکانیشەوە، ئەوەندە ڕێگە خۆشکەر نەبوونە لە بەردەم گەشە و توانا شاراوەکانی گەنجان، لەم نێوەشدا نەوەی دوای ڕاپەڕین، نەوەیەکی ترسنۆک و بێ

جـورئەتی لـێ بەرهەمهـاتووە، نەوەیەک کە فەرهەنگـی خـۆی خـــاڵی کــردۆتەوە لە (نـــا) و ئەرکــی تەنهـــا جێبەجــێکەر و فەرمایشـــــتە..! هەر بـــــۆیەش لە پەراوێـــــزی ئـــــاڵوگۆڕ و ڕووداوەکانـدا جـگە لە کـارەکتەرێکی لاسـایکەرەوە دەنـا هـیچ ڕۆڵێکی تر نمایش ناکات.

ئەم نەوەیە.. نەوەیەکـی پەڕوبـاڵکراوە، بەدبەخـت و بـێ ئاسۆیە، هەموو خەونەکانی لە گەیشتنە هەندەران بەرجەستە کــردووە و هەمیشــە ئیعلانــی بــێ بــاوەڕی خــۆی دەکــات و سەرقاڵی تاوتوێکردنی یادەوەریەکانیەتی.

نەوەی نەوەدەکـــان ئەگەر چـــی بـــاش لە مەترســـییەکانی ئاینـــدە گەیشـــتووە، بەڵام بـــێ دەربەســـتە و ئامرازەکـــانی دەربڕینیـان لـێ زەوتکـراوە، هەمیشـە پێـی دەگوترێت نابێت پیرۆزییەکان پێشێل بکەیت، دەسـتبردن بـۆ هەمـوو ئەو شـتانە بڤەیە.

نەوەیەک خاڵییە لە ئیـرادە و گەمە ئەقڵییەکـانی خـۆی لە نێوعـاتیفەدا غەرق کـردووە، بـۆیە هێنـدە ئاشـقی شـیعرە و ڕۆمانسیانە دەڕوانێ، ڕۆمانسیەتێک تا ئاستی دابڕان لە خۆی و لەواقیع و گەیشتن بە پۆپەی نائاگایی..

# سەفەر وەك تۆڵەسەندنەوە

سەفەر بۆ هەر تاکێک مافێکی سروشتییە و مرۆ هەمیشە خواستی پەی بردن بەنهێنیەکان و گەڕان و سوڕانی هەبووە و سروشتی کۆمەڵایەتیانەی خۆی ئەنجامداوە. بەکورتی باس لەو سەفەرە یا ئەو کۆچە ناکەین کە رەهەندێکی غەریزەیی و کۆمەڵایەتی هەیە و مافی هەموو کەسێکە، بەڵکو قسە لەسەر ئەو کۆچە نائاساییە بەلێشاوە دەکەین، کەتا ئاستی گیان بەخشین پەنای بۆ دەبرێت، کۆچێک دواجار وەک دیاردە و ستراتیژی تاکەکان خۆی دەخاتەڕوو، ئەو کۆچە نائاساییەی لاوانی کوردستان هیچ لێکدانەوەیەک هەڵناگرێت، جگە لەو بێ ئاسۆیی و مشەخۆری و پانخوازییە نەبێت کە لەسەر دەستی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان هاتۆتە ئاراوە.
خەڵک چۆن کۆچ ناکات، کاتێک دەبینێ ئەوەی خزم و ناسیاوی بەرپرسێک نەبێت نابێتە خاوەنی بچووکترین ئیمتیازات، حیزبەکان لە رێی هەندێ لە بەرپرسەکانیان هەریەکە و سەرقاڵی جۆرە بازرگانیەکن و بەناوی بواردان بەبازرگانی ئازاد تەواوی جموجۆڵی بازاڕیان بۆخۆیان قۆرخکردووە: (هەر بەرپرسە و دەستی لە خەزێنەی حکومەت دایە، هەر بابایە و خەریکی دروستکردنی باڵەخانە و کۆمپانیا و ڤێلایە). ئەمڕۆ ئەوەی حیزب لە پشتییەوە بێت و بەرگری لێ بکات، دەژیت، باشیش دەژیت. ئاخر دەبێت سیحری ئەوە چی بێت کارمەندی یەکێ لە دەزگاکانی حیزب، بێ ساردی و گەرمی وەرزەکان مانگانەکەی چەندین جار زیاتربێت لەو عەرەبانچییەی کە رۆژ تا ئێوارە بە هەموو توانای کاردەکات،

کەچی خەرجی مانگانەی خێزانەکەی بۆ دابین ناکرێت..!
بەڵێ حیزبەکان بوونەتە سەرچاوەی بژێوی و ژیانی دەستەبژێر (نوخبە)یەک لە خەڵکی، نوخبەیەکی بێ ڕۆڵ و بێ ئیرادە و ماستاوچی، چونکە دەسەڵاتی کوردی لە ڕێی نان دابینکردنەوە، هەرچی ئیرادە و ئازادی هەیە دەیسەنێتەوە، هەر لەم ڕێگەیەشەوە هەوڵی ملکەچ کردن و دەستەمۆکردنی ئەو قەڵەمانەی داوە، کە جۆرێک لە سەرکێشی و نەفەسی ئازادیخوازانەیان تێدا بووە، دیارە لەم نێوەدا ڕۆشنبیر و کەسانێکی زۆریش دەستی تەسلیم بوونیان لێ هەڵبڕیوە و ئازادیی و ئیرادەیان بەنان و خۆشگوزەرانی گۆڕیوەتەوە.
بەشێکی تریش لە قەڵەمەکان تونێلە تاریکەکانی مەرگیان هەڵبژارد و ملکەچ نەبوون، جا یان بوونە خۆراکی دەریاو لە ڕێی کۆچدا گەددەی ماسییەکانی دەریایان گەرمکردەوە، یان کە گەیشتنە کە ناریکی ئارام هەزار نەفرەت بۆ وڵاتێک دەنێرنەوە کە ژیان، ڕیایی و ملکەچی تێیدا بالا دەستبێت. ئێمە دەزانین مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەرگەی ئەو هەموو فشارە ناگرێت کە دەخرێتە سەری، بەڵام دواجار مرۆڤ بە هەڵوێستەکانی دەناسرێتەوە، هەڵوێست و جوانبینی شوناسی ناسینەوەن نەک بۆ ڕۆشنبیران بەڵکو بۆ هەموو تاکێک..!
بۆیە ئەگەر سەفەر بە مافێکی سروشتی هەر تاکێک بزانین، ئەوە سەفەری لاوانی کوردستان بە جۆرێک لە تۆڵەسەندنەوە دەبینرێت لە هەمبەر دەسەڵاتی کوردی.

# تکایە ئەو دەهۆڵکوتانە ڕاگرن..!!

زۆر بـڕوام بەو گـۆتەیە هەیە کە دەڵـێ: (لە کۆمەڵگەیەکـدا ئەگەر تەنها یەک کەسیش مافی پێشێل بکرێت مانـای وایە ئەو کۆمەڵگەیە تەندروست نییە..!).

بەپێی ئەم بیرکردنەوەیە، کـۆمەڵگەی کـوردی، کـۆمەڵگەی پێشێلکردنی مافەکانە..! چونکە لەهەر یاد و بـۆنە و دیـاردە و دەرکەوتێکـی کۆمەڵایەتیـدا بەشـێکی زۆری خەڵکـی بـێ مـاف دەکـرێن، ڕەنـگە بەرچـاوترین نمـوونەش لە مـانگی ڕەمەزانـدا بێـت، کە لێـرەدا نـاچینە نـاو وردەکارییەکـانی ئەم بـۆنەیە، چـونکە دواجـار قسـەکردن لەسـەر ئەم مـانگە دابـڕاو نیـیە لە قسەکردن لەسەر خودی ئـایین، کە دیـارە لەدوو تـوێی کـورتە نووسینێکی ئاوادا مەیسەر نابێت.

لە هەمــوو مــانگی ڕەمەزانێکــدا بە بڕیارێــک ســەرجەم

چێشتخانە و چایخانە و شوێنە گشتییەکانی خواردن و خواردنەوە دادەخرێن (جگە لە چەند شوێنێکی ڕێپێدراو)، بەمەش سەرجەم ئەو کرێکارانەی بژێوی ژیانی خێزانەکانیان ئەو شوێنانەیە، بەهۆی داخستنیانەوە بێکار دەمێننەوە، لە لایەکی تر فشارێکی دەروونی بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات، کە بەرۆژوونین و ژەمی خواردونیان دەست ناکەوێ و دەبێت چەندین کیلۆمەتر ببڕن تادەگەنە شوێنی نانخواردن.

بەهەر لۆژیکێکیش لێکی بدەینەوە ئەو چەند خواردنگەیە بەشی ئەو هەموو کەسە ناکات کە بەرۆژوونین، کە بەشێکی زۆری ئەو خەڵکانە کاسبکاری ناو بازاڕ و مێوان و خەڵکی شوێنەکانی ترن.

بەرچاوترین پێشێلکاری مافی خەڵکیش لە مانگی ڕەمەزاندا ئەو دەهۆڵکوتانەی بەیانیانە، کە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ بنەمایەک ڕاستەوخۆ هەموو خەڵکی بەباوەڕ و بێباوەڕ، منداڵ و نەخۆش و پیر و لاو هەراسان دەکرێن، بە جۆرێک ڕۆژانە گلەیی و نارەزایی خەڵکی سەبارەت بەو دیاردەیە دەبیسترێن.

دەهۆڵکوتانی بەیانیان جگە لە ئازاردانی خەڵک و زڕاندنی خەوی منداڵان چیتر نییە. سەیرە لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا لەوپەڕی پێشکەوتندایە و دەتوانرێ چەندین هۆکاری ئاگادارکردنەوەی کاتی بانگدان بەکاربهێنرێت کەچی دێن بەو دەهۆڵکوتانە خەڵکی بەخەبەر دێنن، وەک ئەوەی لە چاخی بەردیندا بژین، خۆ کاتژمێری زەنگدار ئێستا لە بازاڕدا زۆر هەرزانە و هەتا هەژارترین خەڵکیش دەتوانێ بیکڕێت.

من لێرەدا لەگەڵ ئەوەی ئەوپەڕی باوەڕم بە ئـازادیی هەیە و پێموایە دەکرێت لە چوارچێوەی باوەڕمان بە ئازادیی خەڵکی بـاوەڕدار مومـارەسـەی بـاوەڕی خۆیـان بـکەن، بەڵام تـا ئەو شـوێنەی نەبێـتە هـۆی کوشـتنی ئـازادی کەسـانی تـر، ئـاخۆ ڕۆژووگرتن کە پەیوەستە بەبەشێکی خەڵکیەوە، مافی کەسانی دیـکە پێشـێل نـاکـات.. ئـایـا عیلمـانیەتی دەسـەڵاتی کـوردی لە کوێدا بەرجەستە دەبێت؟ ناکرێت لەو مانگەدا شێوازێک پەیڕەو بکرێت ماف و ئازادییەکانی خەڵکی پێشێل نەکرێت، خـۆ ئەگەر ئەم مەسـەلەیە بەهەنـد وەربگیـرێ ڕێگـای شـیاو و گـونجـاو زۆرن.

بەداخەوە لەم نـاوچەیەی ئـێمە، هـیچ حیسـابێکی ورد بـۆ ئەو مەســـەلانە نەکـــراوە و هەمیشـــە نەریـــتە کـــۆن و دواکەوتووەکـان نەخشـەی ژیـان دادەڕێـژن و دەسـەڵاتیش لە جیـاتی پـلان و بەرنـامەی هەبێـت، خـودی خـۆی فـاکتەرە بـۆ زینـــدووکردنەوەی ئەو دابە داڕزاو و کۆنـــانە.. کە دواجـــار بەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە و کۆمەڵ لە بـارێکی وەسـتاو و گەشەنەکردوو دەهێڵێتەوە.

# دیکتاتۆر هەر دیکتاتۆرە..!

+مـن دەوڵەتێکـی دیکتـاتۆری کـوردیم پـێ باشـترە لە دەوڵەتێکی دیموکراسی عێراقی.

-مـن دەوڵەتێکـی دیموکراسـی عێـراقیم پـێ باشـترە لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری کوردی.

ئەمە دیـالۆگی نێـوان دوو کەسـی نێـو کـایەی ڕۆشـنبیری کوردییە، دوو ڕۆشنبیر کە هەریەکە و بەدوو ئاڕاستەی جیاواز دەڕوانـنە ئاینـدەی خەڵکـی کوردسـتان، دوو ئاڕاسـتەی تەواو ناکۆک و دژ.

یەکەم لە روانگەیەکـی بەرتەسـکی نەتەوەیـی کە پێیـوایە دەوڵەتێکـی دیکتـاتۆری مـادەم کـورد خـۆی بەڕێـوەی دەبـات باشـترە لەو دەوڵەتە دیموکراسـییەی کە عەرەبێکـی عێراقـی تێیدا دەسەڵاتدارە.

لە پشـت ئەم بیرکـردنەوەیە، مەترسـییەکی گەورە خـۆی مەڵاسـداوە، مەترسـی دووبـارە بەرهەمهێنـانەوەی فاشـیزم، ئاخر چی لەوە خەتەرترە دەسەڵاتێکی تاکڕەوت پێ ڕەوا بێت، تەنها لە بەرئەوەی هاوزمانی خۆتە..!

دیکتاتۆر هەر دیکتاتۆرە، جۆری ڕەنگ و زمان و جلوبەرگی هەر چۆنێ بێت، عەرەب بێت، فارس بێت، یان کلاشی هەورامی لەپێ بێ و موورادخانی لەبەر بێت، چونکە گرفتەکە سیستەمە نەک شوناسی نەتەوەیی بەڕێوەبەرانی سیستەمەکە، کەلە هەمان کاتدا هەردوولا جارێکی تر یەکتر بەرهەمدەهێننەوە.

دیکتاتۆریەتی سەدام حسێن، ئەگەر تا لوتکە خەڵکی کوردستانی داپڵۆسی و گەورەترین کارەساتی بەسەر داهێنا، بەڵام خەڵکی ناوەڕاست و خواروی عێراقیش بەدەرنەبوون لەو توندوتیژیەی کە بەرامبەریان پیادەکراوە و دەکرێت.

بەراستی ئەم بیرکردنەوانە کاتیان بەسەرچووە، ڕۆژگاری ئەوە بەسەرچوو کە بەسۆزەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکان بکرێت، خەڵکیش زوڵم و زۆری چەندین ساڵەی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسیان بیرنەچۆتەوە، تاکو لە بەرامبەر تاکڕەوی و کارەساتی زیاتری هەر دەسەڵاتێکی تر بەکوردیشەوە بێدەنگ بن..!

# ئازادی و سەروەرییەکانی خەڵك و کەمتەرخەمی دەسەڵات

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی شەڕ و ململانێی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، دەرفەتێکی باش ڕەخسا بۆ دەستکێشانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ناوچەکە تا بەهەر ڕێگە و شێوازێکەوە بێت دەست بکێشنە ناوخۆی کوردستان و دەزگا موخابەراتیەکانی خۆیان تێدا دروست بکەن، بەجۆرێک میت و ئیتلاعات ڕاشکاوانە بە بەرچاوی خەڵک خەریکی کاری خۆیان بوون و لێرە و لەوێ ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتەکانیان تێرۆر دەکرد. تورکیا ڕاستەوخۆ جارێ بەناوی (PMF)ەوە جارێکی تر لەرێگەی حیزبە تورکمانە دەستکردەکانەوە دەستی لە کاروباری کوردستان وەرداوە و سەروەری خەڵکەکەی پێشێل

کـردوه، یــان بەهـۆی نــان دابینکـردنەوە خەڵکێکـی زۆریــان بەتورکمان ناونووس کرد، تاگەیشتنە ئەوەی بەئاشکرا بڵـێن چوار ملیۆن تورکمان لە کوردستاندا هەیە!!

هەروەهـا کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، بەچەنـدین شـێواز لە مـاوەی ئەم چەنـد سـاڵەدا دەسـتیان لە کاروبـاری کوردسـتان وەرداوە، بـۆ ئەم مەبەسـتەش گـروپە ئیسـلامیەکان باشـترین ئامرازبوون، کە پەشێوی و نائارامییـان نـاوەتەوە و بـوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئازادییەکان.

دیـارە ئەم دەسـت تێـوەردانەی دەوڵەتـانی دەوروبەر، هەر لە خـــۆوە نەبــــووە، بەڵکـــو هەردوو دەســـەڵاتدار ڕێـــگە خۆشکەربوونە بۆ ئەوەی لە ململانێکانیاندا یەکتری پێ ملـکەچ بـکەن، ئەمەش وەک دەرەنجـامێکی شـەڕی نـاوخۆ کە گەلـێ بۆشایی دروستکرد و جەستەی کۆمەڵگەی کوردی توشی قەیران و شــپرزەیی کــرد. کە دیارترینیــان کارەســاتی ٣١ ئـــاب و ڕاکێشانی دەستی بەعس بوو بۆ کوردستان.

ئەمـڕۆش کە ڕەوشـەکە گـۆڕاوە پێویسـتە هەردوو حیـزب چیتـر مــاوە نەدەن ئەو دەزگـا موخابەراتیــانە بە ئــارەزووی خۆیــان و لەژێـر هەر نــاوێکەوە بێـت لە کوردسـتان تەراتـێن بکەن.

# بەزم و ڕەزم و هەرایە
# سەرۆك كۆمار زاوایە

(بەبۆنەی شوکردنی سەربەهەوێی (نەسرین بەرواری) وەزیری شارەوانی پێشووی عیراق بە (غازی یاوەر)ی سەرۆک کۆماری پێشووی عیراق، نووسراوە.)

سەرۆکی ئازیز.. دەمەوێت لە ڕێگەی ئەم چەند دێڕەوە وەک هەر هاووڵاتیەکی عێراقی! هەست و خۆشی خۆم دەرببڕم بەبۆنەی چوونە قەفەزی زێڕینتەوە، دەمەوێت پێت بڵێم لە ناخی دڵەوە هەست بەشادییەکی گەورە دەکەم کە تۆی ڕابەر و باوک و سەرۆک بووی بە زاوامان، بەراستی بۆ ئێمەی چەندین ساڵ ژێردەستە و چەوساوە شەرەفێکی گەورەیە تۆی مەزن زاوامان بیت! ئاخر تۆ لە مەودوا هەر تەنها سەرۆکمان نیت، هەموو کەسمانی.. هەناومانی.. یاوەرمانی. بۆیە ئومێد دەکەم زاوایەکی تەقلیدی نەبیت و لە قسەی کۆڵان و دەرودراوسێ نەسڵەمییەوە، یان تاپێت نەڵێن (زاوا ڕێوی) سەردانمان نەکەیت، کوردستان لە مەودوا شیمالی حەبیبی خۆتە. ئیدی تەواو عاجز دەبین، غەمبار دەبین، دڵتەنگ دەبین و پێمان ناخۆش دەبێت ئەگەر هەموو جومعە و پێنجشەمانێ خۆنەکەی بەماڵمان، دڵنیابە ئێمە هێندە شۆڤێنی نین تاپێت بڵێین چییە ئەو عەگال و دشداشەیە دە جارێ بەچاکەت و بۆینباغی مۆدێرنەوە یان بەرانکوچۆخەی مورادخانییەوە وەرە.

ســــەرۆکی ئـــازیز.. دڵگـــران مەبە ئەگەر لێـــرە و لەوێ کەســـانێک هەبـــن بڵـــێن (قـــوڕ بەســـەر ئەو وڵاتەی ســـەرۆک کۆمارەکەی سێ ژنی هەبێت) خۆ ژن ژنی نەخـواردووە و تـۆش لەشـــەرع لات نەداوە، لە یاســـا و دەســـتوری وڵاتـــیش هـــیچ فەقەرە و بەندێکی تێدانییە بڵێ نابێت سەرۆک کۆمار لە ژنێـک زیـــاتری هەبێـــت، ئەوانەی وابیـــر دەکەنەوە ســـەرەدەری لە سیاسەت دەرناکەن، نازانن تۆ بەچ ئاقارێک بیـر دەکەیـتەوە، چـــۆن گەرەکـــتە یەکپـــارچەیی وڵات بپـــارێزی و (توافـــق) بهێنیەدی..!!

ببـوورن بەڕێـزان، دەبێـت پیرۆزبـایش لەو خـانمە کـوردە نازدارە بکەیـن، بەشـێکی ئەو فەزڵ و گەورەیـی و هـیمەتە هـی ئەوە. (بەراستی ئیختیارێکی سیاسـیانە و سـەلیمە، تـازەترین چەکـی خەبـاتە، شـوکردنی نەجـاتە). بوکەخـانی ئـازیز، گوێمەدەرە ئەوانەی بـالۆرەی یەکسانی ژن و پیـاو لـێ دەدەن، لێیـان مەگـرە، ئەوانە بـێ سـەلیقە و دیقەتـن، تێنەگەیشـتو و سەقەتن. بۆ ئەم میللەتە داماوەی "کەباری سەرشانی هەمـووی خەمە، ئاسۆی ئایندەی پڕ تەمە، هەرچـی بـۆ بکرێت هێشـتا کەمە".

هەنـوکە تـۆ هاوسـەری سـەرۆکی وڵاتـی، ژنێکـی خـاوەن خەباتی، سەربەخۆیشمان بـۆ دێنـی، نەک تەنـها فیـدراڵیەکی کاتی!

هەزار شـکور بـۆ خۆمـان، بـۆ خەبـات و بەری ڕەنجمـان، بەفیڕۆ نەچوو تێکۆشان، وا ئافرەت گەیشتە سەروومان..!

# ئینتیهازیەت..!

ئینتیهـازیەت بەواتـا ئەوەی بـۆ هەلێـک دەگەڕێ مەرامە خوودیەکـانی خـۆی بەجـێ بگەیەنـێ، ئەم ڤایرۆسـە چـووە جەستەی هەر کەسێکەوە شەلاڵی خۆپەرستی و چەند ڕوویی و دەیەها نەخۆشـی کوشـندەی دەکـات.. ڤایرۆسـی ئینتیهـازی لە تاکەوە دەگوازرێتەوە ناو تاقم و گروپ، جار هەیە بەخشکەیی دەگوازرێتەوە نـاو ئۆرگانەکـانی حیـزب و سـەراپای پێکهـاتەی حیـزب بارگـاوی دەکـات، بەمە حیزبـی ئینتیهـازی بەوجـوود دێت، کە قەوارەی حیـزبیش بەئینتیهـازیەت تەنـرا، کارەسـات بـۆ کـۆمەڵگە دەخولقێـت، چـونکە دواجـار پەرلەمـان و حکـومەتیش دەگـرێتەوە کە دەرهاویشـتەی حیـزبن. بەکـورتی حیزب دەبێتـە کارگەیەک و مووچەی سـەرجەم ئەنـدامانی بـێ ئارەق ڕشتن دابین دەکات، ئەوسا دەبێت ئێمە هـاوار بکەیـن و بچینە ئاسمان و بێینەوە، بە خەڵـک بڵێـین بـڕوا بە قسـەکانی حیزب مەکەن، دروشمەکانیان، بەرنامە و گۆتە و ڕەفتاریـان، دژی بەرژەوەندییەکانی ئێوەیە، دەبێت بمـرین، تـا لە خەڵکـی بگەیەنین ئەوەی دەی بینن حەقیقەت نییە سیناریۆیە..

هاوڕێیەکم گێڕایەوە و گوتی: ئای ڕۆژگاریێ چیمان دەکرد، چۆن ئەو خەڵکەمان گۆش دەکرد چەکمان بۆ هەڵگریێ و باوەڕمان پیێ بکەن کە ئێمە بۆ ئاسوودەیی و ئازادیی ئەوان خەبات دەکەین، ئەی ئەمڕۆ چەند خۆم بەشەرمەزار دەزانم کە داوا لە هەمان خەڵک دەکەم، ئەوەی هەیە دوورە لە راستی و بۆ خواست و ئامانجی ئەوان نییە، ئەمڕۆ شەڕی دەوڵەمەندبوون هەموو بەهاکانی خستە ژێر پرسیارەوە..!

دەبێ بیربکەینەوە و بڕوانین و دەنگ هەڵبڕین، دواجار دەبێ بمرین تا حەقیقەت بخەینە سەر ڕاستەڕێی خۆی.. ئەگەرچی حەقیقەت ڕێژەییە و یەک ڕوو نییە، دەشێ لای (یەکێک)، حەقیقەت گەڕانەوە بێت بۆ چاخە تاریکەکان و پەچە و چارشێوە بۆ ئافرەتان و شەرعیەت دان بە چەند ژنی، لای (یەکێکی تر) جۆرێکی ترە، دەشێ ناوزەدی بکەین بەجوانکردنی ژیان، بنبڕکردنی چەوسانەوە، ئازادیی و بەرابەری بۆ هەمووان.

دەبێت بمرین، وەک چۆن ئەو مرۆڤانەی مردن تا حەقیقەت بخەنە سەر تەخت، تا ئینسان بالا بێت، دەبێت سەد جار بمرین و بژێینەوە، تا مەردوم بە ژیان ڕابێنین و پشت لە مردن بکەن، دەبێت و دەبێت سەد جار بمرین تا خۆشەویستی بۆ ژیان و ئینسان ببێتە پرەنسیپی بوونمان..!

دواجار دەبێت بمرین تا نەهێڵین ڤایرۆسی ئینتیهازیەت، خۆپەرستی و خۆویستی گەمارۆمان بدات..!

## میزاجیەت..!

میــزاجیەت نەخۆشــیەکی دەروونیــیە، کەســی میزاجــی نە دۆســـتایەتی و نە دوژمنـــایەتی هەتـــا ســـەرە، بۆچـــوون و هەڵوێســتەکانی بەهەنــد وەرناگیرێــت، چــونکە دەشــێ لــەیەک کاتــدا دوو هەڵوێســت دوو بۆچــوونی جیــاواز و دژ بەیەکــی هەبێــت. کــاریگەری میــزاجیەت لەســەر دەوروبەر و خەڵــک لە کەسێکەوە بۆ کەسێک دەگۆڕێت. دوکانــدارێکی میزاجــی هەر بە تەنها دەبێتە مایەی وەڕسکردنی دراوسێکانی و بەرێـژەیەکیش موشتەریەکانی و خانەوادەکەی.

وەزیرێکی میزاجی کار لە سەرجەم ئیشوکار و بڕیارەکــانی وەزارەتەکەی دەکــات. بەڵام ڕۆژنامەنووســێکی میزاجــی، یــان نووســەرێکی میزاجــی، جێــی مەترســیەکی گەورەیە، چــونکە دەشــێ ئەمــڕۆ میزاجــی بــاش بــێ و بــاش بیربکــاتەوە، بــاش بنووســێ و بــاش هــاوڕێیەتی بکــات، بەڵام بەیــانی کە بــێ

میزاجی بەرۆکی گرت، هەموو ئەو شتانە پێچەوانەوە ببنەوە، گرفتەکەش لەوەدایە ئەو ڕۆژنامەنووسە بڕیار بەدەستی ناو ڕۆژنامەیەک بێت و بەپێی میزاجی شەخسی خۆی مامەڵە لەگەڵ بابەتی نووسەراندا بکات، ئەگەر نووسەرێکی خۆش نەویست نەک هەوڵبدا بابەتی بۆ بڵاونەکاتەوە، بەڵکو دژایەتیشی بکات..!

لە هەمووی کارەسات تر و خەمهێن تر و قوڕبەسەرکردنی خەڵک ئەوەیە، سەرۆکوەزیر و پەرلەمانتار و کاربەدەستی وڵاتێک میزاجی بێ و بەکەیف و میزاجی خۆی بڕیار داڕێژێ و وڵات بەڕێوەببات، هەر بەکەیف و میزاجی خۆشی بێرەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵک، هاوپەیمانی و دۆستایەتی ئەم بکاو دژایەتی ئەو بکات.

کەسی میزاجی هەر کێ بێت، بێزارکەر و ئیزعاجە، دۆستایەتیەکەیان بۆ کەسێک تا ئاستی پەرۆشی و قوربانیدانە، ڕق و تورەیشیان تا ئاستی مل پەڕاندنە، بۆیە نە لەهاوڕێیەتیدا و نە لە دوژمنایەتیدا جێگەی متمانە نین، چونکە دەشێ لە ماوەیەکی کورتدا جێگۆڕکێ بەو هەڵوێستانەیان بکەن.

# لە بەردەم قاپیەکانی نائومێدی زانکۆدا

هەمـــوو ســـاڵێ لە وەرزی دەســـتپێکردنی خوێندنـــدا، ناوەنـدەکانی خوێنـدن و وەرگرتنـی قوتابیـان لە زانکۆکـانی کوردسـتان لە جموجـۆڵێکی پـڕ گرفـت دەگـوزەرێن، لە لایـێ پەیڕەوکردنی سیسـتەمی وەرگرتنـی (قبـول المركـزی) لەسـەرو حەز و ویستی خوێندکارەوەیە و ئیرادە و بەهرەمەندی قوتابی لە کلێشە مردووەکانی (ڕێژەی نمرەدا) قەتیس دەکات و ئومێد و خەونـی هەڵچنـراوی دوانـزە سـاڵەی خوێنـدن دەکـاتە قەرەبـروت، کەلە ئەنجامـدا جـگە لە بەرهەمهێنـانی تـاکێکی ناکامـڵ و نەخەمڵیـو هیچـی تـر نـاچنینەوە و زانکـۆش ئەو شوناسـەی خـۆی ون دەکـات و لە ناوەنـدێکی پـڕ لە ململانێـی مەعریفی دەبێـتە ناوەنـدی بەیەک گەیشـتنی کچـان و کوڕان و دەسـتاو دەسـتکردنی بورجەکـان و ئـاڵوێرکردنی بلوتـوس و فێیسبوک..!

له تەک سیستەمی قبول مەرکەزیدا، شێوازێکی تری وەرگرتنی قوتابی لە زانکۆ هەیە، ئەویش لیستی حیزبە لە رێی سەندیکا و رێکخراوەکان، ئەو رێژەیەی کە دیاری دەکرێت بۆ هەر کۆلێژێک، ئەم شێوازە لە دەرەوەی هەموو پرەنسیپێکی وەرگرتنەوەیە و نەحساب بۆ رێژەی نمرە دەکرێت، نە تەمەن و... هتد، مەرجی سەرەکی ئەوەیە کادری حیزب بیت، یاخود دروست تر بڵێین لەناو حیزبدا دەستڕۆیشتوبیت، ماستاو بزانی و پیاوە دەستڕۆیشتووەکانی سەرەوە پشتگیریت لێ بکەن.

لێرەوەیە قسەکردن لەسەر بە حیزبی بوونی زانکۆ دەست پێدەکات و سەرجەم کایە و پێکهاتەکانی ئەم دامەزراوە گرنگە بە تێزی حیزب بارگاوی دەبێت.

لەم ڕووەشەوە ڕێکخراوە خوێندتابیەکان دەوری باڵا دەگێڕن کە سەرجەمیان حیزب وەک ئۆرگانێکی خۆی ئاڕاستەیان دەکات، هەندێجار کادرێکی قوتابیان لە توانایدا هەیە ئاشبەتاڵ بە خوێندن بکات..!

لە دەرەنجامی ئەو بارەی ئاماژەمان پێدا، زانکۆکانی ئێمە لە تەنگژەیەکی قوڵدا دەناڵێنن و لە بەردەم ئاستەنگی گەورەدان، ئەم ڕەخنانەی کە بەردەوامیش زانکۆ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە نابێت گرنگترین دامەزراوەی مەعریفی لە ئاست ڕۆڵ و شوناسی خۆیدا نەبێت!

# ئەگەر ترسای هەنووسە
# ئەگەر نووسیشت هەترسە

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردستان کەتازە هەنگاوە بەراییەکانی لە بواری ژیاری و ئاشنابوون بە هەندێ چەمک و زاراوەی وەک مەدەنیەت و عیلمانی بوون... هتد بەرێ خستووە، لە هەموو کات زیاتر زەرورەتی قسەکردن و دووان لەسەر ئازادیی و ئازادیی ڕادەربڕین دێتە پێشەوە.

نەبوونی ئازادیی یەکێک بووە لە کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤ، هەمیشە لەو پێناوەشدا لە ململانێ و قوربانیدانی بەردەوامدا بووە بۆ وەدەستهێنانی ئازادییەکانی، دیارە بەپێی قۆناغ و پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیانە شێواز و ڕێژەیەک لە ئازادیی فەراهەم بووە، بێگومان بە خەبات و قوربانی زۆر، کە دەکرێت بڵێین پایەکانی ئازادیی لە سەرچاوەی خوێنەوە هەڵچنراوە.

لە کاتێکدا کە هێشتا لە کوردستان پێگەکانی دەسەڵات باش نەچەسپیوە و جێکەوتە نەبووە، چۆن خەمی بەرقەرارکردنی ئایندەی ئازادیی کۆمەڵگە بخۆین...؟

پێویستە ئەوە بزانین کە ئازادیی چەند بۆ گەشەو پەرەسەندنە ژێرخانی و سەرخانییەکانی کۆمەڵگە گرنگ و بایەخدارە، پاراستن و پارێزگاری کردن لێی هێندەی تر.

هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر واتێبگەین، ئازادیی تەنها قسەی سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانە، بەڵکو دەبێت ئازادیی لەنێو پێکهاتە و کایەو شانەکانی کۆمەڵگەدا بنەمایەکی

ئەخلاقی دروست بکات و ئاویتەی هەڵسوکەوت و داب و ڕەوشتی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بێت.

بەداخەوە لەنێو پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا تا هەنووکە مشتومڕێکی گەرم و جدی لەسەر ئەم مەسەلەیە (پیادەکردنی ئازادیی) دروست نەبووە، کە خاڵێکی خەوشی بواری ڕووناکبیرییە، ئەگەر ئەوەش بەشێکی پەیوەندی بە بارودۆخەکە و بارە کۆمەڵایەتییەکەوە هەبێت، ئەوە بەشەکەی تری ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەقەڵەمەکان خۆیانەوە هەیە...!

ئەمرۆ ڕۆڵ و ئەرکی قەڵەمە ئازادیخوازەکانە زیاتر ئەم باسە بهێننە نێو کۆڕ و دانیشتنەکانەوە و تاووتوێی لایەنە پەنهانەکانی بکەن و بەرگری لێ بکەن. دیارە خۆی لە خۆیدا قسەکردنیش لەسەر ئازادیی جۆرێکە زۆری گەرەکە، ڕووبەڕووبوونەوەیە دژ بەو هێز و کەنالانەی مەرام و مەبەستەکانیان قۆرخکردن و سنووردارکردنی ئازادییە. قسەکردن لەسەر ئازادیی قوربانیدانە تا ئاستی گیانبەخشین، ئەو نووسەر و ڕووناکبیرەش نە توانێت شان بداتە بەر ئەرکێکی ئاوا، پێمولیە نەنووسێ باشترە. ئەگەر پرۆسەی نووسین داکۆکیکردن نەبێت لە مرۆڤ و ئازادییەکانی چی دەبێت؟ هەڵگری ناونیشانی نووسەری و ڕووناکبیری بۆ کەسێ چی دەگەیەنێت ئەگەر بێدەنگ بێت لە ئاست پێشێلکارییەکانی مرۆڤ و ڕەشکردنی چارەنووسی.. کەواتە با لەگەڵ وتەکەی (فەرەج فۆدە)ی نووسەر و ڕووناکبیری میسریدا بڵێین، (ئەگەر ترسای مەنووسە و ئەگەر نووسیشت مەترسە..!!).

# کام گوتاری چەپ..؟!

جێکەوتەکردنی هەربیر و تێزێک لە نێو هێڵەستوونی و ئاسۆییەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا، کارێکە لە رادەبەدەر سەخت و دژوارە، ئەوە ئەگەر گەرەک بێت ئەو گوتارانە بەشێوەیەکی پێگە پتەو و خزمەتبەخش ئاڕاستە بکرێن.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندەی هەوڵی بەرهەمهێنانی گوتاری سەقەت و ئیفلیج و نارۆشن دراوە، ئەوەندە گوتارێکی ئینسانیخواز و گۆڕانئامێز بەرهەم نەهاتووە. هەربۆیەش سەرجەم ئەو گوتارانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نە بەسەر بارە سیاسییەکە بەگشتی و نەبەسەر ئەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەی کە هەمیشە لەناو هەناوی

کۆمەڵگەدا لە ئارادایە نییە.. بەڵکە زۆر جار جوڵانەوەکەی لە بەرنـــامەڕێژی و بەگوڕخســـتنی بـــۆ نزیـــک بـــوونەوە لە پەیامەکانی دوورخستۆتەوە.

پەرتەوازەیـــی و هەمەجـــۆری گوتارەکـــانیش هێنـــدەی تـــر بـــارەکەی قـــوڵتر کـــردۆتەوە، بەداخەوە ئەوەنـــدەی کـــار بـــۆ زەقکـــردنەوەی جیاوازییەکـــان کـــراوە، ئەوەنـــدە هەوڵـــی دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان نەدراوە.

گوتـاری (چەپ) بە سـەرجەم ئاڕاسـتە فیکرییەکـانی تەواوی ئەم قسانەی سەرەوەمانی بەسەردا دەسـەپێ..! گەرچـی نکـۆڵی لەوەنیـیە جیـاوازی زۆر لەسـەر تـاریفەکردنی چەمکـی چەپ و چەپایەتیـدا هەیە، بەڵام جیاوازییەکـان ئەوەنـدەی لە فۆڕمـدا خۆیان بەرجەستەکردووە، ئەوەندە ڕۆچوون لەتیۆردا نەبووە. هەر بۆیەش هاوکاری و لێک نزیکی لە نێوان ئەو ڕێکخـراوانە لەوپەڕی لاوازیدایە، دیارە بـاجی ئەمەش تەنهـا و تەنهـا هەر جـــووڵانەوەی چەپ بەگشـــتی خـــۆی دەیـــدا و هەر وەکـــو بەردەوامیش داویەتی..!

# پرۆسەی پەروەردە و چەند سەرنجێك

پەروەردە و فێرکردن، بە پرۆسەیەکی گرنگ دادەنرێت، بۆ بەرهەمهێنانی هۆشیاری و گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگە، بۆیە پێویستە زۆر بە وورياييەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەزگایە بکرێت، چونکە یەکەمین وێستگەیە کە منداڵ لێیەوە تێکەڵ بە کۆمەڵ دەبێت و بنەماکانی کەسایەتی خۆی دادەڕێژێ. پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایی، پڕیەتی لە کەموکوڕی و خورافیات و بیری پیاوسالاری بە تەواوی بەسەریدا زاڵە، کە لەگەڵ زەمەن و دونیای ئێستا نایەتەوە. ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری منداڵی ئێستا لەچاو (سی) ساڵ لەمەوبەر زۆر جیاوازە، بۆیە دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندنیش گۆڕانی بەسەردا بێت، وەک ئاشکراشە منداڵ بوونەوەرێکی پاک و بێگەردە، کە لەدایک دەبێت هیچ ڕێباز و باوەڕێکی دیاریکراوی نییە، دواجار گەورەکان ئاشنایان دەکەن یان ڕاست تر ئەوان بیروباوەڕ و مەزهەب و عەقیدەی خۆیانیان بەسەردا دەسەپێنن. لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن بە گشتی ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەخەمەڕوو:

١-خوێندنی وانەی ئایینی بۆ منداڵێک کە هێشتا زمانی دایک بەتەواوی فێر نەبووە. کارێکە لە ڕادەبەدەر نازانستییە و لەگەڵ تێگەیشتنی منداڵ نایەتەوە. چجای ئەم ئایەتە عەرەبیانە بەو هەموو تەکنیکە قورسانە ئەزبەر بکات. ئەمە لەکاتێکدا منداڵ سەرەتا فێری ئەلف و بای عەرەبی دەکرێت. لە لایەکی تر ئەم کارە بەخودی یاسا شەرعیەکانی ئایینی

ئیسلامیش جیاوازه، که ئاماژه بەوە دراوە منداڵ لە تەمەنی بچووکیدا ئەرکە ئایینیەکانی ناکەوێتە سەر.

٢-نکوڵی لەوەنیە، ئەو پرۆگرامانە کە هەیە، پڕیەتی لە خڵت و خەوشی فیکری و بیری نێرسالاری (پاتریارکی) بەسەر تەواوی بابەتەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەر لە دابەشبوونی پیشە و وەسیلەکانی کار و ژیان تا دەگاتە وێنەی ناو کتێبەکان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەقڵە کۆنخوازەی کە بەو شێوەیە لەمرۆڤ و ژیان دەڕوانێ. جیاوازی و نایەکسانی نێوان (نێر ومێ) لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندندا خاڵێکە کە پێویستە زۆری لەسەر بوەستین، چونکە چاندن و ڕەگ داکوتانی ئەم بیرکردنەوەیە، لەو قۆناغەدا، مەترسیدارە بۆ ئاینده.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەمڕۆ لە واقیعیشدا ئەم نایەکسانیە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەمەش هەم حکومی مێژووە و هەم هەوڵ و خەباتی زۆری بۆ کراوە.

٤-پەرەسەندنی زانست و زانیاری و داهێنانی چەندین ئامێر کە کاروچالاکیەکانی ژیان بەگوڕتر بەڕێوە دەبەن، کوردستانیش کە تازە بەو سەرەتایانە ئاشنا دەبێت، پێویستە ئەگەر بەشێوەیەکی ساکاریش بێت، لەنێو پرۆگرامەکاندا ئاماژەی پێبکرێت، بۆ ئەوەی منداڵان زانیاریان لەسەر هەبێت. بۆ نموونە کۆمپیوتەر، ئەگەر منداڵ لەم قۆناغەدا، هەر هیچ نەبێت بەو ئامێرە بناسرێت خۆی لەخۆیدا کارێکی باشە.

٥-شێوازی پەروەردەکردن و وانەوتنەوە و مامەڵەی

ماموٚستایان لەگەڵ خوێندکاران یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی کە کەموکوڕیەکی زۆری تێدا هەیە، بۆیە پێویستە زۆر بەووردی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە وتوویژ بکرێت و ڕێگە و شێوازی تازە بە پشتیوانی زانست و پەروەردەی نوێ پەیڕەو بکرێت، ئەو ترسەی کە ئێستاش لە سایکۆلۆژیای منداڵدا لەبەرامبەر ماموٚستاکەیدا هەیە بڕەوێتەوە و پەیوەندی نێوان ماموٚستا و قوتابی ئاسایی بکرێتەوە.

سەرەڕای ئەو چەند خاڵەی کە ئاماژەمان پێدا، چەندین کەموکوڕی و کەلێنی تر لەنێو ئەو پرۆگرامانەدا بەرچاو دەکەوێت، کە پێویستیان بە هەڵوەستەکردن و لە ئاست وەستان هەیە، دیارە یەکێک لەو خاڵە گرنگەش ڕەنگدانەوەی بیر و ئەقڵیەتی شۆڤێنیانەی بەعسە کە مۆتەکە ئاسا کاریگەری دەروونی لەنێو پرۆگرامەکاندا دروست کردووە، بۆیە پێویستە چاوێک بەو پرۆگرامانە بخشێنرێتەوە و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، وەک پرۆسەی پێگەیاندنی نەوەی تازە بە بایەخەوە سەیر بکرێت و دووربگیرێت لەو بیر و تێزانەی کاریگەری خراپ لەسەر ئایندەی منداڵ دروست دەکەن.

ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژانە چەندین دروشمی مەدەنی بوون و عیلمانیەت لێرەو لەوێ بانگەشەی بۆ دەکرێت، کە دیارە عیلمانیەت لە سادەترین پێناسەیدا جیایی ئایینە لە دەوڵەت، کەچی نازانم خوێندنی وانەی ئایینی لە وانەکانی سەرەتاییدا چی دەگەیەنێ..؟!!

## شۆڕش بە ساوار دەستیپێکرد و
## بە برنج کۆتایی هات..!

مرۆڤ بوونەوەرێکە هەمیشە بەدوای خۆشبەختیدا دەگەڕێت، لەم پێناوەشدا قوربانی زۆری داوە، هەندێ جار نامۆبووە بە ژیان و هەندێ جاریش لە بێهودەیدا گیرساوەتەوە.

شۆڕش وەک پرۆسەیەکی گرنگی گۆڕانکاری و شۆڕشکاران وەک بزوێنەری ناکۆکییە چینایەتییەکان و بردنە پێشەوەی ئەو گۆڕانکاریانە بەدەرنین لە هەر ئالۆگۆڕێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چونکە خودی مرۆڤ هەمیشە لەبەردەم کاریگەریی و کارتێکراو دایە..

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ناونیشانەی سەرەوە و ئەم پێشەکیەدا، دەکرێ بپرسین ئەوانەی لەزەمەنێکدا بەشاخەوە بوون و بانگەشەی بەرخودان و شۆڕشیان دەکرد، ئەمڕۆ کەواقعێکی تر هاتۆتە ئاراوە، پەیوەستن بە هەمان تێزی جارانەوە..؟!

ڕاشکاوانەتر تا چەند ئەو بنەما و پرەنسیپانەی خەڵکی بۆ هاندەدرا ئەمڕۆ پراکتیک کراون..؟!!

ئەگەر جدی تر بپرسین، ئەو دوو دەسەڵاتەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا حوکم دەکەن، تا چەند ڕاستگۆ بوون لەگەڵ دروشمەکانیان..؟! یان بەدیوێکی تر ئایا حیزبەکانی دوێنێ هەڵگری چ بەرنامە و میتۆدێکی فیکری بوون، ئایا لە شاخدا ئاماژەکانی ناتەواوی پراکتیکی سیاسی ئامادەیی نەبوو..؟!

ڕەنگە لە قۆناغی شاخدا، زۆر مەسەلە هەبوو لە ژێر کەشی بەرەنگاربوونەوەی بەعسدا ون بووبێت، بەڵام ڕاستییەکی سەلمێنراوە کە ئەمڕۆ بەرەنجامی دوێنێیە و هیچ شتێک لە ئەمڕۆدا ڕوودەدات بەدەر نییە لە ڕووداوەکانی دوێنێ.. بۆیە دەشێ ئەم ناونیشانەی سەرەوە بەتەواوی هەڵبوەشێتەوە، چونکە ئەوانەی ئەمڕۆ برنج دەخۆن ڕەنگە دوێنێش هەر برنج خۆر بووبن، هەروەها ساوارخۆرەکانی ئەمڕۆش هەمان ساوارخۆرەکانی دوێنێن!.

# پێم بڵێ چەند ئازادیی؟
# پێت دەڵێم سەرچاوەی داراییت کوێیە..!

پاشـكۆیەتی ئـابووری چ لەسـەر ئاسـتی تـاكە كەس، چ لەسـەر ئاسـتی دامەزراوەكـان جۆرێـك لە وابەسـتەیی و پاشكۆبوونی سیاسی و فیكری دێنێتە ئاراوە، بەوپێیە دەكرێت كـۆك بـین لەسـەر ئەوەی كە زۆربەی ڕێكخـراوە سیاسـی و ڕووناكبیریەكـانی كوردسـتان، جۆرێـك لە پەیوەسـتداری بـۆ لایەنـی بەرامـبەر تێـدایە، ئەو لایەنەی دارایـیەكەی دابـین دەكـات، بەڕادەیەك گەشـە و فراوانـی پـێگەی جەمـاوەری ڕێكخراوێكـی سیاسـی بە بـوونی پـارە دەبەسـتنەوە، گومـان لەوەدانییە ئەم بیركردنەوەیە لە لایەك چەقبەستووی سیاسی و گەیشـتنە بنەبەسـتی فیكـری دەگەیەنـێ، لە لایەكـی دیـش خواستی پاشـكۆیەتی ئـابووری دێنێـتە كـایەوە، هەر بـۆیەش ئەو حیزبانەی لە ڕووی جەماوەرییەوە قەوارەیـان سنوورداره، بەجیاوازی مێژووی كاركردونیان یەك كلێشەی نەگۆڕیان هەیە و گەشە و بەجەماوەربوونیان لەچوارچێوەیەك تێپەڕ ناكـات، هەمیشە لە نێوان ئەنـدامەكانی ئەم گروپـانەدا جۆرێـك لەبـێ ئیرادەیی و مشەخۆری هەیە، بەشێوەیەك ئەم جۆرە حیزبـانە وەك كـارگەیەك دێـنە بەرچـاو، بەرپرسـی یەكەمـیش وەك خاوەنی كارگەكە، بەڵام بەبـێ ئارەقڕشتن مووچەی سـەرجەم كرێكارەكانی دابین دەكات..!

## ڕاپەڕین .. کۆڕەو.. دانوستاندن

پرۆسەی نووسین و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا پێشکەوتنێکی دیاری بەخۆوە بینیوە، تێز و تێڕوانینی فیکری جیاجیاش لەسەر دیاردە و دەرکەوت و ڕووداو و کارەساتەکان هاتۆتە ئاراوە، ڕەنگە دیارترین ڕووداویش لە مێژووی نوێی ئەم ناوچەیەدا (ڕاپەڕین و کۆڕەو)بێ، کەتا هەنووکە هێندەی لە رووخساردا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بەشان و شکۆی ئەو یادانەدا هەڵدراوە، هێندە ڕۆچوون نەبووە لەو ڕووداوانە و هۆکار و بنەماکانی نەخراوەتەڕوو، بەڵکە هەر لایەنە و بەئاڕاستەی تەوزیفکردنی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆی قسەی لەسەر کردووە.

لە ڕاستیدا فاکتەرەکانی ئەو دەرفەتەی بواری ڕەخساند تا خەڵکی کوردستان ڕاپەڕن، جگە لە کەڵەکەبوونی ستەم و چەوسانەوەی چەندین ساڵەی خەڵک، لە ژێر سایەی سیاسەتی فاشیستانەی ڕژێمی بەعس، کە ئامادەیەکی تەواوی فەراهەم کرد بۆ ڕاپەڕین، دروستبوونی ئەو ڕەوشەش بوو کە لەناوچەکەدا لە ئەنجامی پەلاماردانی عێراق بۆ کوێت هاتە

ئــاراوه، لەم نێوەشــدا حیــزبە کوردیەکــان هەلێکیــان بــۆ ڕێکــکەوت، کە گومــان نەکەن لە بانگەشــەکردن دژی ڕژێــم و هاندانی خەڵـک بـۆ ڕاپەڕیـن، بەڵام ئەوە قەت ئەوە نـاگەیەنێ کەراپەڕینــی خەڵکــی کوردســتان بە بەرنــامەیەکی تــۆکمە و داڕێـژراو ئەنجامـدرا، وەک چـۆن هەنـدێ کەسـی نـاو لایەنە سیاسییەکان لە یادەکانی ڕاپەڕیندا بانگەشەی بۆ دەکەن.

دیــارترین قسەشــمان بــۆ ســەلماندنی ئەو بۆچوونەمــان، ســەرنەکەوتن و شکســت پێهێنــانی ڕاپەڕیــن بــوو، لەوەی نەیتـوانی پەیـامە زینـدووەکانی خەڵکی چەوسـاوە و ڕاپەڕیـو بەدوا مەنزڵگـا بگەیەنـێ، هەر بـۆیەش لە مـاوەیەکی کورتـدا کـۆڕەوی چەنـد ملیـۆنی خەڵکی کوردسـتانی لـێکەوتەوە، خـۆ ئەگەر لەباشــترین دیدگاشــدا تــاریفەی خەڵکــی هەڵاتــوی کوردستان (کۆچڕەو) بکەیـن، دوو بۆچوونمـان بـۆ بەرجەستە دەبێت، بۆچوونێک پەشیمانبوونەوە لە راپەڕین و بۆچوونێکی دیش درێژەپێدانی هەمـان (نـا)کـانی ڕاپەڕیـنە، بەوەی خەڵکـی کوردستان تاسەر ئێسقان دژی ستەم و زۆرداری بەعس بوون و دڵنیا بوون لەوەی ئەو ڕژێمە لەوە خـۆش نابێت کە لەمـاوەی چەنـد ڕۆژێکـدا تەخـت و تاراجیـان ژێـرەوژوور کـرد، پێمـوایە بۆچـوونی دووەمیـان زیـاتر بنەمـای واقیعـی تێـدایە، چـونکە ئەگەر کـۆڕەو لە دەرەنجـامی شکسـتی ڕاپەڕیـن هـاتە ئـاراوە، ئەوە جـارێکی تـر و لە شـێوەیەکی تـردا ڕاپەڕیـن بـوو، وەک ئامـاژەم پێـدا، ڕازی نەبـوون و نەهیکردنـی ئەو ڕژێـمە بـوو، بەڵام ئایــا بەدەرودەشــت کەوتنــی چەنــد ملیــۆنی خەڵکــی

کوردستان چی لێ شین بوو..؟! پەیامەکانی کۆڕەو هیچی بەرجەستە بوو..؟ بێگومان دەبێت هەموومان ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین ئەوەی ماناکانی کۆڕەوی بێمانا کرد و وایکرد هەر زوو دەستی پەشیمانی لێ هەڵبڕن، هاتنە ئارای دانوستاندن بوو، پەتای درمی (دانوستاندن)یش ئەو هەڵەمێژووییەی بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە، مەفهومی پیرۆزی کۆڕەوی لەکەدار کرد، گشت ئاماژە و بنەماکانی سڕیەوە و ئیرادە و ئومێدی چەوساوەکانی بەهەدەردا، ئاخر (دانوستاندن و کۆڕەو)، دوو پرۆسەی ناکۆک و ناتەبان و هەریەکە و هەوڵی سڕینەوەی ئەویدی دەدا، چونکە ئەگەر ڕاپەڕین هەموو فاکتەرە ناوەکی و دەرەکییەکانی تێدا خەملیو و لەباربوو بێت، هەرگیز دەرفەتی ئەوە نادات، بیری دانوستاندن و گفتووگۆ بە خەیاڵی هیچ حیزب و کەس و لایەنێک گوزەر بکات، چونکە هەمیشە ڕاپەڕیوان لە خەمی ئەوە دادەبن تەواوی سیما و مۆرکی سیستەمی ئەو حوکمەی دژی ڕاپەڕیون نەهێڵن و لەباری ببەن، لە جێیدا دامەزراوەیەک بنیات بنێن، کە شایستەی خواستەکانی زۆرینەی خەڵک بێت، دیارە زۆرینەی خەڵکیش لە بەشمەینەت و بێ نەوایان پێکهاتوون.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو لێکدانەوەماندا و بەئاوڕدانەوە لە چرکەساتەکانی ئەوەڵی ڕاپەڕین و تاوتوێکردنی هێما و ئاماژەکانی ئەو زەمەنە، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاپەڕین بەئاقارێک ئاڕاستەکرا، پڕاوپڕی خواست و خولیاکانی خەڵکی

ئازارکێشی کوردستانی لە ئامێز نەگرت، لە دوایشدا یەکێ لەو فــاکتەرە گرنگــانە کە ڕێــڕەوی ڕاســتەقینەی ڕاپەڕینــی لە ستراتیژی خۆی دوورخستەوە، شـەڕی نـاڕەوای نـاوخۆ بـوو، کەبـووە هـۆی نەهـامەتیەکی زۆر بـۆ خەڵکـی کوردسـتان و بە کوشتدانی هەزاران گەنج و لاو لە شەڕگە نەگریسەکاندا، ئەمە سـەرەڕای ڕێـگە خۆشـکردن بـۆ سـەرهەڵدانەوەی بیـر و تێـزە دواکەوتووەکــانی نــاو کــۆمەڵ و بــوژانەوەی کــۆنە قــین و ناکۆکییە خێڵەکیەکـان، کەلە کۆتـاییـدا کۆمەڵگەیەکی جەستە دوو لەتکــراوی لــێکەوتەوە، شــەڕی نــاوخۆ هەر زوو زەنگــی لەگۆڕنـانی ڕاپەڕینـی لێداو جـومگەی خەونەکـانی لەبەر یەک ترازانــد و هیــوا و ئومێــدی ئەو زەمەنەی کــردە قەرەبــرووت. لەدوایشــدا بێتوانــایی و کــورتبینی ئەم حیزبــانە بەئاشــکرا دەرکەوت، کە چۆن دەسەڵاتیان لە دەست قەدەری ڕووداوەکـان دایە و خــاوەنی ســتراتیژێکی ڕوون و هەناســە درێــژ نــین، هەمیشــە لە ژێــر کــاریگەری بچــووکترین ڕووداوی دەرەکــی تووشــی قەیــران دەبــن و چۆنیــان بــۆ هەڵســوڕا بێگوێــدانە بەرژەوەندییە گشتیەکانی خەڵـک ئەوهـا داژۆن و خەڵکیش لە پەراوێـزی ڕووداوەکانــدا دەنــگ و ڕەنگــی لە دەســتدا و وەک تاکێکی بێ ڕۆڵ و کاریگەر مایەوە، بـۆیە لە دەرەوەی ئەوانـدا شــەڕ دەسـتی پێـدەکرێ و خـوێن فـوارە دەکـات، کـاتێکیش لە بەرژەوەندیـدا دانەبـوو، بانگەشـە بـۆ پێکهـاتنەوە و برایەتــی دەکەن..!

## مەترسە.. گوێ بگرە و وەڵامدەوە

دیـارە هەر تیـۆر و دەقێکـی فیکـری و فەلسـەفی، لە ڕێـی جێبەجێکەرانـیەوە لای خەڵـک خـۆی دەناسـێنێ و جـێکەوتە دەبێت، بۆیە ناکرێت تەنها وەک تێکست قسە لەسـەر فیکرێـک یان تێزێکی فەلسـەفی بکەیـن، هەر بـۆیەش کاتێـک بمانەوێت قسـە لەسـەر تێکسـت و مێـژووی دەسـەڵاتی ئیسـلام بکەیـن ناکرێـت، مـاوەی حـوکمی خەلیفەکـانی ڕاشـیدین فەرامـۆش بکەیـن، چـونکە دەسـەڵاتی ئیسـلام لەو مـاوەیەدا بەتەواوی دەرکەوت و ئەوەی بۆی لوا پراکتیزەی کرد.

ئەمڕۆش ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین کەئیسلامی سیاسی تێدا دەسەڵاتی هەیە، دەبینین لەناهەموارترین دۆخی گرانی و پەراوێزبووندا دەژین وەک وڵاتێکی پڕ لە سامانی ئێران و لە شەڕ و کوشتاردا غەرق بووی وەک فەلەستین و ئەفغانستان و چەندین وڵاتی تر، کە ئەمڕۆ گەرەکیانە تەنانەت شوێنەوار و کلتوری هەزاران ساڵەی ئەو وڵاتانە بسڕنەوە.

ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە، ئەوە بکەینە تەوەری باسەکەمان، هێندەی مەبەستمانە لەوە بدوێین کە ئەمڕۆ کوردستان تازە هەنگاوە بەراییەکانی ژیانی دەست پێدەکات و پێویستمان بەوە هەیە کە لێکترگەیشتن و دیالۆگ بکەینە پرنسیپی ژیانمان، بوار نەدەین گیانی دەمارگیری و توندڕەوی پەرەبسێنێ.

جا بۆ ئەوەی ڕۆحی پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن بکەینە پرەنسیپی ژیان، پێویستە لە ئێستاوە کار بۆ فراوانکردنی مەوداکانی دیالۆگ بکەین و دوورکەوینەوە لە هەڵچوون و دەمارگیری، چونکە ئەم ڕەوشەی بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخساوە، دەرفەتێکی مێژووی گرنگە بۆ گەشەسەندنی باری کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی هۆشیاری، لە دەستدانیشی لەگۆڕنان و فەنابوونی چارەنووسی هەموومانە.

# پاکسازی و چاکسازی و
# یەك دوو پرسیاری سادە

ئەگەر گەنـدەڵی تاسـەر ئێسـقان بەنێـو دەزگـا ئیـداری و حیزبیەکان ڕۆنەچووبێت، ئەو هەموو لیـژنەیە بـۆ بنبڕکردنـی پێـک نـایەت..! دروسـت تـر ئەم بڕیـارانە لەوەوە سـەرچاوە دەگـرێ کە فەسـاد و مشـەخۆری بنکـۆڵی دەزگـا ئیـداریەکانی ئێمەی کردووە و سەرجەم کایە حکومی و حیزبیەکانی تەنیوە.

بە هەرحاڵ لەهەر گۆشەنیگایەکەوە لەو بڕیـارانە بـڕوانین کە بەحیسـاب بـۆ بنبڕکردنـی گەنـدەڵی دەردەچـن، ناکرێـت خۆشـحاڵ نەبـین چـونکە لەو بڕیـارانەدا زۆریـنەی خەڵـک سوودمەند دەبن و کەمینەیەکی مشـەخۆر ئەوانەی پاکسـازی و چاکسـازی دەیـانگرێتەوە و لە بەرژەوەنـدیان دەدرێ ناتەبـا دەبن.

بەڵام پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیە ئایـا بەراسـتی

دەسەڵات لە کوردستان دەیەوێ پاکسازی و چاکسازی لە دەزگاکانی خۆیدا بکات؟ ئەگەر بە بەڵێ وەڵام بدەینەوە، ئەوە پرسیارگەلێکی تر دێنە پێشەوە و پێویستیان بەوەڵام دانەوەیە، وەک:

-ئایا پاکسازی و چاکسازی هەر بەتەنیا مشەخۆرە بچوک و بێ پشت و پەناکان دەگرێتەوە و گەندەڵکارە گەورەکان چاوپۆشییان لێ دەکرێت؟.

-ئایا ئەم بانگەشەیە هەر بەتەنها ئارایشتکردنی ڕووخساری سیستم و دەسەڵات نییە و گەمەیەکیتری نزیک بوونەوەی هەڵبژاردنەکان نییە؟

-ئایا پاکسازی و چاکسازی تەنها چەند بوارێکی بەرتەسک دەگرێتەوە و تەواو، یان فراوان و هەمەلایانە و ڕۆدەچێتە ناو کایە مەعریفیەکان و دەزگا زانستیەکان، بەنمونە زانکۆ.

-ئایا دەرەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە وەک سەرجەم شتەکانی تر لە خەڵک دەشاردرێنەوە یان دەخرێتەڕوو؟.

گەندەڵی لەبنەڕەتدا دەرهاویشتەی قەیرانە لە هەناوی یەکە ئیداریەکاندا، ئایا دوای پاکسازی و چاکسازی هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانەکان دەدرێت، تاجارێکی تر گەندەڵی بەرهەم نەیەتەوە؟!!!.

# بێ ئومێدی مرۆڤ و قاپییەکانی ئاسوودەیی

تێکشکانی یەکێتی سۆڤیەت و تاک جەمسەر بوونەوەی دونیا، هەر بەتەنیا مەترسی پاوانکردنی جیهانی لێ نەکەوتەوە، بەڵکو مرۆڤی لە بارێکی هەڵواسراودا هێشتەوە، بەدیویێکی تردا ئاسۆی مرۆڤەکانی کوێر کردەوە و مرۆی لەبوونەوەرێکی پڕ لەخەون و خەیاڵ بەرەو بوونەوەرێکی غەریزەیی ڕووت ئاڕاستەکرد، کە تەنها ئامانجی بە تاڵکردنەوەی غەریزەکانی بێت، مرۆڤێک ئەوەی بەخەیاڵیدا گوزەر نەکات ئایندەی مرۆڤایەتییە.

ئەم تێزەی بەناو نەزمی نوێی جیهانە، جگە لەبێ ئومێدی و ڕەشبینی هیچی تری نەهێنا، دیدگای بێ بڕوایی و پەیوەست نەبوون بەهیچ، فراوانترین ڕووبەری

لەبیرکردنەوەی کۆمەڵگەیان داگیرکرد، چەمکەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕیەتی کە بنەمای گۆڕینی ژیانە، بوونە جێگەی گومان، تا ئاستی بێ بەها بوون، بەڵام ئەو ڕەوشە نەیتوانی بەردەوامی بەخۆی بدات، ئەوەتە ڕۆژ بە رۆژ هەناسەی هاتنەوەی مرۆڤ بۆ سەر ساحەی ژیان زیاتر دەبێت، ڕەنگە ئەمڕۆ ئاماژەکانی بەهێزبوونی فیکری هیۆمانیستی ڕۆشن تر بوونەتەوە، تارادەیەک تەموومژی پەنجەرەکانی بینین کاڵ بۆتەوە، ئەو چەمکانەی دوێنێ بانگەشەی مردنی دەکرا، ئەمڕۆ باشتر حەقیقەتەکانیان بەرجەستە بوو، سەرمایەداریش کەعەیامێکە جیهان بە ئاقاری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەچەرخێنێ، باشتر لەو ڕاستییە گەیشتووە، کە بانگەشەکانی کۆتایی مێژوو و گەندەڵیەکانی باڵادەستی بازاڕی ئازاد و قۆرخکردنی ژیان، چ نەهامەتیەکیان هێناوە، ئەوەی پێی دەگوترا دیموکراسی لیبراڵی لوتکەی بەختەوەریەکانە، نەک وادەرنەچوو بەڵکو زۆرترین ئاژاوە و توندوتیژی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئیدی دونیا لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی تردایە دەشێ ئەو ئەزموونە بە خوێن دەست پێبکات، دەشێش مرۆڤ بکرێتە سەنتەری سەرجەم گۆڕانکارییەکان و جارێکی تر بۆ سەروەریەکانی ئەقڵ و تێزەکانی مرۆڤدۆستی بگەڕێینەوە.

# ژینگە خۆی بکوژی هۆشیارییە

لێرەو لەویَ، لە هەر کۆڕ و کۆبونەوە و دانیشتنێکدا کە باس لە نەهێشتنی شەڕ و قەیرانە جۆربەجۆرەکان دەکریَ، جا ئەمانە پارت و کەس و کۆمەڵە کوردستانییەکان بن یا عێراقی و ئیسلامیەکان، بیَ سیَ و دوو یەکسەر تاکە چارەسەر و بڕانەوەی گشت کێشە و ململانێکان دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری لای خەڵک و پەراوێزخستنی ئیرادەی جەماوەر، لێرەدا دوو پرسیاری گرنگ لە پێشمان قوت دەبنەوە کە پێویستیان بەوەڵامدانەوە و لێکدانەوەی چڕ و پڕ هەیە:

١ـ ئەو هۆکارانە چین بونەتە هۆی نەهێشتنی ئیرادە و سەرکوتکردن و پوکانەوەی هۆشیاری تاکەکان لە ئاست کێشەکانی کۆمەڵگە؟.

٢ـ بە پێچەوانەوەش، ئەو هۆکارانە کامەن کە دەبنە هۆی بنیادنانەوەی ئیرادە و گەشەسەندنی ئاستی هۆشیاری؟.

پرسـیاری یەکەم وەڵامـی ڕوون و بەرچـاوە کە هەر لە چرکەساتی ڕاپەڕینەوە هەتا هەنوکە، لە ئەنجامی شەڕی نەگریسی ناوخۆ بۆ گەیشتنە کورسی دەسەڵات و تاڵان و برۆی بێ شومار و پەنابردنە بەر توانای هێزی داگیرکەرانی کوردستان، بە بەردەوامی ئیرادەی خەڵکی پێشێل دەکرا و هەرچی سیمای مەدەنیەت و بنەما ڕۆشنبیرییەکان هەبوون سڕانەوە و بیری دەمارگیری و خێڵەکی و کۆنەپەرستانە سەری هەڵداو..هتد.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە خوێندنەوەی پرسیاری دووەمە. ئەمە لە کاتێکدا نائومێد و پاشاگەردانیەکی زۆر هەیە و تروسکایی لە هیچ پەنجەرەیەکەوە بەدی ناکرێت، ئا لەم کاتەدا دەبێ ئەرکی ئێمە و ئێوە چی بێ بۆ زیندوکردنەوە و هێنانە مەیدانی ئیرادەی خەڵک و پیادەکردنی دەسەڵاتی ڕۆشنبیری و توڕدانی چەک و هێز و گرتنەبەری زمانی ئەقڵ.. دەبێ ئەوەش بزانین کە تاکی کوردی کە سایەتیەکی شێواوی هەیە و خاوەن ئیرادەیەکی خواستراوە، هەمیشە ئیرادەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ بەسەر ناوەندە حیزبی و بڕیاردەرەکانەوە ڕەنگی داوەتەوە و تەنانەت بچوکترین ڕوداوی دەرەکی ڕەوتی بیرکردنەوە و ڕامانمان دەگۆڕن.

## جەستە بە جەستەی ژن...!

یەکێ لە نەریتە هەرە ناشیرین و نا ئاشنا بە پرەنسیپەکانی پێشکەوتن و کەلتوری مرۆڤایەتی لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا، دیاردەی ژن بە ژنەیە، کە بۆتە مایەی لێکەوتنەوەی چەندین کێشە و نەخۆشی کۆمەڵایەتی و ئاستەنگ لە بەردەم گەیشتن بە گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵ، ژن بە ژن لە شێوە و لە ناوەرۆکدا بێ بەهای ژن و بەکاڵاکردنیەتی، خستنە ڕیزی ئاڵوویرکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیە، وەک گۆڕینەوەی خانوو و سەیارە و زەوی.

ئەم دیاردەیە هەرچۆنێ لێوەی بڕوانی و لێی قوڵبینەوە نیشانەیەکی بەرچاوی دواکەوتن و پراکتیزەکردنی خەون و ئەقڵی نێو ئەشکەوت و دیوەخانانە و پیادەکردنی ڕەفتاری پیاوسالارانەی نێو کۆمەڵگەیە.

رەنگە شەرم نەمانگرێ لەم چەرخی پڕ لە پێشکەوتن و داهێنان و پەیبردن بەنهێنییەکانی گەردوون و بالادەستی تەکنەلۆژیا، لەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە بدوێین..! ئاخر ئەو دیاردەیە شتێکی شاراوە نییە و ئەوەتە لە چەندین شوێن و ناوچەی ئەم کوردستانە ئەم گۆڕینەوەیە (ژن بە ژن)ە، جەستە بە جەستەی ژن برەوی هەیە و لەنێو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیش بەتایبەت ڕۆژنامەکانی ژنان، ژمارە نییە کێشە و ڕووداوی کارەساتێک نەخوێنینەوە، کە دەرەنجامی ئەم حاڵەتە ڕوویانداوە، بۆیە قسەکردن و لەسەر نووسینی ئەم دیاردەیە ئەو گۆتەیە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێ: (کەی باوی شتی واماوە) بەش بەحاڵی خۆم چەندین دێهات و ناوچەی کوردستانم بینیووە کە هێشتا ئەم دیاردەیەی تێدا هەیە و هێشتا ئەم بیرکردنەوەیە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە..!.

گۆڕین و نەهێشتنی دیاردەی ناپەسەند و ڕێگر لە بەردەم هەوڵەکانی پێشکەوتن، کارێکی هێندە سانا نییە، بە تایبەت بۆ وڵاتێک کە بەدەستی میلیشیا و هەڵچوون و داچوونی حوکم بنالێنێ و ئیدارەی وڵات ناجێگیر و نائارام بێت، کۆمەڵگەیەک کە سەرجەم کایە و شانەکانی بارگاوی بێت بە پەتای خێڵ و کلتورێک بەڕێوەی ببات لێوان نوقمی کۆنەپارێزی و دواکەوتن و خێڵەکی بێت، نەک توانای نەهێشتنی پەیوەندییە باو و کۆنەکانی نێو کۆمەڵی نییە، بەڵکە دەبێتە هۆی زیاتر پەرەسەندن و زیندوو کردنەوەشیان.

سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانیش خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەوەی لە چەندین بازنەی داخراو (ناوچەی داخراو) پێکهاتووە، کە ئەم بازنە و ناوچانە هەریەک بۆ خۆی وابەستە بەداب و ڕەوشت و دیالەکتیکی خۆی، بەجیا کار و چالاکییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنجام دەدات و تاڕادەیەکی باشیش بەرگری لە کارتێکردن و مانەوەی خۆی دەکات، ئەم پچڕپچڕی و پەرتەوازەیی و دوورە پەرێزییە وایکردووە، شەپۆلەکانی شارستانی و پەرەسەندنی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی بە یەکسانی نەگاتە هەموو ناوچەکان، یان لە سنووری چەند ناوچەیەکدا قەتیس بمێنێ، ئەمەش وادەکات ئاستی ڕۆشنبیری لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەبێت و جۆر و قەوارەی کێشە و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانیش ئاستی جیاجیا وەرگرێت، بۆیە ئاساییە کە دیاردەی ژن بەژنیش لە شوێنێ بۆ شوێنێکی تر تەواو جیاواز بێت...!!

بەو پێودانگەیە هەر هەوڵێکی چاکسازی کۆمەڵایەتی و پرۆسەیەکی هۆشیارکردنەوە کە دەدرێت، دەبێت بە بەرنامەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە بەڕێوەبچێت و ئەو تایبەتمەندی و خاسیەتانەی کوردستان لە بەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی سوود و کاریگەری هەمەلایەنە و بەرفراوانی هەبێت.

# مارسی ئازادیی
# یەکسان و دژە یەکسان

لە بەراییـــدا پێویســـتە ئەوە بڵێـــین کە چەوســـانەوە و نایەکســانی ئافرەتــان، لە بنەڕەتــدا بەهــۆی دروســتبوونی کــۆمەڵگەی چینــایەتییەوە هــاتۆتە ئــاراوە و لەگەڵ خۆشــیدا سیستمی پیاوسالاریشی بەرهەمهێنــاوە، کە ئەمرۆ ئەم (بیــرە) لەنێو یاساکانی باری کەسێتیشدا خۆی بەرجەستەکردووە و تا ســەر ئێســقان بە جەســتەی کــۆمەڵگەدا ڕۆچــووە و هەرچــی هەڵســـوکەوت و داب و ڕەوشـــتی کـــۆمەڵ هەیە بیـــر و ئەندێشەکانی پیاوسالاری بەڕێوەی دەبــات، بــۆیە ئــازادبوونی ژنــان و بەرابەربوونیــان تەنهــا بە گــۆڕینی بەنــدەکانی ئەو یاسایانە و پەراوێزخستنی ئەقڵیەتــی ئەو سیســتەمە دێــتەدی، بێ بنبڕکردن و لە ڕەگهەڵکێشانی بیری داسەپاوی پیاوســالاری مەحاڵە ئازادیی و یەکسانی تەواو لە نێـوان ئەم دوو ڕەگەزەدا دەستەبەرببێت.

سیستمێکی کۆمەڵایەتی تەندروستیش تەنها بە ئازادیی و یەکسانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە فەراهەم دەبێت، ئاشکراشە ئازادیی و یەکسانی تەواو هیچ مەرج و سنوردارکردنێک بەخۆوە ناگرێ.

کۆمەڵگەی کوردستانیش کە پێکهاتەیەکی خێڵەکیانەی هەیە و هێشتا بیر و تێزی خێڵ و خێڵداری بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا زاڵە و سەرجەم کایە و شانەکانیشی تەنیوە، پێگەی پیاوسالارێتیشی تێدا پتەوە و ڕەگەکانی بەنێو جەستەی کۆمەڵگەدا ڕۆچووە و جیاوازیەکانی نێوان نێر و مێ لە باسکردن نایەن...! لەگەڵ ئەوەشدا مشتومڕ و دەمەتەقێیەکی گەرم لەسەر ئافرەت و کێشەکانی لە ئارادایە.. ڕێکخراوەکانی ژنانیش گەرچی لە ژێر سایەی سیاسەتی لایەنەکان دایە، بەڵام تاڕادەیەک ڕۆڵیان هەبووە لە گەرموگوڕکردنی ئەم دیالۆگانە.

چونکە وابەستەیی وزە و تواناکانی ژنان لە دەستدەدا و بوار نادات وەک پێویست و لە ئاستی ئاڵۆزی و گەورەیی کێشەکان بێتە مەیدان، لەسەرێکی دیشەوە ئەوەندەی پیاوان ڕۆڵیان هەبووە لە داڕشتنی بەرنامە و پرۆژەی ئەو ڕێکخراوانە ئەوەندە ئافرەتان خۆیان دەستیان تێدانەبووە، دیارە تێڕوانینی پیاوانە بۆ چارەسەر و گرفتەکانی ئافرەتان ناکامڵە و دووبارە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی شێوەیەک لە شێوەکانی پیاوسالاری، لە بەرئەوەی پیاوان و ئافرەتان وەک دوو ڕەگەز تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەوە بەو مانایە نییە

بکــرێته هۆکارێــک بــۆ نــابەرابەری، وەکــو هێنــدێ لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ خۆدزینەوە لە مافەکانی ئافرەت پەنای بۆ دەبەن، گوایە ناکرێت ئافرەت و پیاو یەکسان بن، چــونکە ئەم دوو ڕەگەزە لە ڕووی بــایۆلۆژییەوە جیــاوازن، لەکاتێکدا زانستی سەردەم سەلماندویەتی توانای مێشک و جەستەی ئافرەتان ئەگەر بخرێتەکار و ئازادیی بۆ فەراهەم بێت لە تەک پیاواندایە.

خەبــاتکردن بــۆ گەڕانەوەی کەســایەتی ئــافرەت و بەدەستهێنانی مافەکانی، هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری گەرەکە، ڕەوتی ڕزگاریخوازی ژنان دەبێت هوردتر و هۆشیارتر کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن و تادەکرێ واقیعیانە ڕۆچنە ناوەخنی گرفتەکــان و دوورکەونەوە لە دروشــمانێک کە خــزمەتبەخش نییە بە دۆزەکە.

بەداخەوە تا ئێستا بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە بە بەشداری (ژنــان و پیــاوان)ی یەکســانیخواز، هەنگــاوی جــدی هەڵنەهێناوە، تەنها واخراوەتەڕوو کە دەبێت ژنان خۆیان کار بۆ کێشەکانیان بکەن، ئەم بۆچوونە لەنێو ژنانێکدا ئامادەیی هەیە کە ئێســتا لە مەیــدانەکەدان، بەڵام وەک لە ســەرەتاوە ئاماژەمــان پێــدا، چەوســانەوە و نایەکســانی ژنــان هەر پەیوەست نییە بە خۆیــانەوە، بەڵکە کێشەی کۆمەڵگەیە بە گشتی، تــا ژنــانیش لە کــار و مــاف و ژیانــدا ئــازاد نەبــن ئاسوودەیی و بەختیــاری پیــاوانیش ناکــامڵە و کــۆمەڵگەش تەندروست نابێت.

ئەمڕۆ کەسانێکیش هەن بە ناوی داکۆکیکردن لە ژنانەوە هاتونەتە مەیدان و هێندەی تر مەسەلەکەیان ئاڵۆز کردووە، چونکە ئەوەی دوو هوتافی کێشا و وتارێکی نووسی مەرج نییە یەکسانیخواز بێت، ئێستاش هەڵسوکەوت و کردەوەی هێندێک کەس لە ئاستی تاکدا و بەرنامە و پرۆگرامی هێندێ لە حیزبە سیاسیەکان پڕیەتی لە خڵت و خەوشی خورافیاتی مەزهەب و پیاوسالاری، هەر بۆیەش ئەوانە تەنها لە بۆنەکان مەسەلەی ئافرەتانیان بیردەکەوێتەوە..!!

هەشتی مارسەکانیش، سەرەڕای ئەوەی هۆکاری دووپاتکردنەوەی ناڕازی بوونە، بۆتە ڕەمزێکیش بۆ وەستانەوە لە ڕووی ئەو هەموو پێشێلکاری و بێ مافییەی لە بەرامبەر ئافرەتاندا ئەنجام دەدرێت، جگە لەوە پێداگرتنە لەسەر هەماهەنگی خەبات و زەرورەتی پتەوکردنی ڕیزەکانی یەکسانیخوازیی.

خوازیارین هەموو مارسەکان تەنها ڕۆژێک نەبن بۆ چالاکی نواندن و بەس، بەڵکە بکرێنە بنەمایەک بۆ جووڵانەوە و جۆشدانی هەمیشەیی خەباتی یەکسانیخوازی، بۆ ئازادکردنی ئافرەت لە کۆیلایەتی و پلەدوویی و لە ناوبردنی سیستمی ئەفسانەی پیاوسالاری بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بێ چەوسانەوە و خۆشگوزەران.

+ بەبۆنەی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان نووسراوە.

# هەڵەبجە ئاوێنەی ئازارەکان

شـانزەی سـێی هەمـوو سـاڵێ یـادی گەورە کارەسـاتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە، ئەو کارەساتەی تێیـدا پتـر لـە پێـنج هەزار مـرۆڤ بـوونە قوربـانی و شـارێک بەبـێ گوێـدانە هـیچ عورف و نەریتێکی ئینسـانی و نێـودەوڵەتی خـاپوور کـرا، بە بێـدەنگی هەڵەبـجە کـرا بەگۆڕسـتانێکی بـێ شـوێنەوار، کە ئێسـتاش خـوێنەکەی بەسـەر باڵەکـانی ئەم هەزارەوە وشـک نەبۆتەوە، کەچی ئێمە تەنها بەچەند پارچە نووسین و بۆرە لافیتەیەک لەمڕۆژەدا یادی دەکەینەوە..!

ئـاخر هەڵەبـجە بـرینێکە بەسـەر دڵـی مێـژووە و سـارێژنابێت، ئـازارێکە بـێ کۆتـایی، تاسـیانیید و خەردەل برەوی هەبێت، ئەویش نەمرە، تا داڵەکانی بەعس بەسەر لقی درەختە سەوزەکانی ژیانەوە بن، زیندوو دەبێت.

نا نا.. هەڵەبجە لەبیر ناچێت....!

بەداخەوە تـــا ئێســـتاش ئەوەنـــدەی عاتفیـــانە لەگەڵ کارەســـاتی هەڵەبـــجە مـــامەڵە کـــراوە، ئەوەنـــدە لە هـــۆ و دەرەنجامەکـــانی نەکۆڵـــدراوەتەوە و نەتـــوانراوە بکـــرێتە ئـــاوێنەیەک بـــۆ خســـتنەڕووی ئەو هەمـــوو کارەســـات و مەینەتیانەی بەسەر خەڵکی چەوساوەی کوردستاندا هێنـراون، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێستا دونیا بە تەنگ زامەکانی خۆیەوەتی و گۆڕانکـــاری گەورە بەڕێـــوەیە، کە بـــۆی هەیە نەخشـــەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەبەری بگۆڕدرێت، ئەوەتە جولەکە کێشـەی هۆلۆکۆسـتی کـردۆتە بنەمـا بـۆ بنیاتنـانی دەوڵەت و سالانە لە دەیان کەناڵی هونەری و سیاسی ئاماژەی پێدەدەن. دەکـرا ئەو کارەسـاتە بکـرێتە هـۆیەک بـۆ گوشـار خستنەسـەر کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی تـا باشـتر لە کوردسـتان و کێشـە نەتەوەیەکەی ورد ببنەوە.

ئیدی کە هەموو ساڵێک یادی هەڵەبجە دەکـەینەوە، دەبـێ چی بڵێین..؟! چی بڵێین بۆ مەرگی شـارێک، بـۆ مەرگی پێـنج هەزار مرۆڤی کوژراو.. خنکاو..!

# ترس و تۆقین
# بێدەنگی و سەرلەقاندن

چی لەوە ترسناکترە تارمایی بێدەنگی باڵ بکێشێ بەسەر کۆمەڵگە و فەرمان تەنها ببێتە سەیرکردن و سەرلەقاندن بێ ئەوەی کەسێک نقەی لێوە بێت.

بێدەنگی ڕەوشێکی سامناک دەخولقێنێ بۆ بەرهەمهێنانی ترس و لە دواجاریشدا تۆقین، دیارە کەترسیش گەرای خۆی دانا، هێدی هێدی کۆمەڵگە لە ژیانی ئاسایی خۆی دادەبڕێ و چەندین نەخۆشی و ئاستەنگی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە.

کۆمەڵگەی کراوە هەمیشە تاکەکانی قسەکەرن و بۆچوونیان هەیە، یانی فاکتەری یەکلاکەرەوەی ئاڵوگۆڕ و ناکۆکییەکانن، بەلاّم لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و کۆمەڵگەی

ئێمەدا، چونکە پایەکانی لەسەر ترس و بێدەنگی هەڵچنراوە و بەدرێژایی مێژوو چەوساوەتەوە، بۆیە بە ئاسانی ناتوانرێ مومارەسەی ژیانی ئازادانەی خۆی بکات و وەک تاکێکی کارا و کاریگەر بەشدار بێت لە دارشتنی بینای سەرخانی کۆمەڵگە و دیاریکردنی چارەنووسی..

چالاککردن و هاندانی خەڵک بۆ قسەکردن لە ژیان و ئایندەی خۆیان، ئەرکی نوخبەی هۆشیاری کۆمەڵگەیە، کە بەبوێری و ڕەخنەگرتن لە ناوەندەکانی دەسەڵات و خستنە ژێر پرسیاری دابونەریتی دارزاو و فەرهەنگی دواکەوتوانە و دژە ئینسانی بەدیدێت، دیارە خولقاندنی کەشێکی لەبار بۆ پیادەکردنی ئازادیی و مافە فەردییەکان، هەروەها گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگە، هەنگاوە بۆ خستنە سەرخەتی کۆمەڵگە بەرەو ئازادیی و ئاسوودەیی.

ئازادیش شتێک نییە لە دەسەڵاتەوە ببەخشرێت بە خەڵک، بەڵکە دەبێت بە خەبات و تێکۆشان و ڕاوەستانەوە دژی کۆنەپەرستی بەدیبێت.

دەبێت ئازادی ئامێتەی ڕەوشتی خەڵک بکرێت و لەنێو کایە و شانە کۆمەڵایەتییەکاندا ببێتە دابونەریت، نەک تەنها لە چوارچێوەی قسە و دروشم قەتیس بمێنێت..!

# ئازادی ڕۆژنامەگەری لە قوڕگی یاساکاندا

قسـەکردن لەسـەر چەمکـی ڕۆژنـامەگەری ئـازاد، یـا ئەو ڕەوتەی بەنـاوی ئـازادیی ڕۆژنـامەگەری بەڕێـوەیە، جۆرێـک وردبینـی دەویّ، چـونکە ئـاڵۆزییەکی زۆر لەسـەر چەمکـی ڕۆژنـامەی (ئـازاد، ئەهلـی، سـەربەخۆ) لە ئـارادایە، ئەمەش ئەگەر بەشـێکی بگەڕێـتەوە بـۆ جـۆری تێگەیشـتن لە ئەرک و پەیامی ڕۆژنامە وەک ئامرازێک، ئەوە بەشـەکەی تـر بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە کە تـازە سـەرەتاکانی ئەم باسـە لەنێـو کـایەی ڕۆشـنبیری ئـێمەدا ئامـادەیی هەیە، بە جـۆرێکی تـر، تـازە

ڕۆژنـامەگەری ئـازاد، هەنگـاوە بەراییەکـانی لە کوردسـتاندا دەست پێکردووە و هێشتا نەیتوانیوە ڕایەڵەکانی نێوان خۆی و خوێنەران بەهێز بکات و ڕۆژنـامە وەک هەر زەرورەتێکـی تـری ژیان سەیر بکرێ. بەبڕوای مـن ڕۆژنـامەی ئەهلـی یـان ئـازاد، بەو مانـایە نـایەت کە لاپەڕەکـانی ئـاوەڵا بێـت تـا هەمـوو قسەیەکی تێدا بکرێ و بەڕێوەبەرانیشی هەر خەریکـی ڕاگرتنـی هاوسـەنگی نێـوان بۆچوونەکـان بـن و وەک بینەرێـک تەنهـا تەماشاکردونیان بـۆ بمێنێـتەوە، ئەگەر ئـێمە بـاس لە ئـازادی دەکەیـن دەبێـت ئەوە بـزانین کە زۆر بیـر و تێـز خەریـکە لە مەیدانەکەدا دەردەکەون، سەرچاوەی کوێرکردنەوەی ئازادین.

لێرەدا ئەرکی کەناڵە ئازادیخوازەکـان قورسـتر دەبێت، لە لایێ ئەکتیڤکردنی کۆمەڵگە و گەشـە و پەرەسـەندن و وشـیاری لە ئەسـتۆدایە، لە لایەکـی تـر بەرپەرچـدانەوەی ئەو ڕەوتە کۆنەپەرسـتانەیە. ڕۆژنـامەیەکیش ئەو ئامـانجەی نەبێـت، نەیەوێ لەسـەر چارەنووسسـازییەکانی کـۆمەڵگە قسـەیەکی هەبێت، دەرکردنی چ مانایەکی هەیە..!

لە تەک قسەکردنمان لەسەر ڕۆژنـامەی ئـازاد، زەرورەتـی قسـەکردن لەسـەر یاسـاکانیش دێـتە پێشـەوە، چـونکە ئەو یاسایانەی ئێستا لە کوردسـتان کـاری پێدەکرێ، گەورەتـرین بەربەسـتن لە بەردەم گەشـەکردنی ئـازادیی و ئـازادیی ڕادەربڕین، یانی ئەوەی پێـی دەڵـێن مومارەسـەی ئـازادی، لە ڕێـگەی یاسـاکانەوە لێـت وەردەگیـرێتەوە، چـونکە دەکرێـت هەموو ڕەخنەیەکی جدی، لەو یاسایانە بە تەشهیر، بەهێـرش

بۆ سەر موقەدەساتی خەڵک لێکبدرێتەوە، بۆیە گۆڕینی ئەم یاسایانەش زەمینە خۆش دەکات بۆ زیاتر گەشەکردنی ڕۆژنامەی ئازاد. خاڵێکی گرنگتریش ئەوەیە، کە هەموو پرۆژەیەکی ئازاد، دەرەنجامی خەڵکی ئازادە، ناکرێت کەسێک خۆی ئازاد نەبێت، پرۆژەی ئازادیخوازی ئەنجام بدات..!!

خۆرئاوا بۆچی دەستی گەیشتووە بەو هەموو پێشکەوتنانە، چونکە تاکەکانی ئەکتیڤن و چاودێرن بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە و بەشداریەکی بەرچاو دەکەن لە داڕشتنی نەخشەی سیاسی وڵاتەکەیان، لەوێ ڕۆژنامە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر دروستبوونی ڕای گشتی و ئاڕاستەکردنی خەڵک.

بەڵام هێشتا لای ئێمە نە تاک ئەوەندە ئازادە و نەرۆژنامەش ئەو ئەرکەی لەخۆی نیشانداوە، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بەدوواکەوتویی و ناهۆشیاری کۆمەڵەوە هەیە، بەشەکەی تری ڕاستەوخۆ ئێمە هەمووومان لێی بەرپرسیارین.

# فرەیی منداڵ لە دواکەوتوانەوەیە

قسەکردن لەسەر منداڵ ڕاستەوخۆ قسەکردنە لە ژیان و داهاتووی کۆمەڵگە، هەر بەم پێودانگەیەش دەبێت هەموو ئەو چەمک و زاراوانەی وەک (پەروەردە) و (بەخێوکردن) بخەینە ژێر پرسیاری ڕاڤەکارانە و جاریکیتر و بە هزرێکی تازەتر لێیان وردبینەوە، ئەم دوو چەمکە هەمیشە ئاوێتەی یەکتر دەکرێن، کەچی وەک ئاشکرایە پرۆسەی پەروەردەکردن بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی کارا و بەرهەمدار ئەنجام دەدرێت و پەیوەندارە بە میتۆد و بەرنامەی زانستی؛ کەسانی پسپۆڕ ڕۆڵی شایستەی تێدا دەگێڕن، بەڵام (بەخێوکردن) تەنها مفهومی ژیاندن بەمانا ماددیەکەی دەگرێتەخۆی، بەو مانایە مرۆ بۆ ئەوەی نەمرێت پێویستە بخوا و بخواتەوە، زۆرجاریش کە قسە دێتە سەر منداڵ و زۆر خستنەوەی یەکسەر

ڕووبەڕووی مەسەلەی بە خێوکردن دەبینەوە، بەواتا بۆ پاساو هێنانەوەی کەسی منداڵخەرەوە، هەمیشە پەنای بۆ دەبرێت و یەکسەر بەخێوکردن شوێنی پەروەردە و هەموو ئەو مافانەی پێویستە منداڵ هەیبێ دەگرێتەوە.

بۆ نموونە، کاتێ کەسێک دەخەیتە ژێر فشاری منداڵ خستنەوەی زۆر، ڕووت تێدەکاو پێت دەڵێ: "من بەخێویان دەکەم و کەسیش لە برسان نەمردووە"، دیارە لەم تێڕوانینەوە ئامانج تەنها دەبێتە گەورەکردنی منداڵ و فەرامۆشکردنی پەروەردەیەکەی. لە دەرەنجامی ئەمەدا تاکی ناهۆشیار دێتەکایەوە کە هیچ ڕۆڵێک لەسەر گەشەی کۆمەڵگە نابینێ.

باوەڕبوون بەفرەیی منداڵ، بنەمایەکی خێڵەکیانەی هەیە و زاڵبوونی بیر و تێزە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەیە، بەو لێکدانەوەی کێ نەوەی زیاتر بێت، ئەوەندە هێزی زیاتر دەبێت و دەتوانێ هەم بەرگری لە بوونی خۆی بکات و هەم داگیربکات و سنووری دەسەڵاتی زیاتر و فراوانتربێت.

بۆیە باوەڕهێنان بە کەمی منداڵ و پوختە و پەروەردەکراو، لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵەکانی خێڵ و خێڵدارییە و برەودان و داننانە بە ئاستە باڵاکانی زانست و کۆمەڵگەی خۆشگوزەران.

# قەڵەمە بەعسییەکان

ئەگەر بەو پرسیارە دەست پێبکەین، جیاوازی نێوان نووسەری دەربار و نووسەری ئازادیخواز چییە، ڕەنگە لە سادەترین وەڵامدا بڵێین، نووسەرە دەربارەکان، ئەوانەن کە هەمیشە ڕووە دزێوەکانی دەسەڵات ئارایشت دەکەن، ئەگەر تۆزقاڵێکیش دەسەڵات ئیجابیاتی هەبوو هێندە زەقی دەکەنەوە، تا کلک و گوێی لێ دەرسکێ.

بەڵام کاری قەڵەمە ئازادیخوازەکان هەڵماڵینی ڕووی ڕاستی مەسەلەکانە و داکۆکی کردنە لە ماف و بەرژەوەندیەکانی خەڵک، بە گۆتەی کارڵ مارکس (نووسەری بۆرژوازی دەنووسێ بۆ ئەوەی بژی، بەڵام نووسەری شۆڕشگێڕ زۆرجار نووسینەکانی دەبنە هۆی گیانبەخشینی). یان هەر هیچ نەبێ نانبڕاوکردنی.

لەنێو تەپوتۆزی ئەو چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆ و ململانێی یەکێتی و پارتیدا، وەک چۆن چەندین مەسەلە ناوەڕۆکی خۆیان لەدەستدا. هەرواش قەڵەمە بەعسیەکان بەزورناژەنین و گەرم کردنی شەڕی ناوخۆ و سنگ بردنە پێشەوە، بەرگێکی تریان پۆشی، ئەوەندە خزمەتی حیزبەکانیان کرد، تا هەموو ئیمتیازاتێکیان پێ بەخشین. ئێستاش کەم نین ئەوانەی لە ناوەندی حکومی و حیزبی گرنگدا کاردەکەن..!

# پدك و ینك و ئاشتي و قەڵەمە تاریكەكان..!

هەمیشە وابووە، بۆ هەر ڕووداو و دەرکەوتێک، ڕوانینێکی باوی گشتی لە ئارادا بووە و لە تەکیشیدا دەنگ و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی جیاواز هەبووە، ئەوەی بیەوێ وەک خۆی و پێچەوانەوەی دیدگای باو قسە لەسەر مەسەلەیەک بکات، هەمیشە قسەکانی، بۆچوونەکانی، مشتومڕ و سەرنجی جیاجیای لەسەر دروست دەبێت، تا ئاستی ڕەتکردنەوە و قبوڵ نەکردن.

دەشێ لەسەر ئەوەی ئێستا پێی دەڵێین ئاشتی یان (هاوپەیمانی ستراتیژی) نێوان (یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات) بە ئاڕاستەی تەقلیدی و باو قسە بکەین و بێ هیچ هەڵوەستە و لێکدانەوەیەک بەنرخترین دەسکەوتی لە قەڵەم بدەین، چاو لە هەموو کەموکوڕییەک بپۆشین و خۆمان لەو پرسیارە خاڵی کەینەوە کە ئایا دەبێ گومان لەو ئاشتییە بکەین..؟

لە هەمانکاتدا دەشێ بەئاگایی و بە لە بەرچاوگرتنی

ڕووداوەکانی دوێنێ و خوێندنەوەی مێژووی ململانێی نێوان ئەو دوو هێزە، قسەیەکی جدی و مەسئولانە بکەین و دوور لە خۆشخەیاڵی و پیاهەڵدان ئەو (پەیوەندی)یە بخوێنینەوە، بۆ ئەمەش ڕەنگە ئەوەندە پێویستمان بەوە نەبێت لە گرنگی و ڕۆڵی ئاشتی و ئارامی لەنێو کۆمەڵگەدا بدوێین، چونکە هیچ کەس و لایەنێک هێندەی ئەو کەس و لایەنانە لە دەستەبەربوونی ئاشتی سوودمەند نابن، کە دوێنێ تاسەر ئێسقان دژی شەڕ دەوەستان و بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی دەکۆشان.

بەدەر لەوەی کە وشیاری کۆمەڵایەتی، لە باری ئاشتیدا گەشە دەکا و کۆمەڵگەی تەندروستیش لەوێوە پایە مەدەنییەکانی خۆی دادەڕێژێ، بەڵام کە بەردەوام دوپات لەسەر ئەو هاوپەیمانیەتیە دەکرێتەوە، خۆی لە خۆیدا مانای هەبوونی حاڵەتی ناتەبا و نائارامی دەگەیەنێ، ئێمە بۆیە قسە لەسەر ئاشتی دەکەین، چونکە (شەڕ) مێژوویەک لەبێ ئومێدی و دونیایەک لە خوێنڕشتنی هێنایە کایەوە، بۆیە بەهیچ کلۆجێ شیاونییە بێ ئاوڕدانەوە و خستنەڕووی ئەو هەموو پێشێلکاریە، بەفیڕۆدانی ئەو هەموو ئابوورییەی کوردستان و کات لە دەستدانە و قەرەبروتکردنی جەستەی سەدان لاو لە شەڕگە نەگریسەکاندا، بێین لە فۆڕمی چەند وشەیەک داوای لێبوردن بکەین، دەبێت داوای لێبوردن لە کلێشەی وشەوە، لە گفتارەوە بێتە دەرەوە، بۆ نێو کایەو شانە کۆمەڵایەتییەکان و بەکردەوە تەوزیف ببێت، دەبێت

داوای لێبوردن ببێته نەریتێکی هەمیشەیی و لەنێو فەرهەنگ و کلتووری ئەو هێزانە جێکەوتە بێت، ئەوسا ڕەنگە دوورکەوینەوە لە خوێنڕشتن و بڕوا بەوە بکەین کە بەراستی هاوپەیمانییە، نەک بە لێدوانی بەرپرسێک هەموو شتێک بگەڕێتەوە خاڵی سفر..!!

لۆژیک وایە کەسێک داوای لێبوردن دەکات، کە کارێکی هەڵە و ناشایستەی ئەنجام دابێت، بۆیە ئەگەر پارتی و یەکێتی بەڕاستی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ خواست و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، دەبێت لە ماوەی داهاتوودا هەڵوێستێک پیادە بکەن لە ئاست ئەو هەموو خوێنەدا بێت کەرژا، دەبێت ماڵ بەماڵی (کوژراوەکان..!)ی شەڕی ناوخۆ بگەڕێن، چونکە ئەستەمە سارێژکردنی ئەو برینانەی قەتماغەیان بەستووە. دەبێ چارەنووسی بێ سەر و شوێن بووانی شەڕی ناوخۆ ئاشکرا بکرێت.

ئەوانەیشی دوێنێ بە هەموو شێوەیەک دژی شەڕبوون و نەخوازراوی ئەو بارودۆخە بوون، ئەوانە کەسانی ئازادیخوازی کۆمەڵگە بوون و لەوە گەیشتبوون کە پڕۆژەی پێشکەوتنخوازی تەنها لەنێو وڵاتێکی ئارام نەشونما دەکات، لەخەتەری ئەو هێزە تاریکانەش گەیشت بوون کە لەنێو زۆنگاوی جەنگدا مشەخۆرانە خەریکی گەشەبوون، ڕەنگە ئەمڕۆ هەر ئەو کەسانە بتوانن دروست تر و پەرۆش تر لەسەر ئاشتی و پێکەوە ژیان قسە بکەن. بەداخەوە لە بەرامبەردا ئەو قەڵەمانەی تادوێنێ لە سەنگەری لایەنێکەوە ژەهری وشەیان

دەڕشت و سەنگەربەندیان ڕادەگەیاند، ئەمڕۆ کاڵای سەیر سەیر بە باڵای ئەو هاوپەیمانەتییە دادەبڕن و هەر قسەکردنێکی ناتەبا بەدروشم و پیاهەڵدان، بەگێرەشێوێنی و تابور لە قەڵەم دەدەن.

ئەگەر دوێنێ شەڕ ڕووبەرەکانی ڕادەربڕین و ئازادی سیاسی بچووک کردبۆوە، ئەوا ئەمڕۆ دەبێت ڕووبەری ڕەخنە فراوانتر بکرێ و ڕەخنە وەک یەکەیەکی گرنگی بواری ڕۆشنبیری ڕەوشی باشتری بۆ فەراهەم بێت و دەنگ و گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە زیاتر بواریان بۆ بڕەخسێ، ئەو کەناڵ و قەڵەمانەش کە تادوێنێ ڕۆڵی سلبیان گێڕاوە و ئاگری شەڕیان خۆش دەکرد، ئەمڕۆ بواریان پێنەدرێت بەناوی دڵسۆزی و پاراستنی (ئاشتی)یەوە بەربەست لە بەردەم ڕەخنە و ڕادەربڕین و هاتنەگۆی دەنگە جیاوازەکان دروست بکەن.

ئەزموونی چەند ساڵی پێشووش ئەو ڕاستییەی خستەڕوو کە چاوپۆشین لەوەی (ئەزموونەکە ساوایە) و دەبێ بپارێزرێت چ کارەساتێکی لێکەوتەوە، بۆیە ئەمڕۆ نابێت بە پاساوی پاراستنی ئەزموونی ئاشتی ڕەخنە نەگیرێ. لە بیرمان نەچێت دواجار ئاستەنگی سەرەکی لە ژیانی هەرکۆمەڵگەیەکدا دەستەبەرنەکردنی ئازادییە، کۆمەڵگە بەبێ گەیشتن بەماف و ئازادییەکانی ناتەواو پرۆسەی پەرەسەندنی دەبڕێ و ئاشتی و ئاشتیوایی و هەر هاوپەیمانەتیەک ئەگەر بۆ ئازادیی و هێنانە ئارای ژیانێکی ئاسوودە و یەکسان نەبێت ئەوە تەنها گۆڕینی واقیعێکە بەواقیعێکی تر.

# ڕۆژنامەنووس و جاسووس..!

کـــاری ڕۆژنامەنووســـی و کـــاری جاسووســـی لە شـــێوازی کارکردنـــدا تـــاڕادەیەکی زۆرلێـــک دەچـــن، هەردوو عەودالـــی وەدەســـتهێنانی هەواڵـــن، هەردوو بـــۆ دەســـتکەوتنی هەواڵ، شێوازی جیاجیا بەکـاردێنن، بەڵام خـاڵی لێک جیـاکردنەوەی ئەم دوو کارە ئەوەیە جاسوس هەواڵ و زانیاری کۆدەکاتەوە و بۆ دەزگاکەی دەبات و دەست بەئەنجامدانی کارەکە دەکەن، بێ ئەوەی خەڵـک بەوە ئاگاداربێـت، یـانی دەسـتکەوتنی هەواڵ بەنهێنـی، بەڵام ڕۆژنـامەنووس هەمـوو هەوڵێکـی کە دەست

دەکەویت بۆ بڵاوکردنەوەیە، بۆ ئەوەی بخرێتە پێش چاوی خەڵک و هەڵوێستی لە ئاست وەربگیرێ، لێرەوەیە کەئەم دووکـــاره لە یەکتـــر جیـــادەبنەوە.. بەڵام ئەی ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک پیشەکەی خۆی بۆ کاری جاسووسی بەکارهێنـا..! لەیەک کاتـدا هەم ڕۆژنـامەنووس و هەم جاسووس بوو..؟! دیارە لەنێو ئەدەبیاتدا هەمیشە زاراوەی (نووسەری دەربار)مان بەرگوێ کەوتووە، ئەو جۆرە نووسەرانەش لەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا کەمنین کە بەباڵای دەسەڵاتدا هەڵدەدەن و ڕووخسارە دزێوەکان ئارایشت دەکەن، بەڵام ڕۆژنامەنووسی جاسووس، زاراوەیەکی تازەیە و هێشتا وەک دیاردە و وەک چەمک خۆی نەناساندووە، هەندێ ئاماژەی لەو جۆرە لەنێو ڕۆژنامەگەریدا دەردەکەون کە ئومێد دەکەین گەشە نەکات و کاری ڕۆژنامەوانی کە خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە و خستنەڕووی ڕاستیەکانە، بۆ کاری جاسووسیکردن بەسەر خەڵکەوە بەکارنەیەت.

جاسووسی تەنها مایەی قێزەونی و شەرمە و مرۆڤی هەستکوێر و بێویژدان نەبێت، دژە ژیان نەبێت، ئەو کارە ناکات.

# دەسەڵات دەبێت هەمنون بێت رەخنەی لێ بگرین..!

رەنگە تائیستا چەمکی ڕەخنە وەک یەکەیەکی زیندووی بواری ڕۆشنبیری نەکەوتبێتە سەر شارێگەی خۆی، هێندە ئاستەنگ و بەربەستی بۆ دروستکراوە نەیتوانیوە بەرۆڵی پڕ بایەخی خۆی هەڵسێ، هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەمەش بەرێژەیەک بۆ کایە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکە دەگەڕێتەوە، کە ریشاڵی (حەرام)ەکانی بەنێو ناخیدا ڕۆچووە و جەستەی کۆمەڵگەی لە ئاستێکدا هێشتۆتەوە کە ماوەنەدا دیاردە و دابونەریتە داڕزاو و داتەپیوەکان بخرێنە ژێر پرسیار و تاک لە داخراویەوە بگۆڕێت بۆ بارێکی کراوە و قسەکەر.

لە لایەکی تر هێشتا ڕەخنە بەچاوی بقە و مەترسیدار لە لایەن دەسەڵاتەوە سەیری دەکرێت، دەسەڵات نەک هەر سڵ لە رەخنە دەکاتەوە، بەڵکو پرۆسەی ڕەخنە بەرەتکردنەوەی خۆیشی دەزانێ، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە چونکە دواجار

دەرخستنی کەموکوڕی و هەستکردن بە ناتەواویەکان بەشێکە لە نزیک بوونەوە لە چارەسەر، ئەو دەسەڵاتەی ئامادە نەبێت لە دەرەوەی خۆی گوێ لە هیچ کەس بگرێت، ئەوە لە کار و چالاکی خۆی دەترسێت و گومان لە بوونی خۆی دەکات، بۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە بگوترێ کاتێک دەسەڵات بیەوێت وەڵام بەپێوستیەکانی سەردەم بداتەوە، دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەدا خۆی ڕێکبخات. خۆ خستنە ژێر پرسیار هۆکارێکە بۆ خۆڕاستکردنەوە و کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکان. بەڵام بەداخەوە پێگەی ڕەخنە لەنێو کایەی سیاسی و ڕۆشنبیری ئێمەدا هێندە لاوازە کە هێشتا دەسەڵات نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئاشنابێت بەرەخنەگرتن و مامەڵەی هاوچەرخانە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن یان هێزەکانی دەرەوەی خۆی بکات، لە وڵاتی ئێمەدا ئۆپۆزسیۆن دوژمنکارانە سەیری دەکرێت، هەمیشە هەوڵدەدرێت مافی هاووڵاتی بوونی لێ بسەنرێتەوە، دەسەڵات وەک چۆن خۆی بە پیرۆزکراو دەخاتەڕوو، هەموو ئیمتیازێکیش بۆ خۆی و ئەندامەکانی بەڕەوا دەزانێ و ئەوەی لە دەرەوەی خۆی بەڕەنگ و جۆرێکیتر بیربکاتەوە نابێت لە هیچ بەهرەمەند بێت، هەر بۆیە لەم وڵاتەی ئێمەدا بۆشاییەکی زۆر لەنێوان دەسەڵات و دەنگە جیاوازەکاندا هەیە.

# رۆشنبیران و هەڵوێست

لەوە بەدەر کێ ڕۆشنبیرە و کێ ڕۆشنبیر نییە، دێینە سەر ئەوەی کێ قەڵەمی بەدەستە و دەنووسێ، هەڵوێستی کام بەرەی هەیە و تا چەند جورئەت دەکات هەڵوێستەکانی خۆی بێ سڵەمینەوە بخاتەڕوو..! ئەمانە کۆمەڵێک مەسەلەن، هەڵوێستەکردنێکی شێلگیرانەیان لە ئاست دەوێ. دەپرسین ڕۆشنبیران تا چەند لە ئاست ئەو هەموو ڕووداو و کارەساتانەدا بوونە کە ڕویانداوە و ڕوو دەدەن، ئایا ئەرکی ڕۆشنبیر هەر ئەوەیە بنووسێ؟، لێرەدا نامەوێت لە پرۆسەی نووسین کەم بکەمەوە کەچ کاریگەریەکی هەیە لەسەر وشیاری کۆمەڵایەتی، هەروەک ڕۆماننوسی گەورە (گابریل گارسیا مارکیز) دەڵێ: داهێنان ئەوەیە باش بنووسی، ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە، ئایا نووسەرانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمە باش دەنووسن؟! کە بەبڕوای من باش نووسین هەڵوێستە..!

بەداخەوە لەنێو پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا بێ هەڵوێستیەکی زۆر دەبینرێت، ئەگەر ئەمەش بەشێکی پەیوەست بێت بەوەی حیزب سەرچاوەی بژێوی کۆنترۆڵ کردووە و بەنرخی بێ هەڵوێستی نان دەبەخشێت، بەڵام بەشەکەی تری ڕۆشنبیران خۆیان سەرچاوەکەین.

# هەرگیز ڕۆشنبیران
# لە دەرەوەی کۆمەڵگەدا نین؟!

ژیان پێکهاتەیەکی یەکانگیری هەیە، ناکرێ هیچ بوارێکی تری ژیان لەیەکتر هاوێر بکەین، ئەوە بەو مانایە نایەت تایبەتمەندی نەبێت، بەڵام ژیان خۆی شێوەیەکی دراماتیکی هەیە و هیچ کایەیەکی سیاسی یا ڕۆشبیری یا کۆمەڵایەتی دابڕاو نییە لە یەکتری و بەشێوەیەکی ئۆرگانی کارلێک دەکەن و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنن..

ڕۆشنبیریش وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی زیندوو لە دەرەوەی گۆڕانکاریەکاندا ناگوزەرێ، هەمیشە وەک تاکێکی هۆشیار و وریا ڕۆڵی کارا لە بەئاڕاستەبردنی کۆمەڵگە

دەگێڕێ و زۆرینەی خەڵک لە ژێر بیر و تێزەکانیدایە، بەو مانایەش نا بەدەوری پەیامبەرێکی کاریزمی هەستێ، بەڵکو کاری ڕۆشنبیری جدی هەمیشە هەڵوەشاندنەوەی بەستەڵەک و دۆگم و تێزە چەقبەستووەکانە، ناکرێت ڕۆشنبیر وەک کامێرایەک وێنەی سەرجەم دیاردە و دەرکەوتەکان بگرێت و ئارایشتیان بکات و نمایشیان بکاتەوە، بەڵکو کاری ڕۆشنبیر شکاندنی ڕووکەشی قاوغە باوەکانە و گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی مانایەکی جوانتر و ئینسانیتر بۆ ژیان، بەجۆرێکی تر بەخشینی مانایە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بەهادارترکردنی ئینسان.

لەم پێناوەشدا ڕەنگە ڕووبەرووی چەندین ئاستەنگ و بەربەست ببێتەوە.

ڕۆشنبیری بێ دیدگا و ڕوانین، بێ جیهانبینی و خەون، وەک ئەو ڕێبوارە وایە خاڵی دەستپێکردنی سەفەرەکەی نەزانێ و نەزانێ لە کوێ و چۆن هەنگاوەکانی پراکتیزە بکات، بەبڕوای من جیاوازی خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیر لەو خاڵەدایە، کە ڕۆشنبیر لەسبەینێی دونیایەک دەدوێ کەئێستا ئامادەیی نییە، خەڵک ئاڕاستە دەکات بۆ دونیایەکی باشتر لەوەی هەیە، هەرئەوەش ڕۆشنبیری بە ئیلتیزام و بێ ئیلتیزام لەیەکتر جیادەکاتەوە.

ئەوەی پێیوایە ڕۆشنبیری مولتەزیم، ڕۆشنبیرییەکی داخراو بەرهەمدێنێت و توانای پرسیارکردن و گەڕانی نییە، ئەو بۆ ئەوە ئەو نەیارییەی لا دروست بووە، تا بەکەیفی

خـۆی قسـەبکات و مەترسـی لێپرسـینەوەی نەبێـت، هەرواش بووە، ڕۆشنبیرێک کە بانگەشەی فرە ناسنامەیی بـۆ ڕۆشـنبیر بکات، داخـۆ لـەکـام لاوە ڕەخـنـەی لێبگیـرێ، فـرە ناسـنامەیی یانی پەیوەست نەبـوون بەهـیچ ڕایەڵێکـی فکـرییەوە، ئەمەش ڕێـگە خۆشـکەرە تـاوێ ڕەخــنە لـە دەسـەڵات بگـرێ و باسـی گەنـــدەڵی بکـــات و لـەریـــزی خەڵکـــی پێشـــکەوتووخواز و ئازادیخواز باس لە کۆمەڵگەی یەکسان و خۆشگوزەران بکـات، یـان پاسـاو بـۆ نارەوایەکـانی دەسـەڵات بێنێـتەوەو خەریکـی پینەوپەڕۆ بێت، کە لەدواجاردا ڕۆشنبیرێکی سەرلێشواو و بـێ متمـانەی لـێ دەردەچێـت و تەنهـا کـاری گەڕان دەبێـت بە نێـو بۆشایی وشە و دێڕەکاندا و گەمەی وشە و وشـەبازی دەکـات، لە بەردەم بچووکترین پرسیاریش بێسڵەمینەوە پێت دەڵێـت، من وابەسـتەی هـیچ ئایـدیۆلۆژیا و تێڕوانینێـک نـیم، بەمەش خۆی لە ئەرکە گەورەکانی کۆمەڵگە دەدزێتەوە و سـەرزەنشـتی ئەوانەش دەکات هەوڵی دۆزینەوەی دیدێکی تر بدەن بۆ دونیا.

لە ناوەنـــدی ڕۆشـــنبیری ئـــێمە لەشـــکرێک لەو جـــۆرە ڕۆشـنبیرانە هەیە، بە بیـانووی ئـازادی و بـێ ئیلتزامـی هەر ڕۆژە و ئاوازێک لێ دەدەن، خۆشـبەختانە خەڵـک نـۆتەی ئەو ئاوازانەی باش ئەزبەر کردووە.

# ئەوەی کێشەت دەخاتەڕوو بەهێزت دەکات

یەکێ لە خاڵە پڕ خەوشەکانی نێوان ڕۆژنامە و دەزگا پەیوەندیدارەکان نەبوونی پەیوەندی یان ئاگا لە یەکترنەبوونە، ئەوکاتەی دەزگایەکی حکومی بەدواداچوون لەسەر مەسەلەیەک دەکات کەلە ڕۆژنامەدا لەسەری نووسراوە، مایەی خۆشحاڵی ڕۆژنامەکە و ڕۆژنامەنووسەکەیە..

بەداخەوە لە کوردستاندا، پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژنامە و دەزگا حکومیەکان زۆر لاوازە، بەڕادەیەک زۆرجار دەبێتە مایەی نیگەرانی و ساردبوونەوەی ڕۆژنامەنووسیش، لەوەی مەسەلەیەکی وروژاندووە و نەبۆتە جێگەی سەرنج و بەئاسانی تێپەڕبووە. هەندێ جاریش کە دەزگایەک یان

بەرپرسی دەزگـایەک وەڵامـی ڕۆژنـامەیەک دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەی جێی دڵخۆشییە، بەڵام ئەوەندەی پاساوهێنانەوەیە بۆ خۆرزگارکردن، ئەوەندە کارکردن نییە بۆ چارەسەرکردن..! لە ماوەی کـاری ڕۆژنامەنوسیمدا، ڕووبەڕووی هەنـدێ وەڵامـی دەزگا و بەرپرسان بوومەتەوە کە وەڵام بووە بۆ هەندێ بابەت کەلە سەریان نووسراوە بەڕاستی جێی نیگەرانی بووە، کاتێک بەشێک لە وەڵامەکان بەبێ کلێشەی دەزگاکە و بێ مۆر بـوون، سەیرە بۆ دەبێت بەڕێوەبەرێک یـان سـەرۆکی شـارەوانیەک کە وەڵامی ڕۆژنامەیەک دەداتەوە بەبێ کلێشە و مـۆری دائیـرەکەی بینێرێـت!! ئەم ڕۆژنـامەیە بەچ پێـوودانگەیەک بزانـێ ئەم نووسراوە هی کەسێکیتر نییە و چۆن چۆنی بڵاویبکاتەوە!

مەسەلەی بەتەنگەوە نەهاتنی دەزگا حکومی و ئیدارییەکان بەپێی پێویست لە بەرامبەر ڕۆژنامەکانـدا، جـێگەی زۆر قسـە لەسەرکردنە و دەبێت بەمەسـەلەیەکی گرنـگ تەماشـا بکرێت، چـونکە ئەرک و پەیـامی ڕۆژنـامە ئەوکـاتە بەرقەرار دەبێـت کەگوێی لـێ بگیـرێ و بخـوێنرێتەوە و هەڵوێستەی لە ئاست بکرێت، نەک پشتگوێ بخرێت.

# ڕەخنە توانیویەتی سەرکردەیەك یاحیزبێك بخاتە ژێر پرسیارەوە؟!

ڕەخـــنە وەک فــاکتەرێکی بەهێــزی خســـتنەڕووی دیـــوی شــاراوەی دیــاردە و ڕووداوەکــان، لەنێــو کــایە ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ئـێمەدا ئامـادەیەکی لاوازی هەیە و حیـزب و دامەزراوە سیاسـییەکانی کوردســتان، ئەوەنــدەی لە ڕەخــنە دەسڵەمێنەوە و هەوڵی خۆشـاردنەوە دەدەن لێـی، ئەوەنـدە لە خەمـــــی چــــاککردنی کەموکوڕییەکــــان و نەهێشـــــتنی گەندەڵییەکاندانین.

نابێــت ئەوەمــان لە بیــر بچێــت، ترســان لە ڕەخــنە و پاساوهێنانەوە بۆ سنووردارکردنی، لە لایێ بوار بـۆ فەراهـەم کردنی حیوارێکی شێلگیرانە و جدی تەسکدەکاتەوە، لە لایەکی تریش ڕایەڵەکانی بیرۆکراتیەت و تاکڕەوی بەهێز دەکات.

بەداخەوە تــاهەنووکە ڕەخـــنەی بــواری ڕۆژنامەنووســی ئــێمە، ئەونــدەی مــامەڵەی لەگەڵ دیــوی دەرەوەی شــتەکاندا کردووە، ئەوەندە ڕۆنەچۆتە جەوهەرەوە، بـۆ نموونە لەنێو فەرمــانگەیەکی حکــومی جــگە لە پەنــجە خســتنە ســەر چەنـد شــتێکی لاوەکــی، ڕەخــنە نەی توانیــوە هەڵکشــێ بــۆ کێشـە باڵاکانی ئەو فەرمانگەیە.

ڕەخنەی ئێمە نەیتوانیوە سەرکردەیەک، یاحیزبێک بخـاتە ژێر پرسیارە و ڕای گشتی لەسەر دروست بکات، دیارە ئەمەش ئەگەر بەشـــێکی پەیوەنـــدی بەبـــێ جـــورئەتی و نەوێـــری ڕۆژنامەنووس و نووسـەران و ڕوونـاکبیران خـۆیەوە هەبێت،

ئەوە بەشـەکەی تـری پەیوەنـدی بە سروشـتی پێکهـاتەی ئەو حیـزبە، یـا ئەو دەسـەڵاتەوە هەیە، لەبەرئەوەی لای ئـێمە حیـزب فـۆڕمێکی خێڵەکیـانەی هەیە و نابێـت ڕەخـنەی لـێ بگیرێت، چـونکە قەنـاعەت وایە بە رەخنەگـرتن پیرۆزیەکـانی لەدەسـت دەدات. بەبـێ بڕوابـوونیش بەمـافی ڕادەربـڕین و دەسـتەبەرکردنی ئـازادی نووسـین و بڵاوکـردنەوە، مەحـاڵە ڕەخنە بتوانێ ئەرکی خۆی ئەنجام بدات..

لێرەدا دەشێ بپرسین کێن ئەوانەی لە رەخـنە دەترسێن و لێی ڕادەکەن..؟! کام بیر و تێز شورا بەدەوری خۆیـدا دەکێشـێ و بواری ڕەخنەگرتن نادات..؟!

لە هەردوو حاڵەتـدا، چ لەسـەر ئاسـتی تـاک، چ لەسـەر ئاستی فیکر، ترسان لە رەخنە، تەنها بەدگومانی دەگەیەنـێ.. بەدگومانی لەوەی پراکتیک کراوە، چونکە ئەقڵ و تێزی دۆگمـا بە رەخنەگـرتن دەخـرێتە ژێـر پرسـیارەوە و بەسـتەڵەکی دۆگماییان دەتوێتەوە و لە پیـرۆزی دادەمـاڵرێن، دەبێت لەوە تێبگەین، ژیـان بە رەخنەلێگـرتن پێشـدەکەوێ و تـارەخنەش پـێگەی چەسـپاوی لەنێـو ڕۆشـنبیری ئـێمەدا نەمەزرێنـێ، نـاتوانین مـامەڵەیەکی تەندروسـت لەگەڵ یەکتـردا بکەیـن و لەیەکتـر بگەیـن، بەپـێچەوانەوە سانسـۆرکردنی ڕەخـنە و ئاسـتەنگ خسـتنە بەردەمـی ئازادییەکـان، کـۆمەڵگە زیـاتر تووشـی قەیـران و وەسـتاوی دەکـات و پانتاییەکـانی لەیەکتـر حاڵی نەبوونیش فراوانتر دەبێت.

# هەرجەعی ڕۆژنامەنووسی بوێر کێیە..؟!

زۆربەمان کۆکین لەسەر ئەوەی ڕۆژنامە ئامرازە ئامانج نییە، بەو پێیە دەبێت لەپشت دەرکردنی هەر ڕۆژنامەیەکەوە ئامانجێکی ڕۆشن هەبێت، چونکە ڕۆژنامە دابڕاو نییە لەهەر ڕەوتێکی فیکری، بە جۆرێکی تر ڕۆژنامە خۆی لە خۆیدا سیاسەتە، سیاسەتیش لە سادەترین تاریفەیدا قسەکردنە لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک و هاندانیانە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، کەلە خۆشگوزەرانی و بەختیاریدا بەرجەستە دەبێت.

ڕۆژنامەنووسیش بزوێنەر و کارپێکەری ئەو ئامرازەیە، یەکێک لەو خاسیەتە گرنگانەش کەوا دەکات ئەو ئامرازە بەئاڕاستەی ئامانج ڕێبکات جورئەتە، جورئەت لە گوتنی ئەو ڕاستیانەی هەمیشە هەوڵی پەنهانکردنی دەدرێت. تاکە مەرجەعیش بۆ ڕۆژنامەنووسی بوێر و ئازادیخواز، ڕۆژنامەنووسێک کە گەرەکی بێت قسەی لەسەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان، کارەسات و پێشهاتەکان هەبێت، گەڕانەوەیە بۆ بەرژەوەندییە بالاکانی خەڵک، قسەکردن و هەڵوێستەکردنیش لە ئاست ئەو بەرژەوەندییانە، ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ چەندین ئاستەنگ و تۆمەت دانەپاڵ، جارێ بە شەڕخواز و دەیەها جاریش بەشتی تر..!

بەداخەوە، بواری ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، ئەوەندەی سەرقاڵی موجامەلە و سازشە و لەرووکاری مەسەلەکان لەنگەری گرتووە، ئەوەندە بەدوای ئەو حەقیقەتانەوە نییە، کە پێویستە بگوترێ، هەر بۆیەش خەڵک و خوێنەر و ڕۆژنامە بەیەکتر نامۆن و پردی نێوانیان لەرزۆک و لاوازە. چونکە خەڵکی بەدوای ڕۆژنامەیەکدا دەگەڕێن قسەیەکی جدی لەسەر ڕووداوەکان پێ بێت و ڕاستی بڵێ.

لاوازترین خاڵی ڕۆژنامەگەری کوردیش لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا فەرامۆشکردنی ڕەخنەیە، لەکاتێکدا ڕەخنە یەکەیەکی گرنگی ئەو بوارەیە، کەچی ڕۆژنامەکانی ئەو دەڤەرە لەهەموو جۆرە ڕەخنەیەک دەسڵەمێنەوە و ڕەوشێکیان نەخوڵقاندووە تاپرۆسەی ڕەخنە پێش بکەوێ، بۆ ئەوەی هەم دەسەڵات بەرەخنە ڕابێت و نزیک بێتەوە لەخواست و بەرژەوەندییەکانی خەڵک، هەم ڕۆژنامەش پەیامەکانی خۆی بگەیەنێ..

لە هەموو ساڵیادەکانی ڕۆژنامەگەریشدا، جگە لە هەڵگوتن بەشانوشکۆی ئەو یادە چیترمان بەرچاو ناکەوێت، کە هەقوایە ئەو دەرفەتە بۆ گفتوگۆی جدی و ورووژاندنی چەندین مەسەلەی گرنگ و پەیوەست بەکۆمەڵگەوە بقۆزرێتەوە.

# ڕەخنەگرتن دەروازەی فەراهەمکردنی دیالۆگە

دەشێ بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، نەختێک خۆمان لە دروشمی بریقەدار و سۆزدار بەدوور بگرین، چونکە بەداخەوە واڕاهاتووین هەمیشە وابەستەی یادەوەرییەکان بین و لە بۆنە مێژووییەکاندا قسەبکەین و بۆچوونەکانمان ئاڕاستە بکەین..

پێمباشە لە تەک یادکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریدا هەوڵی تاوتوێکردنی لایەنە چاک و باشەکانی، خراپ و خەوشەکانی ڕۆژنامەگەری بکەین، بیخەینەڕوو کە ڕۆژنامەگەری ئەم چەند ساڵەمان تا چەند خەم و مەینەتییەکانی خەڵکی بەهەند وەرگرتووە و بۆتە زمانی زامەکانیان.

دیارە لایەنە باشەکانی ئەم بوارە بەرچاون، بەڵام ئەستەمە هەمووومان هەست بەلایەنە سلبیەکانی بکەین، بۆیە پێمباشە بەجورئەتەوە و بێسڵەمینەوە لە هیچ، پەنجە بخەینە سەر کەموکوڕییەکان، تەنانەت ئەگەر (وتن) لەم بارەیەوە باج دانیشی بوێ، چونکە نەوتن ئاکاری خراپی لێ دەکەوێتەوە و خزمەتبەخش نابێت.

لێرەدا دەشێ باسی چەند لایەنێک بکەین کە ئێستا لەنێو ڕۆژنامەکاندا بوونی هەیە، ئەویش مەسەلەی ڕەخنە و

ڕەخنەگرتنە. ئەگەر بەووردی چاوێک بە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا بخشێنین دەردەکەوێت کەمەوداکانی ڕەخنەگرتن (بەتایبەتی ڕەخنەی زانستی و دوور لەموهاتەرات و تەشهیر) یەکجار تەنگ بۆتەوە و ڕۆژنامەکان بەڕادەیەکی کەم نەبێت ڕەوشێکی وایان نەخوڵقاندووە کە ڕەخنە و ڕەخنەکاری وەک زانستێکی سەردەم و پاڵنەری سەرجەم بوارەکان گەشە بکات.

ترسان لە ڕەخنە دەرەنجامێکی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەر لەو ڕێگەیەوە دەتوانین مینبەری دیالۆگی گەرموگوڕ فەراهەم بکەین و بیری پێکەوە ژیان و یەکتر قبوڵکردن بکەینە بەرنامەی کار و چالاکی سیاسی و فیکری ڕۆژانەمان. بەداخەوەش ئەوەی ئەمڕۆ لە بوارە ڕۆشنبیرییەکە بەرچاو دەکەوێت، لاوازی پرۆسەی ڕەخنەگرتنە کە خاڵێکی خامۆشی بواری ڕۆژنامەگەریە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەدا دەکرێ مەسەلەی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لەسەر سیستەمێکی پێشکەوتووخوازانەی زانستی بکرێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ قسە لەسەرکردن و ڕا گۆڕینەوە، ڕۆژنامەکانیش دەرفەتێکی باش بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان بکەن، ئەوسا ڕۆژنامە دەبێتە ئاوێنەی خەم و ئازاری خەڵک و خەڵکیش پەرۆشی دەرچوونی دەبن. پێویستە ئازادیی نووسین و ڕەخنە و حیوار تا ئەوپەڕی بەرقەراربێت، بۆ ئەوەی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لە گەشەکردنێکی بەردەوامدابێت و بڵندگۆی هەمیشەیی خواستی خەڵک و خوێنەران بێت.

# شێ لە نێوان (دە) و (نا)دا

(دەشـــێ) و (ناشــــێ) دوو زاراوەن زیــــاتر لەبـــواری ڕۆژنامەگەریدا بەکاردێن، دەشێ بۆ ئەو بابەتانەی بڕیاری بڵاوکردنەوەیان دەدرێ و ئامادەدەکرێن بۆ چاپ، ناشێش بۆ ئەو بابەتــانەی شــایانی بڵاوکــردنەوەنین. ئەو دوو وشــەیە لەمانــــادا زۆر لێکجــودان، بەڵـــکە دژی یەکـــن و یەکتـــر ڕەتـــدەکەنەوە، بەڵام ڕەنـــگە یەک خـــانەوادە بـــن، ئەوەتـــا هەردووکیان لە (شێ)دا هاوبەشن و جارێ (نا)ی دەخرێتە پێش و جارێکی دی (دە)..

ئـــای کەنووســـەران ڕقیـــان لە (ناشـــێ)یە و هەمیشــە حەز دەکەن (دەشێ) هاودەم و هاوەڵی بابەتەکانیان بێ.

نووسەر و بەرپرسی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، درێژترین ڕێگا بەهەنگـــاوێ کورتـــدەکەنەوە، ئەگەر بابەتێـــک مەرجەکـــانی بڵاوکردنەوەی تێدانەبوو، یان لەگەڵ ڕەوتی فیکری ڕۆژنامەکە نەگونجـا، یـــان.. هتـــد، ئەوە یەکســـەر بـــێ ڕوونکـــردنەوە و دەستنیشـــان کردنـــی هۆکارەکـــانی دەنووســـن (ناشـــێ) و ئیـــدی بابەتەکە مۆمیا دەکرێ و دەخرێتە ئەرشیفەوە.

بڕیـــاردانی دەشـــێ و ناشـــێ، جـــورئەتێکی زۆری گەرەکە و بەرپرســــیاریەتێکی گەورەیە، ئــــاخر کەم نیـــیە نووســــەرێ شـــەونخونی و مانـــدووبوونێکی زۆری فیکـــری و جەســـتەیی بـــۆ نووســینی دەقێـک یــان بابەتێـک بکێشـێ و تـۆش بەسـووک و ئاسانی بنووسی ناشێ، هەروەها بەپێچەوانەوەش..!

خۆ بابەتیش هەیە هیچ ئاستێکی ڕۆشنبیری نییە، بەڵام لەبەرئەوەی نووسەرەکەی دیار و بەرچاوە، یاخوود لە نێوەندێکی ڕووناکبیری گرنگ کار دەکات، ئەوە بابەتەکەی دەشێ و بێ سێ و دوو بڵاو دەبێتەوە.

ئەفسووس لەنێو زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، ئەوەندەی ڕەچاوی حیزبایەتی و خزمایەتی و ناوچەگەری و برادەرایەتی دەکرێت ئەوەندە ڕەچاوی بەپێزی و پوختی بابەتەکە ناکرێت.

نووسەر هەیە هەفتانە (٧ تا١٠) بابەتی بڵاودەبێتەوە، کەچی لەپێناو (دەشێ)یەک سەد ماستاو و تکا دەکا و دەچێتە لای ئەم و ئەو و دەیەها شێوازی نەشیا و دەگرێتەبەر، بەس بۆ ئەوەی بابەتێکی دی بۆ بڵاوبکرێتەوە.. نووسەریش هەیە چەندین نووسینی جوانی هەیە و کەس نایناسێ و هیچ ڕۆژنامەیەک بەلایدا ناچێ.

دەبا هەوڵدەین دەشێ و ناشێ لەشوێنی شیاوی خۆیاندا ببەخشین و دوور کەوینەوە لەهەرچی کاریگەریەکی لاوەکی و ڕەچاوی ناواخنی بابەتەکە و ئاستە زانستییەکانی بکەین:

دەشێ بۆ هەموو ئەو دەق و بابەتانەی بۆ بەرژەوەندی گشتی خەڵک و جوانکردن و بەرابەری ژیان نووسراون و دژ بەهەموو پێشێلکاری و ناعەدالەتییەک ڕادەوەستن.

ناشێ بۆ نووسینی هەموو ئەو قەڵەمە پووچ و نابووتانەی بە ئاڕاستەی هەموو ڕەوتێ ڕێ دەکەن و تاسەر ئێسقان هەلپەرست و ماستاوچین.

# کاریزما و دەستەمۆیی

هەر وەک چۆن کۆمەڵگەی کوردستان پێکهاتەیەکی ئـاڵۆز و تێکچـــــڕژاو و فـــــرە جەمســـــەری هەیە، ئـــــاواش ڕەوتە ڕۆشنبیریەکەی لە بارێکی نا ئارام و نا جێگیردایە، بۆیەش نا ئاسایی نابێت ئەگەر بڵێین بـواری ڕۆشـنبیری لە کوردسـتاندا لە نێو تۆڕێک کێشە و گرفتی هەمەلایەنە دەنالێنێ و ناڕۆشنی لە پرۆسەی کارکردندا بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت!..

هەمیشە میکانیزمەکانی کاری ڕۆشـنبیری جـدیش لەبەردەم تەمومژ و ئاستەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەدایە، بەجۆرێ گومـان لە هەمـوو کـارێکی تـازە دەکرێـت کە گەرەکیەتـی لە دەرەوەی باری باوی ڕۆشـنبیری پـرۆژە و هەنگاوەکـانی خـۆی پراکتیـزە بکات، سەرەنجامیش هەمیشە کارێک قسـەی لەسـەر دەکـرێ و دیـالۆگ دەخـولقێنێ کە جـورئەت لە میکـانیزمی کارکردنیـدا هەبێت و قسەیەکی جیاواز و نەوتراوی پێبێت.

پانتایی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا هێندە هەژارە هەر زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەری و داگیر دەکرێت، لەم نێوەشدا ڕێگە خۆش دەکات بە ئاسانی کاریزمای ڕۆشنبیری بێتە ئاراوە و تێزە فیکرییەکانی خۆی ئاڕاستە بکات، کاریزمایەک کە بەرامبەر دەکاتە گوێگر و تەنها ئەرکی چەپڵەلێدانی پێ دەسپێرێ، کە دیاردەی چەپڵەلێدان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا جگە لە خوڵقاندنی ڕەوشێک بۆ مێگەلی لە بیرکردنەوە و ڕوانین چیدی لێوەدی نایەت.

بە هەمان شێوە کاریزمای سیاسی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕۆڵی خۆی بینوە و هەمیشە ویستویەتی دەسەڵات بۆ خۆی پاوان بکات.

ئەرکی لە مێژینەی ئەدەب و ڕۆشنبیریش لە تەک بەرهەمهێنانی هۆشیاری هەڵوەشاندنەوەی پنتە خەستکراوەکانی دەسەڵات و هەڵتەکاندنی بەستەڵەکی دۆگمایی و تێکشکاندنی ئەو تەوتەمە بووە، بۆیە ئەمڕۆ خەتەرناکترین شت ئەوەیە هەست بەوە نەکرێت کە زەین و هۆشی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لەبەردەم شەپۆلەکانی قۆرخکردن و داگیرکردن دایە، سەرەتاکانی ئەو کاریزمایەی کە ئاماژەم پێدا خەریکە لە نێوەندی ڕۆشنبیری گەرای خۆی دادەنێ و چەپڵەلێدان و بەڵێ.. بەڵێ سەروەر دەکات.

# رۆڵی ڕۆژنامەگەری و ڕووداوەکان

ڕۆژنامەگەری وەک کەناڵێکی ڕاگەیاندن، هەڵگری پەیامێکی ئێجگار گرنگ و پڕ بایەخە و ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێ لە خستنەڕووی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان و هەروەها بە ئاڕاستەبردنی ڕەوتی گۆڕان و ئاڵوگۆڕیەکانی نێو کۆمەڵ، ئەم ئامرازە کاریگەرە چەند دەتوانێ لەپێناو دەستبەرکردنی بیری پێشکەوتنخوازی و بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە بخرێتەگەڕ، سەد ئەوەندەش دەتوانێ پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەی سەرەوە لەکاردا بێت.

دیارە هاوێرکردنی ڕۆڵی چاک و خراپی کاری ڕۆژنامەگەری لەسەر خەڵک و خوێنەرانی وەستاوە، بەوەی تا چەند لەئاست داوا و خواست و بەرژەوەندییەکانیان کاریکردووە، چونکە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەکار و ژیانی ئەوان دەدوێت.

ئەمــــڕۆ لە کوردســـــتاندا بـــارێکی بـــاش ڕەخســـاوە و ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەکی باش لە شێوە و ناوەڕۆکدا گەشەی کردووە و هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەرێخستووە، ئەوەتە هەر حیزب و گروپ و لایەنێک خاوەنی ڕۆژنـامەی خـۆیەتی و وەک ئامرازێـک بانگەشـەی بیـر و سیاسـەت و تێزەکـانی خـۆی پێـدەکات، بەم هـۆیەوە دەیەوێـت پەیوەنـدی نێـوان خـۆی و جەمـاوەر بەهێـز بکـات، دیـارە جەمـاوەریش لە هەڵبژاردنـی سیاسەتی ڕاست و بڕوا و متمانە پێکردن ئازادە.

لە چەنـد سـاڵی ڕابـووردوودا تـا هەنـووکەش کەم تـا زۆر بـــاس لە رۆڵـــی ڕۆژنـــامەگەری کـــراوە و هەوڵـــدراوە وەک دەســـەڵاتی چـــوارەم (ئەگەر بەرووخســـاریش بێـت) بەخەڵـک بناسرێت و خەڵـک بەم هۆکـارە گـرنگە ئاشـنا بێـت، دیـارە لەوڵاتێکدا کەپێکهاتە و بنەماکانی کۆمەڵگەکەی هێشتا ڕزگـاری نەبـــووە لە خڵـــت و خەوشـــی مەزهەب و عەشـــایەرگەری و کەلتورێک زاخاو بەداب و نەریتێکی داڕزاو و لەرزۆک، ئاسـان نیـیە ڕۆژنـــامەگەری بەرۆڵـــی پـــڕ بـــایەخی خـــۆی هەســـتی و پەیوەنـدیەکی تونـدوتۆڵ لە نێـوان خـۆی و خەڵکیـدا دروست بکات. ئەمە سـەرەڕای ئەوەی لەنێـو کـۆمەڵگەی ئـێمەدا هێشـتا ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی نەخوێنـدەوارن و ڕێژەیەکـی زۆریـش خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی شارەکان دوور لە پێداویسـتییە گرنگەکانی ژیان دەگوزەرێنن.

دەســـەڵاتی چـــوارەم لە کـــۆمەڵگەیەکی وەک کوردســـتان کە هێشتا دەسەڵاتەکانی تـر جێگیـر و تەندروست نـین لە بەردەم

پرسیاری زۆر دایە و یاسا بەرقەرار نەبووە، نەک خەڵکی بەدەسەڵاتی نازانن بەڵکە خۆشی ناتوانێ وەک دەسەڵات خۆی نمایش بکات، خۆ ئەگەر ڕۆژنامە بەتەواوی ئاوێنەی دەسەڵات و سەرچاوەی فیکری و ماددی دەسەڵات بوو، ئەوە تەنها دەتوانێ لە ژێر ڕۆشنایی سیاسەتی ئەودا بجوڵێتەوە.

بە دەسەڵاتبوونی ڕۆژنامەگەری و ڕۆڵبینینی جدی ڕۆژنامەش تەنها لە دروست بوون و هاتنە کایەوەی کەناڵی ئازاد و سەربەخۆی ڕۆژنامەنووسی دێتەکایەوە، هەمووشمان دەزانین لە کوردستان کەناڵێکی ئەوتۆ لەو شێوەیە بێت زۆر کەمە، بۆیە بەبێ ئازادی و سەربەخۆیی ڕاگەیاندن، بێ سوودە قسەکردن لەسەر دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەری، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە خاڵێکی هەرە ڕۆشن و بایەخدار کە دەکرێت بکرێتە هۆکارێک هەم بۆ بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەگەری و هەم بۆ بەهێزکردنی نێوان خۆی و خەڵک و خوێنەرانی هەبوونی ئازادییە، (ئازادیی) وەک خاڵی وەرچەرخان، دەستەبەرکردن و سەقامگیرکردنی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، گڕوتینێکی هەمەلایەنە بەرەو پێشەوەچوونی بزافەکە دەدات و گەشە و داهێنانیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

## نەخۆشییەکی نووسەران

نەخۆشـی زوو بڵاوکـردنەوە و زۆر بڵاوکـردنەوەی بەرهەم لەلایەن هەنـدێ لە نوسـەرانەوە دیـاردەیەکی بەرچـاو و مەترسیدارە، وا لە نووسەر دەکات هەمیشـە بەر لە نووسینی دەقێک بیر لەبڵاوکردنەوەی بکاتەوە، چـاکترە بڵێـین نووسـەر دەخـاتە بـارێکەوە تەنهـا لە پێنـاوی بڵاوکـردنەوە بنووسـێ..! بەمەیـش نووسـەر لە مەبەسـتی سـەرەکی نووسـین و ئەو پەیـامەی هەڵیگرتـووە دووردەکەوێـتەوە و تووشـی لاڕێیـان دەبێت.

ئەمە نووسەرانێک ناگرێتەوە کە بەرچاو ڕوونـن و خـاوەن هۆشمەندیەکی فراوانن و دەزانن چۆن و بۆ کێ نووسینەکانیان ئاڕاستەدەکەن، لەگەڵ ئەوەشـدا نووسـەر مـافی خـۆیەتی حەز

بەبڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی بکات چونکە نووسەر بۆ خەڵک دەنووسـێ و خواستیشـی ئەوەیە زۆریـنەی خـوێنەران بەرهەمەکەی بخـوێننەوە، بەڵام ئەم شـێوەیە لەگەڵ ئەوەی باسمان کرد زۆر جودایە.

دەبـێ بـزانین ئەدەب ئەرکێکـی زۆر فـرە مەزن و فراوانـی ئینسانی هەیە و تۆوی گۆڕانخوازی لە ناخی خۆی هەڵگرتووە و ڕاستەوخۆ کـاریگەری هەیە و دەوری لەسـەر تـاووتوێکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە، بۆیە دەبێ و پێویستە نووسەر وریا و کارامە و تێگەیشتووبێ لە سەردەمەکەی، خۆ دووربگرێت لە هەڵـپەی بڵاوکـردنەوە لەو کـارە لابەلایـانەی ئیشـی ئەونـین و شـتە گرنگەکـان فەرامـۆش نەکـات، لەخەمـی ئەوەدا بێـت نووسـینەکانی تـا چەنـد دەبـنە جێگـای سـەرنجی خەڵـک و گەیاندنی ئەو نامە پیرۆز و بەهادارەی هەڵیگرتووە..!

پەلەکـردن لە زوو خۆناسـاندن و ناوبانـگ دەرکـردن، ڕاگەیاندنی مەرگی نووسـەر خـۆیەتی و نزیـک بـوونەوەیە لە کۆتـایی، لەسـەرێکی دیشـەوە دوورکەوتـنەوەیە لە داهێنـان و ئەفراندن و ناوەرۆکە مرۆییەکە...!

# بەهاری خەون و شکست و یادەوەری

هەموو ساڵێک کە لەمانگی ئازار نزیک دەبینەوە، پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین و بە هەستیاریەوە هەنگاو هەڵبێنین، چونکە ئەو مانگە لە ساڵنامەی خەڵکی کوردستاندا چەندین یادەوەری تاڵ و شیرین، سارد و گەرمی هەیە، مێژووی ئێمە ناکرێت بەسەرلەبەری ڕۆژەکانی ئەو مانگەدا نەچێتەوە و فەرامۆشی کات، بەڕاستی تا ئێستا بۆتە مایەی تێڕامان بۆچی مانگی ئازار ئەوەندە ڕووداو و کارەسات، بۆنە و یادەوەری لە خۆگرتووە، بەجۆرێ دەکرێ بەمانگی ڕووداو، یان ڕاستەوخۆتر لە مێژووی نوێی ئێمەدا بە مانگی وەرچەرخان ناوزەدی بکەین.

لەم وەرزەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێ یاد و بۆنە دەبینەوە، کە ڕاپەڕین سەبارەت بە مێژووی ئێمە گرنگترینیانە، ناکرێت ئەوە لە بیر بکەین کە دونیای ئێمە بەر لە ئازاری (1991) مێژوویەک بوو پڕ لە خوێن و سەرکوتگەری، بۆیە حەقە لە یادکردنەوەی هەر ساڵێکی ڕاپەڕین جارێکی تر خوێندنەوە بۆ ئەو خەونانە بکەین کە خەڵکی کوردستان لەپێناو پراکتیزەکردنیدا ڕاپەڕین و خوێنیان ڕشت...

لە هەموو بەهاری ڕاپەڕینێکدا پێویستە بپرسین ئاخۆ ڕاپەڕین توانی پەیامە زیندووەکانی خۆی بگەیەنێتە دوا مەنزڵگا و سیما و ڕووخساری دیکتاتۆران و شوێنەواری ترس و تۆقین لەسەر ڕووپەڕی هزر و داب و ڕەوشتی ئەم کۆمەڵگەیە بسڕێتەوە؟!، هەنووکە کە چەندین ساڵ بەسەر تەقینەوەی

خەمی کەڵەکەبووی خەڵکی کوردستان تێدەپەڕێ، گەشە و ژیانی کۆمەڵایەتی تا چەند پێشخستنی بەخۆوە بینیووە، لە تەک ڕۆچوونی باڵەخانەکان بۆ ئاسمان، بەها و خەونی مرۆڤەکانیش باڵا بووە؟!

ئاخۆ بار و گوزەرانی ڕۆشنبیران بەگشتی و بزووتنەوە هونەرییەکان بەتایبەتی، گەیشتۆتە چ ئاقارێک و زەمینەسازیی و کارئاسانی چی بۆ ئەو بوارانە کراوە؟ ئەی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران خۆیان لەم چەند ساڵەدا چیان کردووە و هەڵوێستیان لە ئاست کارەسات و ڕووداوەکان چی بووە، چ ئیزافەیەکیان خستۆتە سەر ڕەوتی پڕ لە گرفت و ململانێی دوێنێ..؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر ئەمڕۆ دەوروژێنرێن و هونەرمەندان و نووسەران هەر خۆیان دەبێ وەڵامدەرەوەی ئەم پرسیارانە بن، چونکە ناکرێ ئەزموونی ئەوەندە ساڵەی دەسەڵاتی کوردی بەهەند وەرنەگیرێ..!

ڕەنگە بتوانین بڵێین تەجاوزی هەرە دیاری بیست ساڵی ڕابردوو فراوانبوونی ئاسۆی دەربڕین و مەودای بەرینی بڵاوکردنەوە و زۆریی دەزگای چاپەمەنی و ڕەنگدانەوەی ئازادی دەربڕین لەسێبەری ئەو ڕەوشەی ئێستادا، بەڵام هێشتا پرسیارە جەوهەرییەکان وەڵامی تری گەرەکە، مرۆڤی کورد خوازیاری زۆر زیاترە، ڕەوشی ڕووناکبیری پێویستی بەکرانەوە و ئازادی زیاتر و زیاتر هەیە..!!

# کێ بێ ئەخلاقە..؟!

لەیەکێ لەکوێرە دێیەکانی کوردستان، لەسەر ئەوەی یەکێک بەیەکێکی گوتبوو، هەی بێ ئەخلاق، سێ کەس کوژران و ئێستاش دوژمنارییەکەیان درێژەی هەیە.

کەچی لەم ڕۆژانە لەنێو شاردا، لەدەمەتەقێیەکی نێوان دوو گەنجدا، گوێم لێبوو، ناوە ناوە بەیەکتریان دەگوت بێ ئەخلاق و لەگەڵیشدا قریوەیان بەرز دەبۆوە.

لەیەکێکیانم پرسی، چۆن تورە نابیت پێت بڵێن بێ ئەخلاق..؟!

-کاکە گیان ئەخلاق لای ئێمە پێناسەیەکی تری هەیە... ئەوەی عەوام پێیوایە ئەخلاقە، مەرج نییە ڕاستی تێدابێت.

ژیرانە لەمەسەلەکە بڕوانین ڕێک وایە، چەمکی ئەخلاق بەرهەمهێنراوی قۆناغێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییە، بەپێی ژینگە و قۆناغ گۆڕانی بەسەر دادێت.

لای ئـێمه ئەگەر بمانەوێـت ڕق و تـوڕەیی بەسـەر کەسـێک دابببـارێنین، یـان ئەو کەسـە لەکەدار و ناشـیرین بکەیـن، یەکسەر چەندین جـوێنی سێکسـی بـۆ دایـک و خوشکی ڕەوانە دەکەین و بەکەر یان بە سەگ یـا بەهەر جـۆرە ئـاژەڵێکی تـری دەچوێنین، کەچـی لە خۆرئـاوا سـەگ ئـاژەڵێکە ڕێـزی هەیە و ئەو جوێنە سێکسیانەی ئێمەش تەواو پـێچەوانە دەبـنەوە، بـۆ نموونە لە یەکێک لەوڵاتانی خۆرئاوا، کـوڕ و کچێـک بڕیـاری هاوسـەرگیری دەدەن، بەڵام لەیەکەم شـەوی جـووت بوونـدا جیـادەبنەوە، بیـانوی جیـابوونەوەکەش ئەوەیە، کـوڕەکە بەکچەکە دەڵێ تا ئێستا تـۆ خـاوەنی پەردەی کچێنـی، کەواتە تۆ ئەزموونی سێکسیت نییە  و ناتوانی چێـژ بەمـن ببەخشـی، بۆیە جیا دەبینەوە..!! لای ئێمە ئەم حاڵەتە تەواو پێچەوانەیە و بەمەرگی کچە کۆتایی دێت. کەواتە دەشـێ ئەوەی ئـێمە پێـی دەڵێین ئەخـلاق  و شـەڕی لەسـەر دەکەیـن، لەخۆرئـاوا تەواو پێچەوانە ببـتەوە و بـێ ئەخلاقـی بێـت. بـۆیە ئەخـلاق بە پێـی شوێن و کات و ژینگەی خەڵک دەگۆڕێت.

## من ڕۆژێ دەیان جار دەمرم و دەژییێمەوە..!!

مـــن دەمـــرم..! دەمـــرم و دەژیـــێمەوە.. جـــار هەیە لە چرکەساتێکدا دەیـان جـار دەمـرم و زینـدوو دەبـمەوە. مـردن سـیمبولی کۆتـایی شـتەکانە..! مـردن شـەڕێکی نەبـڕاوەی ئینسـانە، جەوهەری ململانێـیە، هەمیشـە لەسـەر پێـیە، بەڵام لێـرە لای مـن مـردن چێژبەخشـینە بە بـوونێکی ڕاسـتەقینەی ئەبەدی..!

مـــن دەمـــرم.. مردنێـــک ئاکـــامی زینـــدووبوونەوەیە، پرۆسەیەکی چەندە سەختە، ڕۆژێ دەیان جـار مـردن بەچـاوی خۆت ببینی..

من ئەو ساتانە مەرگ میـوانمە، کەلە شکری بـێ شوماری

منـداڵە بۆیاخچیەکـانی سەرشـەقام کـزە لە جەرگـم وەدیـنن، نیگـای تەمـاوی ئەوان.. بـاڵای ژاکـاوی ئەوان.. بـێ بەرگـی و داماویـان، دەمـکەنە مشـتێ سـووتو. دەیـان جـار دەمـرم و دەژییێمەوە، کە پیرەمێردێکی پشت کۆماوی نابینـا، لـۆژە لـۆژ پشـتی ئەو شـەقامە تەزیـو و لەپزبـرانە دەکوتێتـەوە.. شـەڕ لەگەڵ مەرگدا دەکات، لای ئەو نەنگیەکـی گەورەیە دەست پـان بکـاتەوە.. بەکەساسییەوە بەنەخـوێن، پـاکەت، شـخارتە.. دەفرۆشێت.. چ نەگییەکـی گەورەیە بـۆ مـرۆڤ کە سـەیری ئەو دیمەنانە دەکات و ناتوێتەوە..!

من بیردەکەمەوە.. کە مئەندامەکانی سەرشۆستە، دەسـت و قاچ پەڕیوەکان، دیمەنی هێندە سـامناکن کەس نـاتوانێ چەنـد چـرکەیەک لێیـان ڕامێنـێ.. نـاتوانین ڕابمێنـین چـونکە ڕامـان مردنێکی تـری بەدواوەیە..! ڕامـان لە مەرگـی هەمیشـەیی سـەر شۆسـتەکان، لەو هەمـوو پەپـولە بنێشـت فرۆشـانە، مـردنە مردن..!

من بیردەکەمەوە و دواجاریش من دەمرم..! خۆشحاڵ دەبم، بەباڵای بۆ ئاسمان ڕۆچووی ئەو هەموو پاڵاس و مـۆڵانە، بەو هەموو باڵەخـانە چەنـد قاتیـانە، گەش دەبـمەوە، کە خەڵکـی وڵاتەکەم بــــاوەش بەپێشـــکەوتندا دەکەن و پێشـــوازیی لە ئینتەرنێـت دەکەن، بـڕوا بـکەن مـن حەز بەشارسـتانیەت و بوژانەوە دەکەم، پێمخۆشە شـار هەمـووی باڵەخـانە و مـۆڵ و مەلەوانگە بێت.. بەڵام دەمرم، کە هاوڕێکەم پێم دەڵێت خەڵکـی هەژاری شـار چەنـدە سـاویلکەن، دڵیـان بەو شـتانە خۆشـە،

ئەوان نـازانن دواجـار تەنـهـا دڵخۆشـی و سـەیرکردونیان بـۆ دەمێنێتەوە. خۆ ئەگەر بکرێت ئەوانەیش گومرگ دەکرێن..!!

دەمـــرم کە دەبیـــنم هەر کیلۆمەترێـــک دوور لەو مـــۆڵ و مەلەوانـگەو مارکێتـانە، دەیـان و سـەدان مـاڵە هەژار هەیە کە ژیـــانی کـــولەمەرگی بەســـەر دەبەن.. دەمـــرم کە دەبیـــنم عەرەبانچیەکی شیخ الـلە و دەبـۆکە ڕۆژ تـا ئێـوارە لەبەر ئەو سۆرە هەتـاوە، ژەمێکـی چەور و کرێـی خـانییەکەی بـۆ دابـین ناکرێ..!

ئـاوەدانی ئـاوەدانی.. ئـاوەدانی ڕۆحە وێرانەکـان بەر لە ئاوەدانی کەلاوەکانی شار..!

مـن حەزم لە پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـایە.. بەڵام دەشـمرم، قەدەری هەمــوو ئینســـان بەداگیرســـاندنی چەنــد دوگــمەیەک بەندبێت.. وەک فەیلەسوفی ئەڵمانی (تیۆدۆر ئادۆرنو) دەڵێت: (چارەنووسی جیهان بەسەر پشتی ڕۆکێتەوەیە).

بیرت پەرت نەبێت، ئەوانەی من باسی دەکەم، باسکراون، هەست پێکـراون، واقیعـێکە و هەیە و هەمووـمـان دەیبینـین.. دەشـێ بلێـین ڕەوتێکـی دیـاریکراوی فیکـری پـاڵنەرە بـۆ ئەو قسـانە.. بەڵام خـۆ مـن کە لەپـۆلی یەکەمـی ناوەنـدی بـووم و یەکەمین کورتە چیـرۆکم نووسـی و نیشـانی مامۆسـتاکەم دا و بۆمخوێندەوە.. ڕاستەن پێیگوتم.. کوڕم تۆ مارکسیی ئاگات لە خـــۆت بێـــت.. مــن ئەوســـات نەمارکســم دەناســی و نەرۆژێ وێنەیەکیم دیبوو، دواجار چەرمەسـەری ژیـان، چەوسـاندنەوە و نابەرابەری، برسیەتی و نەبـوونی، تێـر و پۆشـتەم بینـی،

ئەو ئینسانەشم ناسی.. مانیفێست و کەپیتاڵ.. تێزەکانی ئەو.. دابەزینی بەهەشت لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی.. زەوییەک دەشێ مرۆ تێیدا سەروەربێت، بەختەوەربێت، بەکورتی دونیایەک نابێت لە سبەی بچێت و وەک ئەمڕۆ بێت..

من دەمرم.. دەشێ کەسی تر هەبن وەک من بمرن و زیندووببنەوە..؟؟!

برینی وشە، لە برینی گوللە قوڵترە، جار هەیە ڕستەیەک دەمکوژێ، هەڵم دەگرێ و دەم داتە دەم ڕەشەبای بیرکردنەوەیەکی قوڵ.. بیرکردنەوەش خۆی مردنێکی ترە، پرۆسەیەکی ئازاراوییە، خۆ تاوتوێ کردنە، هەڤپەیڤینێکی چارەنووسسازە لەگەڵ خۆتدا، دواجار ئەوەی بیربکاتەوە هەم هەیە و هەم دەشمرێت..! بیرکردنەوە لە چی..؟ لە کێ.. ؟ لەو شتانەی باسمان کردن و لەوانەی لە باسکردن نایەن.. من بیردەکەمەوە کەواتە هەم.. (کانت)ی ئازیز مۆڵەتم بدە با بڵێم: من بیردەکەمەوە کەواتە دەمرم.. من دەمرم.. دەمرم و.. نامرم..!! بەبینینی دیمەنی ئەم کوڕ و کچە لاوانەی تاسەر ئێسقان چەپاندن بەگیانیان ڕۆچووە.. دەمرم بە بینینی ئەو لاوانەی کەسێ نییە بە لاواز و بێ ئیرادەی نەزانێ، گوێی بۆ شلکا، تا باسی عەشقی خۆی بۆ کچێک بکات..

عەشق.. ئای وشەیەکی چەند نامۆیە بە ئێمە.. ئاخر لە وڵاتێکدا نێر و مێ، شورای هەڵچنراوی نێوانیان ئاسمان و ڕێسمان بێت، نێرومێ دوو دونیای لێک جیاواز، دوو

ئەستێرەی نەدۆزراوە و نا ئاشنا بەیەک.. لە وڵاتێکدا نامەی دڵداری لە کاغەزێکی سەدجار پێچراوی سیاسی نێوان شاخ و شار یاساغ تر بێت، عەشق چ مانایەک لە خۆی دەگرێ، کچ لای کوڕ کیشوەرێکی نەدۆزراوەیە، جەستەیەکە لە خەیاڵ و واهیمە.. کوڕ لای کچ پاڵەوانی داستانە ئەفسانەیەکانە و سەردار و پشت و پەنایە، نا عەشق لە وڵاتێکدا ئامادەیی نییە. (نەوال سەعداوی) ڕاستی گوت، خۆشەویستی لەنێوان کۆیلە و دەسەڵاتدار چەوساوە و چەوسێنەر بوونی نییە، پیاوی دەسەڵات پێ بەخشراو خاوەنی هەموو شتەکانە، تەنانەت تۆی کاڵاش لە تەک کاڵاکانی تر، کەواتە چۆن خۆشەویستی بوونی دەبێت..

من بیردەکەمەوە کەواتە من دەمرم.. من بیر لە (ژن) دەکەمەوە، ڕاست تر بیر لە خۆم دەکەمەوە.. چونکە بەختیاری من لە ئازادی ژندایە، تۆ کۆیلە بیت ئەی ژن سەروەری منی پیاو چ مانایەکی دەبێت..!

دەبێت بیربکەینەوە تا بمرین.. بەکۆ بمرین تا بژین.. ژیانێک درەختەکانی سێبەری بۆ هەمووان بێت.. هەمووان وەک یەک ئاشنای زەردەخەنە بین.. وەک یەک بخۆین، بخۆینەوە، وەک یەک بمرین و بژین..!!

# گـــۆڕان هـــەر گـــۆڕان..!

گۆڕان خاسیەتێکی گرنگ و هەمیشەیی ژیانە، بەوپێیە نابێت دوێنێی من، دوێنێی تۆ، لە ئەمڕۆمان بچێت، ئەمڕۆشمان وەک سبەینێ بێت. شۆڕش بەمانا گشتییەکەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری تۆوی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە.. بۆیەش شۆڕشگێڕیەتی پرۆسەیەکی بەردەوامی مرۆڤە، بۆ لە باش بۆ باشتر و باشترین.

بەم پێودانگەیە، ململانێی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، دواجار لەگەڵ سروشت و دەوروبەریدا لە کۆتایی نایەت.

ئەگەر دوێنێ یا ئەمڕۆ، ڕەوتی ژیان بەرەو ئاقارێک ئاڕاستە کرابێت کە لەگەڵ حەز و ویستی ئینسانەکانی ئەم سەردەمە نەیەتەوە.. ئەوا سبەی، یاخود لە ئایندەیەکی نزیک یا دوور، بارەکە بەشێوەیەکی تر وەردەچەرخێ و ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی دەگرێتەبەر، کە گەیشتنە بە ئازادیی و دەستەبەرکردنی یەکسانی و نەمانی چەوسانەوەیە.. گرنگ هەوڵ و جوڵە هەیە.. ئەمەش وادەکات گۆڕان بێتە ئاراوە و دوێنێمان لەمڕۆ نەچێت..!!

# ئەی بەناو چەپ و مارکسیی..!

ئەی دەسەڵاتداری بەنـاو چەپ و مارکسیی..! قەت لەخـۆت پرسیووە، ڕەفتارەکانی سەر کورسی و ئەو دیـوی مێـز، زۆر نـامۆ و جیـاوازن بەو دروشـمانەی تـۆ و حیـزبەکەت سـاڵانێکە بانگەشەی بۆ دەکەن..!

تــۆ لەخــۆت ڕوانیــووە، چەنــد ڕاشــکاوانە بــاس لە دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵگە دەکەیت، کەچی کە دەسـەڵات پیـادە دەکەی سـادەترین هەڵسـوکەوتی مرۆیـانەت تێـدا بەدی ناکرێـت، ئەوەتە لەســەر کورسـیەکەتەوە بەلالــوتەوە لەگەڵ کارمەندەکانت دەئاخفی و زۆر بێ شەرمانە دەنەڕێنی، لەسەر بـاش پـاک نەکـردنەوەی ژوورەکەت، یـان تـۆزێ دواکـەوتنی چـایەک هەرچـی قسـەی نەشـیاو و نامرۆڤـانەیە بەسـەر دەوت دادێت.

ئەی دەســـەڵاتداری بەنــــاو مارکســـیی و چەپ، ئەی ئەو کەسەی هەتا دوێنێ مارکسیزم قیبلە نومات بوو، خۆپەرست و مشەخۆری و خۆبەزل زانین، کردەوەی نەک ئینسانێکی وشیار و تەندروسـت، بەڵکـو کەس نیـیە، کەچـی هەمـوو ئەوانە و زیـاتریش لە تـۆدا بەدی دەکرێـت...!! بەسـە ئیتـر لە پشـت ئایـدیۆلۆژیا و فیکـرەوە خـۆت مەڵاس مەدە! ئەوەی ئەمـڕۆ بەهـۆی پەتپەتێـنەوە پێـی گەیشـتووی، دڵنیـابە بەیـانی لە دەستی دەدەیت..!

## هەی هەرگدۆست..!

تێرۆریزم پرۆسەی نەخوێندنەوەی هیچ شتێکە لە دەرەوەی خۆی، یانی دواپلەی دۆگماییە. مرۆڤی دۆگما نە بیردەکاتەوە و نەدەبینێ، پێشتر هەموو شتەکانی لای خۆی ساغکردۆتەوە و بڕیاری لەسەرداوە.

ئەوەی وا دەکات مرۆڤێک بگاتە دوندی دۆگمایی و تێرۆر، داخراوی تێکستە.. واتە تێرۆر لە فیکرەوە سەرچاوەی گرتووە، فیکری داخراویش لە ژینگەیەکی داخراو و نەخۆش گەشە دەکات، بەوپێیە چاککردنی باری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری، ئاسۆی خۆشەویستی بۆ ژیان زیاتر دەکات، چونکە تێرۆر دوا پلەی مەرگدۆستییە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ تێرۆریزم بنبڕ بکەین دەبێت لە خودی کۆمەڵگەوە دەست پێبکەین، لە مەرگخوازییەوە بۆ ژیاندۆستی.. لە خەمەوە بۆ خەندە، لە قەهر و تووڕەیەوە بۆ میهرەبانی، مرۆڤەکان ئاراستە بکەین.

## هەی نەخۆش..!

تـۆ کە هەمیشـە خـۆت  لە خەڵکـی بەکەمتـر دەزانـی و لە بەردەم بەرپرسێک یان وەزیرێک سوور هەڵـدەگەڕێی و زمانـت تەتەڵە دەکـات و شـەرم داتـدەگرێ دڵنیـابە نەخۆشـی..! نەخۆشی چـونکە مـاف بە بەرامـبەرەکەت دەدەی قسـەی خـۆی بکات و تۆش ڕەنگ هەڵبزرکاو هیچت بۆ نەگوترێ، نەخۆشـی چونکە وەک ئینسان کەسانێک نابینی کە ئەمڕۆ لەسـەر شـانی تۆ و بەخوێنی تۆ لەسـەر کورسـی و لەودیـوی مێـز بە کەیفـی خۆی قسە دەکات و تۆش سەرکز و بێ دەسەڵات تەنها بەڵـێ و سەرلەقاندنت بۆ دەمێنێتەوە..!

بەڵــێ نەخۆشــی تــۆ لەوەدایە، کەپێتــوایە ئەمەی هەیە حەقیقەتــی ژیــانە و نــاگۆڕێ، بچــووکی تــۆ لەوەدایە کە بەکەمترین ماف ڕازیت و قەت ناپرسـی تـۆ و ئەم  و ئەو، هەر ئینسـانن و ژیـان و خۆشـگوزەرانی دەبـێ بـۆ هەمـوومـان وەک یەک بێت.

# هەی نووسەری قسە

ئەوە چییە، ئەو هەموو ڕەخنە و نارازی بوونە ئاڕاستەی کێ دەکەیت..؟ ئەی تۆ خۆت نووسەر.. قەڵەم نیت..! سەیرە تۆیەک هەمیشە ڕەخنە دەگری، ئەم بەنەزان و نەشیاو.. ئەو بە نەشارەزا دەزانیت، کەچی کەدێتە سەر نووسین و بڵاوکردنەوە، بچووکترین هەڵوێستت نییە.

نووسەری داهێنەر..!! خەڵک قسە لەیەکێ وەردەگرێ، ئامرازی دەربڕینی نەبێت، بەڵام تۆ لە شاعیریدا خۆت بەنالی ناگۆڕیەوە و لە نووسینیشدا مارکیز بە سەپان ڕاناگری، بۆ نانووسی، بۆ ئەو ڕەخنە و گلەیانەت لە دەسەڵاتی کوردی ناخەیتە سەر کاغەز، بۆ ئەوەی لە مەجلیسان و چایخانەی شەعب و مەچکو دەیڵێی، بەجورئەتەوە بڵاوی ناکەیتەوە، خۆ شوکر ڕۆژنامەی ئازادیش هەیە و دڵنیابە بۆشت بڵاودەکەنەوە، بەسە نووسەری قسە مەبە عەیبە..!

# هەی بچووك

ئەگەر هەست بە گرگنی خۆت نـاکەی باپێت بڵـێم، باپێت بڵــێم بچــووکی تــۆ لەوەدایە، هەمیشــە خــۆ دەشــاریتەوە لە نەزانـــین، گەمژەیـــی تـــۆ لەوەدایە، لە بەرامـــبەر هەمـــوو پرسیارێک وەڵامت ئامـادەیە، ڕۆژێ نەمـانبینی بڵێـی مـن لەو بوارە شارەزانیم، چونکە پێتوایە بچووک دەبیەوە ئەگەر وتـت من پسپۆڕی ئەو کارەنیم.

هەمیشە وێڵی دوای زاراوە و چەمکی زل و قەبەی، دوو دوو ســێ ســێ، دەرخیــان دەکەیـت و بەموناســەبە و بێموناســەبە دەیــانڵێیتەوە، تــا بـودەڵەیی و بچـووکی خـۆت بشــاریەوە، چــونکە تــۆ هەمیشــە خەریکــی خــۆ شــاردنەوەی نــاوەوەی خۆتی..!!

# هەی چەواشەکار

ئەو هەموو ئامۆژگاری و ڕەخنە و گلەییەت لە چییە، تۆ خۆت بینوە..؟!

دەزانی خۆت بەدەر نیت لەو هەموو ڕەخنە و گلەییانە، بەڵکو هەرکتومت خۆت وای، مشەخۆری و ماستاوچی و هەلپەرستی، ئەو هەموو نارەزایەشت بۆ ئەوەیە تا خۆت لەم شتانە بشاریتەوە. هەی گرگن، ڕاستە لەنێو ئەو هەموو فەوزا و فەساد و گەندەڵییەدا دەتوانی بۆ ماوەیەک خۆ ون بکەیت، بەڵام ئەمە هەتا سەر نابێت و ڕۆژێ دێ ڕووی ڕاستەقینە و ناشیرینی و بودەڵەیت ئاشکرابێ و بۆ هەتا هەتایێ ڕیسوابیت..!

# هەی لە دونیای پڕ لە بوغز و کینەی ئێمە

منــداڵ.. پەیڤێکــی کــارکە و ئەنگــوتکی دەســتی زەمەنە، زەمەنی گەوران، گەورانی هزر و هەست پیـر..! ئەوان سـایەی درەخـت و چـاوی ئەسـتێرە و شوناسـی ئایـندەی ئـێمەن، لە دونیـای هەمیشـە بەهـاری وان، نە خەم و مەراق، نە گـریە و گومــان بــوونی هەیە، نەشــەڕ هێشــتا گەرای نەهــامەتی و قاتوقڕی داناوە.. هێنـدە ناسک و بەریـئن، پەی بەفەلسـەفەی دارا و نەدار، پۆشتە و لات نابەن و نـازانن حیکمەتـی بـوونی ورگی زل و تێر و برسی لە چیدایە...

منــداڵ.. جگەرەیەکــی دانەگیرســاوە، کــاغەزێکی ســپی نەنووسراوە، هەگبەیەکە پڕ لەمیهر و سۆز و خۆشەویستی، دەرگای بیری لەسەر پشتە و پەنجەرەی ڕوانینی ئاوەڵایە.

ئای لە دونیای پاکیزەیی ئەوان و دەروونی پـڕ لە بـوغز و کینەی ئێمە، چەند ناکۆکن، ئیستای بێ هەست و خودویستی گەورەییمان و ئەوسای کیشوەری بێ فیـز و بـێ ئایـدیۆلۆژیا، چەند لێک دوورن...!

## سەرکردەی دیموکراتخواز لەجنێودان ناترسێ..!

پیاوێکی پیر لە ناوەڕاستی شەقامی شاردا، لە ژێر سایەی پەیکەری شێخ مەحمووددا، دوای ئەوەی سەیارەیەکی تاکسی خۆی لێدا، توڕەبوو، هێندە توڕەبوو دەماری ملی ئاوسا، کەوتە جنێودان.. لە پێشدا شۆفێرەکەی شوشتەوە، دواتر بە هەموو دەنگی هاواری کرد: "گو بەشەرەفت، بەشەرەفی هەرێمەکەت و سەرکردەکانی." دەڵێن مرۆ کە توڕەبوو چرای ئەقڵی دەکوژێتەوە، هەڵچوونی ئەم پیرەمێردە، لە جێی خۆیدا نەبوو، لەبەرئەوەی جنێودان کێ بیدا و بەکێ بدرێ، هەر ڕەوشتێکی ناشرینە..!

لەنێو ئەو خەڵکەی لەوێ وەستابوون، دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو، هەندێ دەیانگوت چۆن دەبێت کەسێک جنێوی ئەوهابدات، کەسانی تر وەڵامیان دەدایەوە: "کوڕە بابە ئازادییە و خەڵک سەربەستە چی دەڵێ".

ئەم بۆچوونانە دڵخۆشی کردم ئاخر خەڵک ئەوەندە تینوی ئازادییە تەنانەت جنێودانیش بەئازادیی تێدەگات. سالآنێک بوو هەر کەسێک لەبەرامبەر دیکتاتۆر و داروودەستەکەی بیگوتبا لەل، لەدار دەدرا..

بۆیە ئەمڕۆ لە پەراوێزی ئەو ئازادییەی هەیە، دەشێ خەڵک لەکاتی هەڵچووندا جنێو بەسەرکردەکانیش بدات. ئەو سەرکردەیەش دیموکرات و خاکی و کراوەیە، ئەم جنێودانانەی پێ قبوڵبکرێت و چاوسور نەکاتەوە و خوێن نەڕێژێت..!

## بابەنوئێلەکان..! !

پێدەچێ ئەمساڵ، ساڵی بابەنوئێلەکان بێت، ئەوە نییە سەرشەقام و کوچە و کۆڵانەکان بە بابەنوئێل سووردەچنەوە، هەریەکە و بەکۆڵێ نوقڵی ساختە و یەک دوو وێنەگری تەزویرەوە وەستاون، فەقیرانە لە بەیانی تا ئێوارە بەسەرپێیانەوە لە خزمەتی خەڵکیدان، ڕاست تر بڵێین کاسبی دەکەن..!.

ئەم وڵاتە خراپ دووچاری نەهامەتی بووە، لەنێوان دوو بستی خاکەکەیدا دوو میرنشین هەیە و لێرەو لەوێش ئەگەر بڕەخسێ میرنشینی تر دروست دەکرێن، هەربۆیەش ئەگەر لە دونیا عادەت بێت یەک بابەنوئێل وەک هێمایەک بۆ سەری ساڵ هەبێت، ئەوە لێرە هەر ماڵە و بابەنوئێلێکی بەردەکەوێت.. ئەوێ ڕۆژێ بەو جووتە چاوانەی خۆم بینیم کە چۆن سێ بابەنوئێل دەستی یەکتریان گرتبوو و هەڵدەپەڕین، ڕەنگە لە خۆشی پێشوازی ئەو خەڵکەبێت، خۆ ڕەنگە لەخۆشی ئەوەبێت پارەی باشیان دەستکەوتووە..!

بەهەرحاڵ زۆری ژمارەی بابەنوئێلەکان باشترە لە زۆری میلیشیای چەکدار و چەندین دیاردەی دزێوی تر..!

# کێشکەی کورای...

پێتان سەیر نەبێت زەمانێکە هەموو شتی لێ چاوەڕوان دەکرێت. ئەوێ ڕۆژێ بەلای باغی گشتیدا ڕەت دەبووم، بینیم چەند کەسێک بەگەرمی خەریکی ڕاوکردنی ڕیشۆڵە و چۆلەکەن، ئەو دیمەنە سەرەتا بەخێرایی بەزەینمدا گوزەری کرد، بەڵام کاتێ لە ماڵی برادەرێکم میوان بووم و ئێوارە باوکی ئەو برادەرەم بەخۆی و عەلاگەیەک ڕیشۆڵە گەڕایەوە، ئەبڵەق بووم..! لە هەولێر ڕاوکردنی ڕیشۆڵە لە دەشتودەر و فرۆشتنی لەسەر عارەبانەکان بەناوی (کێشەکەی کورای) بەکارێکی ئاسایی دەژمێردرێت، هەتا ئەم کارە بۆتە هەوێنی چیرۆکێکی جوانی کاک ( شێرزاد حەسەن)یش، بەڵام لەناو جەرگەی شاردا، تاپڕێک، یان دارلاستیکێک بەدەستەوە بگری و ڕاوی ئەو باڵندە جوانانە بکەیت، بەکارێکی زۆر عەجیب تەماشا دەکرێت، لە لایەک پێشێلکردنی ئەمنی قەومی باخچەکەیە و لەلایەکی تر پێشێلکردنێکی ڕاستەوخۆی شاعیرە هەست ناسکەکانە، چونکە باخچە و باڵندە و گەڵاو سەوزایی سەرلەبەری شیعری کوردیان داگیرکردووە...!

# حوکمڕانی دۆلار

بڕوابکەن من فزوڵی نیم، بەڵام بە دەنگێکی بەرز قسەیان دەکرد، بۆیە گوێم لێیان بوو:

–کوڕم، گەڵا.. گەڵا.. باسواڵ نەکەین..!

کچەکەی بەخێرای لاسکی تەلەفۆنەکەی وەرگرت.

–برا جوانەکەم، کاکە گیان، لەو سەری مانگەدا بەر لە جەژن گەڵام دەوێ، هی من بەجیا بنێرە..!

هاوسەرەکەی کە لەگۆشەیەکی کابینەکەدا خۆی گرمۆڵە کردبوو، بەخێرایی لاسکی تەلەفۆنەکەی وەرگرت:

–ئەزانی تۆ لەکەس ناپرسیت، کوا بۆ گەڵات نەنارد. گوێ بگرە، ئۆقرەم نەما، یا وەرەوە، یا گەڵا بنێرە، یا ڕامکێشە بۆ ئەوێ، ئەگەر نا تەڵاق...!

تەواو ئاوێتەی ئەو قسانە ببوم، کە ڕۆژانە گوێبیستی دەیان دیاردەی ئاوا دەبین، لە پڕ هاوڕێکەم کە تازە لەوڵاتی دۆلار گەڕاوەتەوە، بانگی کردم و بە شەقامەکەدا شۆڕبووینەوە. کەوتینە قسە، دوای چاکوچۆنی یەکسەر ئەو دیمەنەم بۆ گێڕایەوە، کە ئێستا دۆلار حوکم دەکات و ئەوەی دۆلاری بۆ بێت نەچاوەڕێی ڕەحمەتی موچە ناعادیلانەکەی دەوڵەت و ئەو حیزبانەیە، نە هێندەش دەترسێ لەوەی نان بڕاوی بکەن.

دەتۆش دڵەکەم، گەڵام بۆ بنێرەوە با ئازادانەتر بنووسم و ترسی نان بڕانم نەبێت..!

# ورێنە هەواڵ..!

لە حەفتی سێ، ڕۆژێک پێش هەشتی مارسی ئەمساڵ، گۆڕانکاریەکی سەیر و بنچینەیی ڕوویدا، سەرجەم ئافرەتان و ژنان و خانمان و خوشکان، هەر بەچاوی نوقاوەوە و یەک دەنگ بڕیاری کۆنگرەیەکی بەپەلە و عاجلیاندا و بەتوندی کەوتنە تانە و ڕەخنە لە خۆگرتن،بەوەی کە چەندین ساڵە بوونەتە دەسکەلای پیاوان و پاشکۆی حیزبەکان، بۆیە لەوپەڕی تورەییدا هەموو یەک دەست و یەک دروشم و یەک قیژە و یەک هاوار، بڕیاری ڕێکخراوێکی سەراسەری یەکگرتوویاندا..!

لێشاوی خوشک و ژن و ئافرەت و خانم بۆ بوون بە ئەندام لەم ڕێکخراوە بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر بازنەی بە دەوری شەستیدا کێشا بوو.

پورە عەیشێ و نەنە ئامین کەتەمەنیان لە هەشتا تێپەڕی کردبوو، هاتبوون بۆ ناو نووسین و دەیانگوت: بەقوربانتان بین، دەی دەست و بردکەن، باچیتر بێ ماف نەبین و تیرۆر نەکرێین.. باجی ڕەعناش لەولاوە دەنگی خۆی لێ هەڵبڕی و دەیگوت: هەموو تەمەنم بەجل شۆری ماڵان بەسەربرد، بەس بۆ ئەوەی بژین، ئیدی تەواو تامافی ئینسانیانەی خۆمان وەرنەگرین ناوەستین.

ئەم هەواڵە سەراپای ناوەندی میدیا و ڕۆشنبیری کوردی شلوێ کرد..!

# رۆژنامە و بورجە ئەهلیەکان

لەنێو کۆمەڵگەی ناتەندروست و دواکەوتوو و نەخۆشدا، چەندین دەرد و کێشە و ئاستەنگی کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە و وادەکەن ژیان ڕەوتی ئاسایی خۆی نەگرێتەبەر و چەندین قەیران لەنێو هەناویدا کاربکات، لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئاوادا هەمیشە خورافە پێگەیەکی پتەوی هەیە و بیر و بۆچوونی تاکەکان بەتەومومژی خورافە گەمارۆ دراوە، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە خورافە جارێکی تر تێزەکانی خۆی لەنێو کایەی ڕۆشنبیری بەرهەم بێنێتەوە و لەنێو لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە ئەهلیەکاندا، بەئاگایی یان بێ ئاگایی بخرێتەڕوو.

ئەوەتە لەنێو هەندێ لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا، بورجەکان کە جگە لەبرەودان بەخورافە و سەرگەرمکردنی خەڵک چیتر نییە، بەگرنگی پێدانەوە بڵاودەکرێتەوە، تۆ بڵێی ئەو ڕۆژنامانە چۆن لە بورجەکان گەیشتبن..؟! ئایا هاندانی خەڵک بۆ تەسلیمکردنی ئیرادەیان بەقسە بێ سەروبەرەکانی بورجەکان، پاڵپشتی خورافە نییە، خورافە نییە بورج دەستنیشانی ژیان و خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ بکات..؟!

لەسەردەمێکدا کە دەستی زانست بە هەموو کون و کەلەبەرێک گەیشتوە، شەرمەزاری نییە خەڵک هانبدەی لە ڕێگەی بورجەوە بۆ چارەنووسی خۆی بگەڕێ.. تۆ بڵێی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە لە بەردەم ئەو ڕاستییەدا چی بڵێن، چۆن مەعریفەی ئەو دیو بورجەکان لێک دەدەنەوە..؟!

# گەرچی سادە..!

بژێوی و ئاستی ژیانی خەڵکی لە یەکتر جیاوازە، هەر بۆیەش جۆری هەڵوێست و بیرکردنەوەش بۆ ڕووداو و دیاردەکانی دونیا جیاوازدەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی بیر و تێزە فیکرییەکانی هەرکەسێک بەرەنجامی شێواز و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیەتی.

بەو پێودانگەوە هیچ کاریگەریەک لە دەرەوەی کۆمەڵ ڕانایەت، چونکە هەموو گۆڕانکاریەکان لەنێو دەروونی کۆمەڵگە خۆی ڕوودەدات و کۆمەڵگە خۆی لەبەرامبەر کاریگەری و کارتێکراودایە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مانایانەدا چۆن بیر لە (یەکسانی و ئازادیی) کۆمەڵگە و تاکەکانی بکەینەوە و کاری بۆ بکەین..؟

بۆ ڕاڤەکردنی ئەو پرسیارە یەکسەر ڕووبەڕووی ڕستەی یەکەمی ئەم نووسینە دەبینەوە، کە دەبێت خەڵک لەکار و بەرهەمدا هاوسەنگ بن، دابەشبوونی هەرەمیانەی کۆمەڵگە هەڵبوەشێتەوە، قۆرخکردنی ژیان و خۆشگوزەرانی لە دەست چەند کەسێکی خۆپەرست و مشەخۆر دەربهێنرێت، بەکورتی گەر بمانەوێت بەرگێکی تر بە بەر (ژیان)ەوە ببڕین دەبێ ئەوە بزانین مرۆ لەوسەری گەردوونەوە تا ئەوپەڕی، هەمووی هەر لە خوێن و گۆشت و ئێسقان پێکهاتووە، بۆیە دواجار هەموو شتەکان بۆ ئینسان خۆی دەگەڕێتەوە.

## قەرێتەکان شلکەنەوە..!

لەم تاریکستانە کڕ و بێ ئامانەدا، دەتانەوێ چی بەدی کەن؟! تاریکی حەشاریداون، بەس دیقەتدەن تێڕوانینتان لە شەوی ئەنگوستەچاودا هەنگاوێک بڕ ناکات!
پێڵووەکان تۆزی ماندووبوونیان گرتووە.. تفەنگەکان بەر فرمێسکی هەتاوکەوتن خۆرکاوی بوون، گوێ ڕابگرن جیهان گڕکانی گڕە، شەوانماڵنوستنان لە گوێسوانەی کووچە و کۆلانی شار.. کڵۆلان بەستەیێ دەچڕن، کە سەمفۆنیای خەم و پەژارەی کەڵەکە بووی هێمنی ناو تابووتە بێ نازەکانە. دەڵێن:

سەنگەر لێ مەدەن
لاشەکان بخەنە سەر چۆک
لەنێو کەللەی هاوڕێیانتان خۆ مەڵاسدەن

سیماتان ترساوە.. سەرنجتان جێماوە، نە گوێ شلکەن، نە سەیرکەن.. دەسەڵاتداری میری لاسار.. میری شەڕکار، من دڵنیام شەوان ترس گەمارۆتان دەدات، مۆری لێوتان لەسەر دەستە لەرزۆکەکان هەڵدەکەنێ، ڕۆژانیش لەسەر لوتکەی تێڕامانی تارماییەکان خەندەی لێوی نەژاکاوتان دەسڕێتەوە، پشت لە خۆر بۆ بووڵێڵی ئەشکەوتی جڕوجانەوەران دەڕوانی.

قەرێتەکان شلکەنەوە بارگە تێکنێن، گیان لە جەستە جیاکەنەوە، ڕوپۆشی شەرم لەسەر ڕوتان هەڵماڵن.. لافیتەکان جیر بە جیرکەن.. کاسەکان پڕکەنەوە. دەتانەوێ دڵی داربەڕووش بوەستێنن.. سیمای ڕێگاکان بشێوێنن، تەرمی شەهیدەکان دەربێننەوە و بیان کوژنەوە!؟ نا.. نا نەخێر ئاگادارن فتبۆڵ تەقی!؟ یاریگا چۆڵ بوو.. ئاشتی کوژرا، شەڕ لە دایکبوو. قەرێتەکان شلکەنەوە، ڕیسەکان ئەمجارەش بڕێسنەوە، کێ نازانێ عەیامێکە کەشتیەکان کۆیلەی شەپۆلی دەریان، جەنەڕاڵە سەرەڕۆکان بەگریسی بڕبڕاگەی پشتی ماندووبوونمان جومگەکانیان چەور دەکەن، جەنەڕاڵە دڵڕەقەکان، لەو ساتەوەی بەدوو چاوی مۆن.. لەبەردەم مایکرۆفۆن تفەنگەکانیان لە پەنا خۆیانگرتووە، یەکەم وشەی وتاریان ئازادی و دیموکراسی دەبێتە وێردی سەرزاریان.

قەرێتەکان شلکەنەوە، دەمامکەکانتان فڕێدەن، وتەکانتان

فیشەکێکی چرووکن و جەستەی شەکەتمان زامدار ناکەن.. ئەندێشەکانتان داوێکی باریک و بێ تۆقی خۆشەویستیە نەزۆکەکانتانە. ویستان ئەڵقەی پەنجەی دڵدارەکان بکەن بە ملوانکە بۆ ملی سەگە هارەکان.. پەیژەکان بڕمێنن، بەداری دەستی کوێرەکان ئەستێرە و گوڵ ڕاوکەن..!

نەفرەت لە گشت شتێ کراوە و کرا.. ڕاستی فریودان بوو ڕۆحی جەستەی شارستانیەتی پێ شەتەکدرا.. تۆوی خۆویستی.. من تێر تۆ برسی لە منداڵدانی ئەم گەردوونە هەتیوەدا چانرا، موتوربەکرا.

قەرێتەکان شلکەنەوە، بارگینەکان کورتان کەنەوە.. چاوتان شۆڕ کەن، بەرەو بارەگای ساڵانی زوو بگەڕێنەوە.. هۆڵی ئەزموون بەجێبێڵن، پرسیارەکان ئاشکرا بوو! ڕووتان ڕەش بوو.. بیرتان ڕەش بوو.. ناتوانن سپی بکەنەوە، قەرێتەکان شلکەنەوە، قومێ ئاو بخۆنەوە.. هێوربنەوە.

باس لە دیموکراسی دەکەن؟ بۆ نازانن دیموکراسی قوڕگی ئاواتەکانتان شەتەک دەدات؟! باسی ئازادی دەکەن؟ بۆ نازانن ئازادی دەرگا لە ڕووی نیازی پیستان کلۆم دەدا؟! ئێوە هەر لە ئەوەڵ هیچ نەبوونە و نابن..! غەزریون و بە ڕەخنەگرتن غەزریوتر دەبن..! گوێتان کەڕە؟ گوێتان لێنییە؟ نابینن؟ چاوتان لێنییە.. لە سیمای خەڵکی ئەم شارە چی دیارە، شەرم ناکەن لە دوای کوشتن.. لە دوای بڕین کۆدەبنەوە، گەمژەیی نییە دوای جنێودان.. دوای سوتانی گوڵە گەنم، چاکدەبنەوە، ئەوە چەندین ساڵە (مۆندیال)ی کورد

بەردەوامە.. لە شاخ بۆ شار.. لە پاڵ گابەرد بۆ بن دیوار.

تـــوڕەمەبن قەرێتەکـــان شـــلکەنەوە، زاراوە زۆرە کـــۆی کەنەوە، گڵاوبـوینە خـۆ گـڵاوکەن، ئاشـەکان وەگەڕخەنەوە، قەرێتەکـان شلکەنەوە، هەمـوو شتێ ئاشکرا بـوو و هەرەسـی هێنا، بەفر ملی دوندی جێهێشت، مشکە برسیەکانی نێو دۆڵابە ژەنگاویەکـان دەنگیـان بـڕا.. ڕەنگیـان سـڕا.. مـایکرۆفۆنی بەردەمتـان توڕهەڵـدەن.. بـڕۆن.. بـڕۆن.. بگەڕێـن گۆچـانە شـکاوەکانی پیرانـی بـن دیـواری مزگەوتەکـان کـۆکەنەوە.. بەدەسراسـەی بێشـکەی منـداڵانی ئەنفالیـان ببەسـتنەوە، قەرێتەکان شلکەنەوە، گوێچکەتـان قـوت کەنەوە، شـوێنەواری چڕنـوکی مـرۆڤە هۆشـیار و بێبەریەکـان ببیـنن!.. گەرچـی شەوەزەنگە و لەوانەیە ڕۆژ نەبێتەوە، وەلێ نابێ لە هەنگاوی تاریکیشدا دارستانەکان سەربڕین، فوو لە چراکـان کەیـن.. خوێن ببێ بەنەوت و سنورەکان ببڕێ..! قەرێتەکـان شـلکەنەوە قەرێتەکان شل کەنەوە، قەرێتەکان بەیەکجاری لە ملکەنەوە!!!

# چاوپێکەوتنێکی بەچێژ..!

خۆی کرد بەنووسینگەی ڕۆژنامەکە و لە رووخساریەوە دیاربوو دانیشتووی ئەم وڵاتە نییە، بۆ..؟ ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە. پێیگوتین سەردانی زۆر کەناڵ و ڕۆژنامەمان کردووە و هەندێ چاوپێکەوتنمان لەگەڵ هەندێ کەس و سەرنووسەری ڕۆژنامە سازداوە حەزدەکەم نەختێ لەگەڵ ئێوەش بدوێین. قەیدی چییە.. با ئەمجارە کەسێک ڕیکۆردەرەکە بۆ من ڕاگرێ و چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکاو وێنەم بگرێ..(تێر پێکەنین). پرسیاری وردی لە بارەی ڕۆژنامەی ئەهلی و جیهانگیری و ئەزمونی دیموکراسی و هەردوو دەسەڵات ڕووبەڕووم کردەوە، بەپێی تێگەیشتنم وەڵامی پرسیارەکانیم دایەوە. قسە هاتە سەر چەمکێکی ئیشکالاوی و پڕ گرفت (ئازادیی).. بوون و نەبوونی.. هەستکردنی خەڵک بەئازادی، زەرووڕەتی، پێشێلکردنی، لەو ساتەدا لە بڵندگۆی مزگەوتەکانی شارەوە دەنگی بانگدانی (مەلا)کان بەرزبۆوە، زەردەخەنەیەکی گرت، ویستی ڕیکۆردەرەکە ڕاگرێ، وەڵامی زەردەخەنەکەیم نەدایەوە، پێمگوت: ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە لە وڵاتی ئێمەدا هەندێ شت بڤەیە و حەرامە و نابێت دەستی بۆ ببەین، ئەوەتە منارەی مزگەوتەکان ئازادی قسەکردنمان نادات، من لەگەڵ ئازادی مومارەسەکردنی مافی هەموو کەسێکدام تا ئەو جێیەی ئازادییەکانی من پێشێل ناکات. با خەڵک ئازادبێت لەوەی نوێژ دەکا و ڕۆژوو دەگرێ، بەڵام با دەرگای چایخانە و چێشتخانە و یانەکان لە من نەگیرێ..

سەیرە لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی زانستی بۆ دەبێت بەهاوار خەڵکی بڕوادار بۆ خواپەرستی بانگهێشت بکرێن!!.
لێی پرسیم: بەبۆچوونی تۆ نوخبەیەک لە خەڵکانی وەک (مەلا، ئاغا)کان دەبێت پایە و پلەیان پێ بدرێ یان نەفی بکرێن؟
-من لەگەڵ نەفی کردنی هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتی نیم، چونکە جارێکی تریش دەڵێم هەموو خەڵک و کەسێک شایانی ڕێز و مومارەسەکردنی مافەکانی خۆیەتی، بەڵام ناشێ ئەوە نەزانین دوێنێ ئەمڕۆ نییە و ئەمڕۆش بەیانی نابێت، ئەگەر دوێنێ مەلایەکی دوانزە عیلم، گوند و ناوچەیەکی بەڕێوە دەبرد و بەشێک لە بۆشایی وشیاری کۆمەڵایەتی دەبرد بەڕێوە، بەڵام ئەمڕۆ منداڵێکی دوانزە ساڵان زۆر شت دەزانێ، خەڵک و ژیان پێشکەوتوون و وشیاریش بەئاستێکی باش گەیشتووە، بۆیە ڕۆڵی کەس و توێژەکان لە گۆڕاندایە. بەگشتی پێکهاتەی هەم دەسەڵات، هەم حیزبی کوردی خێڵەکیانەیە و سیستەمی بنەماڵەیی جارێکی تر لەنێو ئەو دەزگایانەدا تەوزیف بۆتەوە، ئەوەتە هەردوو دەسەڵات مەکتەبی کۆمەڵایەتیان هەیە و ئەم خەڵکانە دەیبەن بەڕێوە، ئەوەتە دیوەخان هەیە و نەسریەشی هەیە. زۆر پرسیاری وردی لە بارەی زۆر مەسەلەی هەستیارەوە کرد، بەڵام هەمووی ئەوەی نەدەکرد کەئازادی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە تا ئەوپەڕی بەرقەراربوو، کە بەڕاستی چاوپێکەوتنێکی بەچێژبوو.

# وڵات ئارامە و خەڵکی بەختەوەرن..!

کات بەشی هیچ ناکات..!! بەیانی کەلە خەو هەڵدەستیت سەرت لێ تێکدەچێت، نازانی بچی بۆ کوێ..!! ئاخر وڵات یەکپارچە لە شادیە و ئارامی و ئاسوودەی سەقامگیرە..! خۆشترین سەیرانگە و باغ و کافتریا کە بەپارەیەکی کەم دەتوانی پشوویەکی خۆش بدەی، هەرچی دڵت خوازیاریەتی لەو سەیرانگەیە هەیە، دادەمێنی نازانی کام پارک هەڵبژێری؟! مەلەوانگەی پاک و فراوان، گۆڕەپانی یاری، ئا سەیرکەن منداڵانی وڵاتەکەم چەند بەختەوەرن ئەو هەموو کەلوپەلی یاریە، ئەو هەموو خەندە و پێکەنینە، کورە ئێمە سەردەمانێک چیمان بە خۆمان کرد چۆن بەربووینە گیانی یەکتر، لە پێناوی چیدا ئەم هەموو لاوە بەکوشتدرا، ئەم هەموو خوێنە بۆ ڕژا..؟! ئا بەڕاست ستراتیژیەتی گرتنی لوتکەی حەمەد ئاغا و کڵاو قاسم لە چیدا بوو؟ کێ براوە و کێ دۆڕاو بوو..؟ کێ خیانەتکار و کێ شۆڕشگێڕ بوو..؟! ئەرێ لەپای چی دەستی بەعس و داگیرکەرەکان ڕادەکێشرایە کوردستان و سەرەوەری خەڵکەکەی پێشێل دەکرا.

کەمرۆڤ ئەو ڕابردووە تاڵە و ترسناکەی دێتەوە بیر مێشکی دەئاوسێ. دەی دەی ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لەخوانە، با لەبیری بکەین و ئیدی وڵاتی ئێستا هی دوێنێ نییە، ئەوەتە دەڵێی خوێنی تێدا نەڕژاوە، سەیرکەن خەڵکی چەند بەختەوەرن تەنانەت کاتیان نییە بۆ ڕابواردن، تەماشاکەن

ژنـان چەنـد کـامەرانن شکور تێـرۆر و بـێ مـافی هەر وجـودی نییە، هەنووکە لە هەمـوو کـوچە و کـۆڵانێکی شـار، لە گشت لادێ و ناوچەکـانی کوردسـتان خۆشگوزەرانی بـاڵی کێشـاوە، کارەبا مەگەر تەنها لە شەوی یەکی یەکدا بکوژێتەوە..! ئێسـتا لە هەمـوو ماڵێـک ئـاوی پـاکی سـەفین و بـانیخێلان و گـۆیژە هەیە، ئــاوی تــورکی و ئێرانــی قەدەغەیە. کەس نەخــۆش ناکەوێت دکتۆرەکان عیادەکانیان داخست، بەڵام شکور ئەوەی لە رابردوو کۆیان کردبۆوە سەد ساڵی تر بیخۆن تەواو نابێت. دە دەی ئەوەی چـوو چـوو، هەمـوو گەلان هەروا بـووینە بـا ڕادیۆکە بکەمەوە بزانم گۆرانیەکی خۆش نابیستم تا تـاوێ بـۆ خۆم سەما بکەم..!

ئەهـا.. ئەوە چـی بـوو، بـۆ لەو خەونە خۆشـە، بەئاگـا هاتم، خۆ وڵات هەر وڵاتی جـارانە، کۆبوونەوەکـان ژمارەیـان زیاتر دەبێت. تێـرۆری ئافرەتـان هەر بەردەوامە و برسـیەتی و بێکاری ڕوو لەزیادبوونە، جیاوازی موچەی فەرمانبەران عـارد و عاســمانە، کۆنەپەرســتی و خــورافە هەر بــرەوی هەیە، ئێستاش یاسای دارستـان لە ئـارادایە، کـێ هێـزی هەبێـت ئەو دەژی ئەو خۆشــگوزەرانە.. نانــا نەخێــر نە وڵات ئــارامە و نەخەڵکی بەختەوەرن..!!

# فۆکۆیاما و ئاوازی کۆتایی مێژوو..!

سەرمایەداری جیا لە قۆناغەکانی تری پێش خۆی (کۆیلایەتی و فیودال) بەوە جیادەکرێتەوە کە توانایەکی لە ڕادەبەدەری گۆڕان و خۆگونجاندنی هەیە، هەمیشە لەگەڵ پێشکەوتنە گەورەکانی زانست و تەکنەلۆژیادا بۆ پشتگیری و مانەوە و بەردەوامبوونی، خۆی هاوشان دەکات و لە ئاست هەر گەشە و بەرەو پێشچوونێکی مرۆڤایەتی، چەمک و دروشمی تازە بەرزدەکاتەوە و زاراوە کۆن و باوەکان وەلا دەنێ و هەوڵیش دەدات زۆر لەو دروشمانە بکاتە موڵکی خۆی کە مارکسیزم بەرزی کردوونەتەوە، بەجۆرێ خۆی وا نیشاندەدات کە بەرگریکەرە لە مرۆڤ و لەپێناو پاراستنی کەرامەت و عەدالەتیدایە.. بەندەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و خودی چەمکی (مافی مرۆڤ)یش کە ئێستا دروشمێکی زەقی ئەم سەردەمەیە، قسەی سەرزاری دەوڵەتە سەرمایەدارەکانە.. بەڵام ئاخۆ ئەم دروشمانە تاچەند لەباری کردارییەوە، پراکتیک کراون...! ئەوە نییە شەڕ و کوشتار و بێکاری و برسێتی سیمای ئەم چەرخەی تەڵخ کردووە..!

ئاشکرایە هەر لە دوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و یەکلا کەوتنەوەی هێز و تاک جەمسەربوونی دونیا و گرتنەدەستی جڵەو لەلایەن ئەمریکاوە، نا ئارامی و بێ ئۆقرەیی بەشێوەیەکی گەورە سەراپای جیهانی لەخۆی لولدا بۆشایەکی گەورە لە ڕووی فیکرییەوە هاتە کایەوە، کەئەمە

وایکرد تۆوی نا ئومێدی و ڕەشبینی لە بیابانی جەستەی مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهان گەشە بکات و جیهان بۆ ماوەیەک بکەوێتە دۆش دامان، لەگەڵ ئەوەشدا لە چەندین کون و کەلەبەری ئەم جیهانەدا ڕۆژ بەرۆژ شەپۆلی نارەزایی زیاد دەکات و ڕەوتی پێشکەوتنخوازی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی پەرەدەسێنێ و لە برەودا دەبێ، دیارە سەرمایەداریش لە ئاست ئەو فشارە زۆرەدا و بۆ درێژە بە دەسەڵاتی خۆی و ترسان لە راستبوونەوەی جەمسەرێک لە ئاستیدا، شێوە و ڕووخساری خۆی دەگۆڕێت و دەگاتە ئەوەی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاری و ڕۆشنبیری لە تەک گەشەی تەکنەلۆژیای زانستی و ئەنتەرنێت و مانگی دەستکرد و ڕاگەیاندنی جیهانگیری هەنگاوی خۆی بهاوێژێ.

لەم سەروبەندەشدا، لە گەرمەی ئاژاوە و کێشمەکێشم و کۆتایی شەڕی سارددا (فرانسیس فۆکۆیاما) بە نووسینی وتارێک لە ژێر ناوی (کۆتایی مێژوو و سەدەیەک لە بێزاری) بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی (دی ناشینال ئەنترسین)دا هاتە کایەوە و بۆ بەرقەرارکردن و پشتگیری سەرمایەداری جاڕی کۆتایی مێژوویدا. بۆیە هەر دوای ئەوەی زانی وتارەکەی بۆتە جێگای سەرنج و پشتیوانی لێکردنی لەلایەن ئەمریکاوە، هەڵسا بەنووسینی کتێبێک لەسەر ڕۆشنایی هەمان دیدگا و بۆچوونی، بەناوی (کۆتایی مێژوو، یان مرۆڤی دوایی) کە تەواوی کتێبەکە پیاهەڵدانە بەشان و باڵی ئەمریکا و شەرعیەتدان بەمانەوەی سەرمایەداری،

فۆکۆیاما گەرچی بەنەژاد ژاپۆنییە، بەڵام خۆی بە ئەمریکی دەزانێ، ئەوەتە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیدا، دەڵێ: (من گەرچی نەژادم ژاپۆنییە، بەڵام لەسەداسەد ئەمریکیم و خۆم بەکوڕی ئەمریکا دەزانم).

سەرلەبەری تێز و بیروباوەڕەکانی فۆکۆیاما کە لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا دەری بڕیوە، بانگەشەیە بۆ ڕژێمی سەرمایەداری و سیستمی (دیموکراتی لیبڕاڵ) وەک دوا قۆناغی گەشەی مرۆڤایەتی، ئەو پێیوایە لە ژێر سایەی ئەم سیستمەدا هەموو خواست و ویستەکانی مرۆڤ دێتەدی و ئازادییەکانی تاک و کۆ فەراهەم دەبێت، لەکاتێکدا تاک لە ژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداری دیموکراسی لیبڕاڵدا هەموو مافێکی پێشێل دەکرێ و لە مانا شۆڕشگێڕییەکانی خاڵی دەبێتەوە، هیچ حسابێک بۆ بوونی ناکرێت و هەموو هەست و سۆزێک لە دەست دەدات، چونکە هەڵپەی خۆپەرستی و خۆویستی دەگاتە لوتکە و هەریەکە و بۆ خۆی دەژی، هەر بۆیەش لە ژێر سایەی ئەم ڕژێمەدا تاکەکانی کۆمەڵگە هەمیشە هەست بەنامۆیی دەکەن تەنانەت هەندێ جار ئەم نامۆبوونە دەگاتە ئاستی ئەوەی چەندین نەخۆشی دەروونی و تەنانەت هەندێ جاریش خۆکوشتنی لێ بکەوێتەوە.

هەروەها لە درێژەی وڕێنەکانیدا، بێ پەروا جاڕی مەرگی (مارکسیزم)دەدا و پێچەوانەی مارکس کە دەڵێ: (سەرمایەداری قۆناغێکە مێژوو پێیدا تێدەپەڕێ بۆ گەیشتن بە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزم لە هەناوی ئەو سەردەمە لە دایک دەبێ) کەچی ئەو

دەڵێ (سەرهەڵدان و کۆتایی کۆمۆنیزم قۆناغێکی مێژوو بوو بۆ ئەوەی بگاتە دیموکراسی لیبڕاڵ)، ڕاکشاوانە تەئکید لەسەر سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی سەرمایەداری لیبڕاڵ دەکاتەوە بەسەر فاشیەت و شیوعیەت، دیارە لای ئەو (شیوعیەت و فاشیەت) لە ریزی یەکن، بۆیە بێ ویژدانانە یەک پێوانە و یەک حسێبیان بۆ دەکات، زۆر بێ شەرمانەش دەکەوێتە پاساوهێنانەوە بۆ گەورەترین کارەساتی مێژوویی کە ئەمریکا دەرهەق بە ژاپۆن لە هەردوو شاری هێرۆشیما و ناکازاکی ئەنجامیدا.

لەلایەکی دیکەشەوە بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕەکانی قسە لەسەر گەشەکردنی بازاڕی ئازاد و پێشکەوتنی پیشەسازی دەکات و دەڵێ: سیستمی دیموکراسی لیبڕاڵ دەرەنجام و بەرهەمی پیشەسازییە و هەرگەشە و بەرەوپێشچوونێکی لەم جۆرەش لەهەر وڵاتێکدا دەبێتە هۆی زیاتر چەسپاندنی دیموکراسی لیبڕاڵ.

بەپێی ئەو بۆچوونەی فۆکۆیاما، ئەو وڵاتانەی لە ڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوون و خاوەنی کارگە و کارخانەی گەورەن دەتوانن دەست بەسەر بازاڕی وڵاتە دواکەوتووەکاندا بگرن، چونکە ئەوان کاڵای هەرزانتر و باشتریان هەیە لێرەدا هێدی هێدی لە ڕێی قۆرخکردنی بازاڕەوە وڵاتە دواکەوتووەکان دەبنە پاشکۆ و بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵای وڵاتە پیشەسازییەکان، دیارە ئەم پاشکۆ بوونی بازاڕەش ڕەنگدەداتەوە بۆ پاشکۆ بوونی سیاسی و...هتد، کە ئەمەش

دەبێتە هۆی زیاتری چەوسانەوە و نایەکسانی و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێ کاری لەجیهاندا، ئەدی پێم نالێن لە کوێیە ئەو بەختیاری و خۆشگوزەرانیەی کەلە ژێر سایەی سیستەمی دیموکراسی لیبڕاڵ دێتەکایەوە..؟!

دیارە خەونە نەزۆکەکانی فۆکۆیاما قسەی زۆری لەسەرە و گفتوگۆ زۆر هەڵدەگرێ، کە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی خەون و خولیاکانی پووچەڵ کرانەوە و لە هەموو لایەکەوە بەجیاوازی ئایدیۆلۆژیا و بیروبۆچوونەوە ڕەخنەی لێگیراوە، چونکە بەرقەراربوونی ئەو سیستمە، نەک کۆتایی مێژوو نییە، بەڵکە سەرەتای مێژوو و وەرچەرخانە تازەکانە و سەرمایەداری لەبەردەم قەیراندایە و هەرچەند خۆی بگونجێنێ لەگەڵ سەردەم و درێژە بەمانەوەی بدا هەر کۆتایی بە دەسەڵاتی دێت و کەڵەگایەتی و دەستڕۆیشتووی ئەمریکاش قبوڵناکرێ و ئەوها ناچێتە سەر...! ئەمە حوکمی مێژووە.

دیارە لەو قسانەی سەرەوە لەوە گەیشتین کە فۆکۆیاما چۆن باس لە کۆتایی مێژوو دەکات، ئێستاش بابزانین کۆتایی مێژوو لای فەیلەسوفەکانی تر و لای (ئایین) چۆنە و لەکوێدایە ئەم کۆتاییە..!

(سوقرات) هەر لەمێژەوە، کۆتایی مێژووی ڕاگەیاندووە و ئەم ئاوازەی ژەنیوە، (هیگڵ)یش لەمەڕ ئەم مەسەلەیە، دەڵێ هەر لە دوای شەڕی (چین)ەوە مێژوو کۆتایی هاتووە، بەر لەهاتنی ئایینی ئیسلامیش، (مەسیح) کۆتایی مێژوو لە (یوم الخلاص)دا دەبینێتەوە، لە ئایینی ئیسلامیشدا (یوم القیامە)

**کۆتاییە.**

**شیرازە و پێکهاتەی ئایین و خاڵە سەرەکیەکانی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە دەستبەرداربوون و قوربانیدانی ژیانی سەر زەوییە بۆ دونیایەکیتر، کە دونیای هەمیشەیی و نەمریە و ئەم دونیایەی ئێستا کاتییە و وەک تاقیگەیەک وایە بۆ بەدەستهێنانی دونیای دوای مردن و بە نەمری گەیشتن، کە ئەویش بە بەهەشت ناوزەد کراوە، بەواتا کۆتایی مێژوو ئەو بەهەشتەیە کە ئیسلام گەرەکیەتی لە پێناویدا هەموو شتێ بکاتە قوربانی، یانی ژیان و مێژوو، لەوێ کۆتایی دێت و مرۆڤ دەگاتە لوتکەی بەختیاری و هەرچی دڵی بخوازێ و بیەوێ بە زووترین کات بۆی ئامادە دەبێت، تەنانەت لەنێو حەفتا حۆریشدا دەخەوێ، من پێموایە بوون و بەردەوامی ژیان لەوەدایە کە مردن هەیە، چونکە مردن هەمیشە وا لە مرۆڤ دەکات تا لە جووڵە دابێ و ئەو ماوە زەمەنیەی کە تێیدا دەژی هەوڵی بە دەستهێنانی غەریزەکانی بدات، بەڵام لە بەهەشتێ کە مردن نەبێ و هەرچی بتەوێ دەست بەجێ ئامادە بێ، ئیدی جووڵە و ئیشکردن و بیرکردنەوە بۆچی...؟!**

**لای فەلسەفەی مارکسیزم، وەک فەلسەفەیەکی ماددی و ڕەتکردنەوەی بیرە میتافیزیکییەکان، تێڕوانین و بۆچوونی خۆی هەیە، بۆ ژیان و هەموو دیاردەیەکی مێژوویی، (کارل مارکس) وەک مەزنترین فەیلەسوفی ئینسانی، خزمەتێکی زۆری بە مرۆڤایەتی کردووە و سەرلەبەری فەلسەفە و تێزە فیکرییەکانی لەپێناو بەختیاری و ئاسوودەیی و نەمانی**

چەوسانەوە و یەکسانی مرۆڤەکان دارشتووە، کە ئەویش لەدوا قۆناغی مرۆڤایەتی (کۆمۆنیزم) بەرجەستەدەبێ، کە ئەمەش لەنێو جەرگەی سەرمایەداری دوای بڕینی ئەم قۆناغە دێتەکایەوە، وەکو لەوەوپێشیش وتمان تەمەنی سەرمایەداری زۆر درێژە دەکێشێ و ڕەنگە وا لەمرۆڤ بکات بێ متمانەبێ بەرامبەر بە ئایندە. کۆمۆنیزم یانی هێنانەکایەوەی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چەوسانەوە، ئەمەش کۆتایی مێژوو نییە، کە وەک هێندێ لە بیریارانی ئەم سەدەیە و کەسانێکیش لەلای خۆمان تێگەیشتوون، چونکە مارکس ڕوونی کردۆتەوە کە دوای گەیشتنە کۆمۆنیزم و کاتێ مرۆڤ لە هەموو کۆتێک ڕزگاری بوو، ئەوسا گشت هەستەکان گەشە دەکات و مرۆڤ دەبێتە بوونەوەرێکی هەستەوەر، لێرەدا ململانێ دەبێتە ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت کە من پێموایە زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا، کۆتایی مێژووە لە مارکسیزمدا...!!

سەرچاوەکان:

*نهایه التاریخ، فرانسیس فۆکۆیاما، ترجمه وتعلیق الدکتور حسین الشیخ.

*هەردوو گۆڤاری بوون، ژمارە (٣–٤) و (٥).

*کۆمەڵگەی پرسە، بەختیار عەلی– گۆڤاری ڕەهەند.

*کارل مارکس، ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، وەرگێڕانی لەفارسیەوە بۆ کوردی، سەلام مارف.

# رێك.. كەوت

ئـێمەی پـڕ لەحەسـرەتی ئەم كـاولگە نایەكسانسـتانە، هەمیشە بەدیـار خەونە برۆنزیەكـان وەنەوز دەمانبـاتەوە، لە چاوەڕوانی بەردەوامی "رێككەوت" دیـق دەكەیـن و حەجمانمـان نـامێنێ... ئەی ئـاخر ئـێمە چـی بكەیـن...؟! بەڕێكـكەوت تـوڕ هەڵـدراینە نێـو دونیـای جەنجـاڵ و ئاشـوب، هەر گـوللەی ڕێككەوتیشە دەمانپێكێ و بۆ یەكجاری لە هەموو ڕێككەوتەكـان دامان دەبڕێت. كێمان هەیە لە دەریا پان و پۆڕەكەی زیندەگی، لەگەڵ یەكەم سەوڵ لێدان لە قـایغی تەمەن بزانـێ لەچ خـاڵێ سەری خۆی هەڵگرت و لەچ خاڵیش كۆتایی دێت...

نـا.. نا كەس نییە هەناسەدانی ئێـوارەی شـتێك بە بەیـانی ببەخشـێ...! جەسـتە لەرزۆكەكـانی ئەم مەملەكەتـی خیـانەتە چیان لە دەست دێ، ئایـا دەتـوانن جـڵەوی چارەنووسمان لە ژێر گەمارۆی ڕێككەوت ئازادكەن و بماندەنەوە دەست..؟

نـا.. نا كەس نییە مەدالیای ڕێككەوت لە ملی خـۆی دامـاڵێ و لەسـەر دونـدە سـەختەكانی قەدەر پێشـوازی لە ڕێكـكەوت نەكات...!

# مرۆڤ لە بەردەم دوو دونیادا

ئێمەی مرۆڤ! دوو دونیا، دوو دونیای لێک جیا لە ناخماندا هەن، دونیـــایێ کە هەمیشـــە وەرزەکـــانی پـــاییزین، خـــاکەکەی بیابـــانێکی وشـــکەڵانە و ســـەوزایی لە هـــیچ شـــوێنێ نـــابینرێ، درەختەکـانی بـێ گەڵا و بەر. لە گۆشـەیەکی چەپـی ئەو دونیـایە چەنـد درەختێکـی ڕووتەڵەی گەورە هەیە، لە ژێرەوەیـان چەنـد گورگێکی هاروهاج خەوتوون، سەر لق و پۆپەکانیش پڕیەتـی لە قەلەڕەشـــی قەترانـــی، ڕەشـــەبا و گەردەلـــوولی ئەم دونیـــایە ئەوەنـدە بە تەوژم هەڵ دەکـات نەبێـتەوە، کەچـی تۆزقـاڵێ نە گورگەکـان نە قەلەڕەش و ئادەمەکـانی قەڵـس دەبـن، بەڵکـو وا ڕاهـاتوون بەبـێ ئاشـوب و ئـاژاوە و زریـان و تـۆف هەر هەڵ نەکەن...! ئاو و هەواکەی شێدار و پیس و بـۆگەنە، سـەرچاوە و کـانی و ڕووبـاری کـێم و زووخـاوە، لەوێ نەشـتێ هەیە بـۆنی ژیانی لێ بێت و نە (ژیان) لەوێ هەناسە دەدات، ئاسـمانی ڕەش و چڵکن، بارانی قوڕاوی و بەفری ڕەش! دونیـاکەی تـر.. دونیـای ستاتیکا و عەشق و ماچ، دونیای بێ فیز و یەکسان، بێ ململانـێ و ناکۆکی، گشت وەرزەکانی بەهارن، ئاسمانی کریستاڵی شاخ و کێوی سەرکەش و بەفرین، خاکی وەنەوشەیی و سەوز، دەشت و دەر و بیابـانی، بـاغی گـوڵ و نێرگزجـاڕە، ڕووبـار و دەریـای زیوینی پڕن لەماسی برۆنزی، لەوێ نە بێگـاری هەیە و نە مشـە و شـــەڕەخۆری، نە بێـــزاری هەیە و نە (شـــا) زۆری، گەورە و بچوک، نێر و مێ، دارا و نەدار، هەمووی هەر مرۆڤەو بەس، لە

ڕووخساری هەرچی و کێ دەڕوانی، خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی دەتکێ، شەڕ هەر نییە، ئەگەر هەشبێ زیاتر لەسەر زەردەخەنە بەشینەوە و شەڕکوشتنە..! ڕەنگە بپرسین، ئەم دوو دونیایە هەر یەک بەجیا زیندەگی دەکەن؟ کاریگەریان لەسەر یەک نییە؟ لێرەدا دەشێ هەر یەکمان، سەفەرێکی خێرا بۆ هەردوو دونیای ناوەوەی بکات و بە چاوی خۆی هەموو شتەکان ببینێ، ئەگەر چی شۆڕبوونەوە بۆ ناخ پرۆسەیەکی سەختە، مرۆی بەجەرگ و ئاقڵمەندی گەرەکە، چونکە ڕووبەڕووی جەنگێکی کوشندە دەبێتەوە، نەکەس بەچاوی خۆی بینیویەتی و نەکەس دەیبینێ، جەنگی ئادەمە جوانپەرستەکانی دونیای بەهاری و ئادەمە ڕەشویستەکانی دونیای پاییزی. ئەوەتە گورگە هاروهاجەکان دێن پەلاماری ئاژەڵە بەستەزمانەکان دەدەن و کەلوکۆمیان دەکەن، ئەی لە سیفەتی گورگ، گەددەی هەرچەندە خاڵی بێت ناپەرژێتە سەرخواردن هەتا تەواوی مێگەل نەخنکێنێ! خۆ قەلەڕەشەکانیش درێغی ناکەن لە رنینەوەی نەمامەکانی باخچە و هەڵکۆڵینی چاوی ڕەنگاڵە جوانەکان، سەیرە زۆریش، مرۆ هێندە (فەقیرحاڵ) و دەست و پێ سپییە، هەر کام لەم دوو دونیایە بەسەر ئەویدیدا زاڵ بوو، ئەو جڵەوی هەڵسوڕانی دەگرێتە دەست کە گومانی تێدانییە، هەمیشە ئادەمە بێ مروەتەکانی دونیای ئاشوب و شەڕ سەردەکەون. دەبا هەموو لە حاڵی ئەوەدابین، مرۆڤە پەپوولەییەکانی دونیا جوان و قەزوانیەکەی ناخ سەوڵی ژیان بگرنە دەست و بەرەو دەڤەری ساماڵی خۆیان وەڕێمانخەن!

# دەنگی بێدەنگی قەڵەم و....

مرۆ هێندێ جار لە بێدەنگی دەترسێ و هێندێ جاریش بێدەنگی دەپەرستێ، جار هەیە کڕوکپ و مت دەبێ و جاریش هەیە هەر لە خۆیەوە هەرای لێ هەڵدەستێ. مام کاتیوشا و کاک کلاشینکۆف و حاجی بڕنۆ، هەمیشە دەمیان کراوەیە، عیرتە عیرت بە هۆ و بێ هۆ لە هارژن دەدەن و باغی بێدەنگی ڕۆحە پەپولەییەکان دەگەچڕێنن و لەباری دەبەن. ئەوان وتیان گەر دەتانەوێت هەرا و زەنا کۆتایی بێ و ئاسوودەیی و هێمنی باڵ بکێشێ، دەبێ چاوەکانتان بخەنە ناو لەپی دەستمان و لە تاریکیدا بژین، ئا ئەمەیە یاسای ئێمە...!

ئەی لە دونیای بێدەنگی قەڵەم، چ بەهەشتێکی ناخودایيە،

پڕه له جوانی و سۆز و میهر، پڕه له فەریکه سێوەکانی خۆشەویستی، لەوێ (چاو) زمانی دووان و لێکترگەیشتنه، قەڵەمدارەکان هێنده فریشتەن ئەلف و بێی شەڕ نازانن، هەمیشه زەردەخەنه دەبەشنەوه و جارِی قەلاچۆکردنی نایەکسانی و پیسی و بوودەڵەیی ئینسان دەدەن.. بەڵام ناوه ناوه ئەم دونیا ڕەنگاڵەییه له لایەن پیاوانی مەملەکەتی تفەنگەوه که چاویان بەم دونیایه هەڵنایێ گەمارۆ دەدرێ، هەرچی جوانی و ناسکی هەیه له پەلوپۆی دەخەن و چەک و شمشێر له جێی قەڵەم بەسەر دانیشتوانەکەیدا پەخش دەکەن. ململانێ و جەنگی ئەم دوو دونیایه له هەموو کونج و کەلەبەرێکی سەر ئەم گۆی زەویه تەپوتۆزی دەبینرێ و نارەوایی و بێ ئینسافی تفەنگچیەکان برەوی پتر دەبێ.

ده ئەی ئەهلی قەڵەم، ئەی هاونیشتیمانیانی ئەو دونیا کریستاڵییەی که لەنێو جەرگەی مەملەکەتی تفەنگدایه، وەرن با خۆ له پەڕەموچەکانی بێ دەنگی وەرپێچین و دژ به هەموو ئەو هاتوو هەراو ژاوەژاوەی که هەیه.. بێ.. دەنگ... بین..

# ئەقڵ
# لەنێوان کرانەوە و داخراندا

ئەقڵی مرۆڤ لە ڕاستترین تاریفەیدا، بەرهەمهێنەری هێز و ئیرادەیە و ڕاڤەکەری بوون و سەرجەم دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانە.. بەم پێودانگەیە تا چەند پانتاییەکانی ئازادیی بۆ مومارەسەکردنی ئەقڵ فەراهەم بێت، ئەوەندە مرۆ لە مەنزڵگاکانی بەختیاریی و ئاسوودەیی نزیک دەبێتەوە و ئەقڵانیەت دەبێتە پرەنسیپی کۆمەڵگە.

بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ هەمیشە لە خەمی کەشفکردنی نهێنییە شاراوەکانی نێو گەردوون لە گەڕان و بەدواداچووندا بووە، کە زۆرجار لەبێ توانایی لێکدانەوە و پەی بردن بەتەلیسمەکان دەستی کۆیلایەتی ئەقڵی لێ هەڵبڕیووە، لەم نێوەشدا تاهەنووکە ململانێی بەردەوام لەنێوان ئەقڵێکی کراوە و ئەقڵێکی داخراو برەوی هەیە...!

گومان لەوەدانییە ئەقڵی داخراو توندڕەوی بەرهەمدێنێ و توندڕەویش لە کورتترین مانایدا یانی نەهیکردن و سڕینەوەی بەرامبەر تا ئاستی تیرۆر، بە جۆرێکی تر داخراوی تەسلیم بوونە بەبیر و تێزەکانی ئایدیۆلۆژیایەک کە لە دەرەنجامدا قفڵ دەبەخشێ بەدەروازەکانی بیرکردنەوە.

تێکستە ئایینیەکان بەدرێژایی وجودیان ڕۆڵی بالایان گێڕاوە لە بەئاڕاستەبردنی ئەقڵی مرۆڤ بەرەو کۆیلایەتی و لەدەستدانی ئیرادەی، چونکە کۆی ناوەخنی دەقە ئایینیەکان

لە خاڵێکدا خەست دەبێتەوە، ئەویش قوربانیدانی ژیانی سەر زەوییە بەدونیایەکی تر کە بە (بەهەشت) ناوزەد کراوە... هەر بۆیەش گشت تیۆر و فیکرێک ڕەتدەکەنەوە کە گەرەکیانە لەسەر زەوی و دوور لە خەیاڵ و واهیمە، بە هەشتێک دروست بکەن، کە یەکسانی نێوان سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی تێدا بەرقەرار بێت.

ئەقڵی کراوە بە پێچەوانەی ئەقڵی داخراو، هەموو شێوازێکی توندوتیژی و زەبروزەنگ وەلادەنێ و دەرگاکانی دیالۆگ دەخاتە سەر پشت، کە دیارە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی (گۆڕان) بەرقەرارکردنی سیستەمی دیالۆگکردنە، یەکێک لەو فاکتەرانەش کەبوار بۆ دیالۆگ دەڕەخسێنێ، چەسپاندنی ئازادییە، ئازادیی بەو مانایەی دیالۆگی بەرامبەر هەر چۆن و هەر چییەک بێت قبوڵ بکرێت.

سەرەکیترین گرفتەکانی ڕۆژهەڵات و دەڤەرە پاشکۆکانی لاوازی حیوار و بەهێزی گیانی توندڕەوی و دەمارگیرییە، هەر بۆیەش هەمیشە کودەتا یەکەی گرتنەدەستی دەسەڵات بووە لەو ناوچانەدا، لە کوردستانیشدا ئەوەندەی کار بۆ سنووردارکردنی حیوار و لێکترنەگەیشتن کراوە، ئەوەندە خەم و بیری پێکەوە ژیان نەخراوەتە بەرنامەی کار و چالاکیمان.. چوون حیوارکردن یانی ئازادیی دەبڕین تا ئەوپەڕی ڕەهایی دەستەبەربێت، بەڵام دەست بۆ چەک نەبەین.. حیوار یانی هەرچی دەڵێی هەرچی دەڵێم ئازادبین، بەڵام با خامە نەبێتە خانەی تفەنگ...!!!

# حیزبێکی نوێ دروست دەکرێ؟!

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، پرۆسەی دروستکردنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستاندا، بە بارێکی نا ئاسایی و نا تەندروست تێپەڕیوە، بۆیە زۆرترین ئینشقاق و لەت لەت بوونی بەخۆوە بینیوە، حیزب لە ئامرازی خزمەتگوزاری خەڵک و گۆڕینی کۆمەڵگەوە بووە بەپێگەی خۆژیاندن و سەرچاوەی بژێوی کۆمەڵێ کەس. بە گشتی دوای ڕاپەڕین حیزبەکان لە ئاست ئەو هەموو قەیران و کێشمەکێشانەدا نەبوون کە جەستەی کۆمەڵگەی کوردستانیان سست و نەخۆش کردووە، شەڕ و ناکۆکی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتداریش هێندەی تر ڕۆڵی حیزبەکانی تووشی شەلەلی کرد و ئەو سەنگەربەندییەی هاتە کایەوە پاشکۆیی و دابەشبوونی لێکەوتەوە، کە وێنەی حیزبی لەنێو کۆمەڵگەدا بە ناشیرینی و شێواوی خستەڕوو.

بۆیە ئەمڕۆ کە دەنگۆی دروستبوونی حیزبێکی نوێ بڵاودەبێتەوە، بەدگومانی دامانەدەگرێ و دەیان پرسیار دێنەپێشەوە، دەبێ کلک و پاشکۆی کێ بێ و بە چ مەرامێک دروست کرابێ؟ ئایا دوکانێکی تر زیاد دەکات یان خاوەن ستراتیژ و بڕیاری خۆی دەبێت.

# نەورۆز ڕەمزی ڕەتکردنەوە

دەکــریَ مــانگی ئــازار بە مــانگی بــۆنە و ڕووداو و جەژن نــاوزەد بکەیــن، یەکــیَ لەو بۆنــانەش جەژنــی نەورۆزە، کە لە٣/٢١ی هەمــوو ســالَیَ بەجۆشــەوە یــادی دەکــرێتەوە. ئەم جەژنە لە یــادەوەری خەڵکــی کوردســتان پانتــاییەکی فراوانــی داگیرکردووە، بەجۆریَ ئەم یادە لەوە دەرچووە هەر جەژن بیَ بۆ سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکی زاڵـم وەکو لە ئەفســانەکەدا هــاتووە. بەڵــکە بــۆتە ڕەمزێــک بــۆ نەمــانی چەوسانەوە و ڕەتکردنەوەی جەور و ستەم، هەر بۆیە دەبینین لەهەر زەمەنیَ ستەم و چەوسانەوە لەسەر خەڵکی کوردستان

زیـادی کردبـێ ئەم یـادە بـرەوی زیـاتر بـووە و بەحەماسـەوە یادی کراوەتەوە، ئەوەمان لەبەرچاوە سەردەمانێک کە ستەمی بەعس لە لوتکەدابوو چۆن ئەم یادە گەرموگوڕی و جـوڵەیەکی ئەوتـۆی بەخـۆیەوە دەبینـی، کە هەنـدێجار دەبـووە هۆکـاری هوتافکێشان و بەرزبـوونەوەی دەنگـی نـاڕەزایی لە ئاسـت ئەو کوشت و بڕ و تۆقاندنەی بەعـس کە بەبـێ جیـاوازی ئەنجـامی دەدا، بۆیە ئەم یادە بیری بەرەنگاری و ڕەتکـردنەوەی سـتەمی لە خۆگرتـــووە، ئەگەر بەدیرۆکـــی کـــۆنی میللەتـــی کـــورددا بچینەوە، دەبینین لەئان و ساتی جیاجیـادا ئەم بـۆنەیە بـۆتە هـــۆی بەروودا تەقیـــنەوەی ئەو ڕژێمـــانەی کە حـــوکمی کوردســـتانیان کـــردووە، بـــۆ نمـــوونە ئەو ســـەردەمەی کە ئینگلیزەکان لە کوردستان حوکمداربوون، چـۆن بە پێشـڕەوی شـاعیری نەمـر پیرەمێـرد یـادی کـراوەتەوە و لەو یادەشـدا دەسەڵاتی بێگانە نەهی کراوە، ئەم یادە لەنێو ئەدەبی کوردیدا بەتـــایبەتی ســـەردەمی کلاســـیک ڕەنگـــدانەوەیەکی زۆری دروستکردووە و لەچەندین شاکاری هونەریدا تەوزیف کراوە.

# فەلسەفە و شووەی ئەوشەوە

لەنێوان غەڵبە غەڵب و بڕۆ و وەرەی ئۆتۆمبێلدا، لە سووچێکی شەقامەکەدا، خۆم گرمۆڵە کردبوو، بەوردی جلەوی سەرنج و ڕوانینم ئاڕاستە دەکرد.

شار شڵەژا بوو، لە نیگای چاوی هەر کەسێ چاوەڕوانی ڕوودانی کارەساتێ بەدی دەکرا، کارەساتێ لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ.. کارەساتێ پێچەوانەی هەموو کارەساتەکانی تر مرۆڤ داهێنەری نییە و تەڕ و وشک بەرز و نزم بەبێ جیاوازی چینایەتی تەخت دەکات. لە تاریکستانی ئەو شەوە شووومەدا، دزێوترین وشە (بوومەلەرزە)بوو کە وەک دێوەزمەیەکی ڕەش هەست و هۆشی داگیر کردبووین، بە تایبەتی قەلەزراوەکان، قەلەزراوەکانی شەو..!

سەیربوو، ئەگەر تا هەنووکە زانیاریەکی ئەوتۆمان لە بارەی بوومەلەرزەوە نەبوو، ئەو شەوە بە پەرۆشەوە حەزمان دەکرد هەموو شتێکی لە بارەوە بزانین. لە گەرمەی ئەو هات و هەرایەشدا بیرم دەپرژایە سەر شتی سەیر، گەلێ جار لەبەرخۆمدا هەندێ ڕستەم هەڵدەبزرکاند، بەجۆرێ هاوڕێکانی تەنیشتم، پێیان دەگووتم: (کورە دەبەسە کەی وەختی فیکر و فەلسەفەیە)، من پرسیاری ئاسایم دەکرد و دەمگۆ، سەیرکەن زۆربەی زۆری ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەسەر شەقامەوەن و لەشار

دەردەچــن هــی خەڵکــی دەوڵەمەنــدن، ئەهــا بــۆ دەرمــانیش سـەیـارەیەکی خـراپ نـابینی، بگـرە بیـرم دەکـردەوە، بـۆچی کەمتـر خـەڵکـی نەدار لە ماڵەکانیـان دێـنە دەرەوە (ئەگەر بێـنە دەرەوەش تەنها بەر دەرکی ماڵەکانیانە)..؟

هەر بۆخـــۆم وەڵامـــم دەدایەوە، چـــونکە ئەوان خـــاوەن ئەپارتمان و خانووی چەند نهۆمی نـین تـا لە ترسـی داڕمانـدا لە ماڵەکـانی خۆیـان ئـۆقرە نەگـرن..! ڕێـک ئەو وتەیەم بیـر دەکەوتەوە (کرێکـاران ئەوەی لە دەسـتی دەدەن تەنهـا کـۆت و زنجیـــری دەســـتیانە)، ئەو شـــەوە زۆر بیـــرم لەو ڕووداوە دەکـردەوە کە دەشـێ ڕووبـدات یـان نـا، بـێ دەسـەڵاتی و بـێ توانـای مـرۆڤ لەبەردەم سروشـتدا تـا دەهـات دەبـووە خـاڵی سەرەکی لای من، وای لێکردم لەیەک ساتدا گوزەر بۆ چەنـدین چەمـک و قسـەی ئەو بیریـارانە بـکەم، کە ڕۆڵیـان لە ژیانـدا هەیە، جـارێ بـۆ (کـارل مـارکس) و کـۆمەڵگەی بـێ چـین، تاگەیشــتنە ئەوەی کە دەڵــێ: (لە کۆتاییــدا تەنهــا ململانــێ لەنێـوان مـرۆڤ و سروشـتدا دەمێنێـتەوە..) هەروەهـا چەنـدین دەستەواژەی وەک بوون و کۆتایی مێژوو... هتد).

شەوێکی دەگمەن بوو، جێگای تێڕامان و هەڵهێنجانی شـتی سـەیرو سـەمەرە بـوو، ئەگەر ئەو بوومەلەرزەیـەش بەردەوام بێ، ڕەنگە شتی عەنتیکە و گورچکبڕ ببینین.

# بەرەو هەزارەی سێیەم

که ویستم لە ژێر ئەم ناونیشانەی سەرەوە بابەتێک بنووسم، یەکسەر لەسەر وشەی (بەرەو..) کەوتمە هەڵوەستەکردن، بەرەو لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، ئاڕاستەکردن و هاندان و پێشڤەچوونە بۆ ئەو (پانتایی)یانەی کە هێشتا هزر و هۆشی ئێمە نەک هەر پێی ئاشنا نەبووە، بەڵکە نازانین دەروازەکانیشی کەوتوونەتە کام ئاقارەوە. ڕەنگە دوندی ئەو پانتاییانە لە بالای ئەقڵی ئێمە گەلەک بەرزتر و جیاوازتر بێت.

با بپرسین، ئێمە لە کوێوە لە وێستگەی کام هەزارەوە، بەرەو کوێ و بەرەو لوتکەی کام هەزارەوە، هەڵدەزەنێین..؟! ئاخر ناکرێ هەروا بە ئاسانی هەزارەکانی پێش ئەم هەزارەیە بەبێ ڕاڤەکردن و لێوردبوونەوە جێبێڵین و بێین بێ خۆتەیارکردن و خۆسازدان بە بەرگ و پۆشاکێکی مەعریفی و خەملاندنی ڕەوشی خۆ بکەین بە هەسارەی هەزارەیەک کە ڕەنگە هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاودا تووشی دۆشدامان و نامۆیی بین..!

لە مەملەکەتێکی داخراوی زەمەن بازنەیی، خۆشباوەڕییە

بەبــاق و بریقــی ڕووخســاری هەزارەیەک شــادومان بــین، هەزارەیەک درێــژەدەری هەمـــان ئـــاژاوە و نـــا ئـــارامی و چاوەڕوانی، هەزارەی کوشت و بڕی بێ شومار، هەزارەیـێ کە تێیدا جەنگی جیهانی سێیەم بە خشکەیی هەڵدەگیرسێ و پێـی نــازانین، نــا لەوە ناچێـت بـارانی ئەم خـوێنە لە هەزارەی سێیەم خۆشکاتەوە و گەواڵە هەورە ڕەشەکانی ئاسمانی ئەم هەزارەیەش سیمای مـرۆڤ و ژیـان تەڵـخ تـر و قەترانـی تـر دەکەن.

ئێمە لە ساتێکدا دەربارەی هەزارەی سێیەمەوە دەئـاخفین، دەبـێ چاومـان لەبەر پێـی خۆمـان بێـت نەکەویـن، چـونکە خەریــکە ئەم وڵاتە خـــاڵی دەبێـــتەوە لە روونـــاکی، ئـــاخر ئەدیسۆنەکانی هەزارەی سێیەمی ئێمە لە ئاوزینگدان..!

ئــاخۆ دەکــرێ بەســەر پشــتی ئەو پەیــژە لە رزۆکــانەی مێـژووەوە، لە ئاست چـاوی منـداڵێکی بۆیـاغچی بـێلانە، لە هەناسـەی پـڕ لە کەسـەری نەداری، پێشـوازی لە هەزارەیەک بکەیـــن، کە جـــگە لە گـــومڕای خەونە ئارایشـــتکراوەکانی سـەرمایەداری، کە لە بەدبەختکردنـی مـرۆڤ و چەوسـانەوەی زیاتری چیدی نییە..!

دەپرسین ئاخۆ پـێگە و ڕێگەی ئـێمە لەسـەر ئەتڵەسی ئەم هەزارەیە چ ئاســتێک وەردەگــرێ و هـــاوڕەوتی کـــام دیـــدگا دەبێت..؟!

## ئاوەدانکردنەوەی کەلاوەی ڕۆحەکان

بنیاتنـــان و ڕووخـــان، دوو پرۆســەن هەمیشــە یەکتــر ڕەتدەکەنەوە، هەمیشەش بنیاتنانەوە کـات و ڕەنجـی زیـاتری دەویـت، وتراویشــە ئەوەی بەوەختێکــی زۆر دێتەبـوون، لە ئانوســــاتێکدا دەکـــرێ لە دەســـت بچێـــت، هەمـــوو بنیادنـــانەوەیەکیش ئەگەر لەســـەر بنەمـــا و ڕێ و شـــوێنی گونجاو و وابەستە بە میتۆدی زانستی بەرنـامەڕێژ نەکرابێـت، سوود و بایەخی سنووردار دەبێت و تەمەنیشی کورت دەبێ.

دەڵێن هەندێ جار ڕووخـان لەپێنـاو بنیاتنـانەوەیە، لێرەدا دەکـرێ بڵێـین، هەمـوو ڕووخانێـک زیـانبەخش و بەفیـڕۆدان

نیـیە، بەهەمـان پێـودانگیش مەرج نیـیە هەمـوو بنیاتنانێـک سـوودبەخش و بە کەڵـک بێـت، بەم پێـیە لەگەڵ ئینشـتاین هاوڕادەبین، کەدەڵێ: (هەمـوو شـتێ ڕێژەیـی)یە ئەوەی ئەمـڕۆ لە کوردستان زیـاتر بەرچـاوە، کەمـی گیـانی بنیاتنـانەوەیە، لەکاتێکدا جەستەی شەقارشەقاری کۆمەڵگەی کوردسـتان و ئەو هەموو نەخۆشییە کوشندە و دەردە کۆمەڵایەتییـانەی کەهەیە، پێویسـتی بە ئـاوەدانکردنەوە و هەتـوانی بنیاتنـانەوەیەکی ئێجگـار زۆر هەیە، کـۆمەڵگەی کوردسـتان ئێسـتا لە بەردەم دەروازەی تازەی ژیاندایە و لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە ئـاوەدانکردنەوە لە سـەرجەم بـوار و کـایە کۆمەڵایەتیەکـان هەیە، ئـاوەدانکردنەوەی ماڵەکـان بەدرەختـی شـۆڕەبی و ڕووناکی، ئاخر بەباڵای مێژووی پڕ نەهامەتی ئەم کـۆمەڵگەیە ڕووخـان لە دوای ڕووخـان، خەریـکە ڕووخـان و شکسـتی قەیرانـاویترین ڕەوش دەخـولقێنن.. دەبـا لە دەسـتپێکی دەروازەی ئەم سەدەیە، ئـاوەدانکردنەوە، دروشـم و سـەردێڕی بەرنـامە و کارەکانمـان بێـت، ئـاوەدانکردنەوەی کەلاوەی ڕۆحەکان، بەر لە ئاوەدانکردنەوەی کەلاوەی ماڵەکان..!

# خێڵ و خوێندن

خوێنــدن و خوێنــدەواری یەکەیەکــی هەرە گــرنگە بــۆ فراوانبوونی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵ و گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵــدا، زیــادبوونی ژمــارەی خوێنــدەواران بەرەو ڕووی دەروازەکانی پێشکەوتن و شارستانیمان دەبات، بە تایبەت بۆ کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستان کە تا هەنووکەش لە قاوغ و چوارچێوەی (خێڵ) یاسای بوون و ژیانی دادەڕێژێ و پرەنسیپەکانی خێڵ بەڕێوەیدەبات. پەتای درمی خێڵ و خێڵداری خۆی ئاخنیوەتە سەر لەبەری کار و ژیانی ئێمە و جەستەی ئێمەی لەبەردەم شەپۆلەکانی پێشکەوتن شەتەکداوە، بەجۆرێ کە ئەو کاتەی لەسەر تریبیون، سەرگەرمی وتاردانین و چەندین واژە و زاراوەی پێشکەوتنخوازی پەخش دەکەین، ئەم پەتا کوشندەیە لە ژێرەوە بە ووردی کاری خۆی ئەنجامدەدات، لێرەدا بۆ وەرچەرخانێکی هەمەلایەنەی تۆکمە و ڕیشەدار دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سیستمی پەروەردە و فێرکردن کە ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە ناسکترین قۆناغی ژیانی مرۆڤ (منداڵی) و

لەوێوە باس لە گۆڕان بکەین و گەرای بنەما سەرەکیەکانی گۆڕان دابنێن... ڕەنگە پرۆسەی ئەم گۆڕانکارییە بەرنامەی درێژخایەنی بوێ، کە ئەمەش پەیوەندیدارە بەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ، کە بتوانێ بەهوردی ڕاڤەی بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردە بە پشت بەستن بە زانست و زانیاری بکات و باری دەروونی منداڵانی کوردستان بخرێتە ژێر نەشتەری لێکۆڵینەوە و لێدوان.

ئێمە لەکاتێکدا قسە و باس لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دەکەین، دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێت، کەلە چەندین ناوچەی کوردستاندا قوتابخانە نییە و زۆرێک لە منداڵان لە خوێندن بێبەش دەبن و بەو تەمەنە ناسکەوە دەخرێنە سەرکار و دەبنە ژێنەری چەندین سەرخێزان. شەقامەکان گەواهی دەدەن کە چۆن منداڵان ڕاوی پاروی نان دەکەن و لەبەرئەو سۆرە هەتاوە خەریکی پەیداکردنی لوقمە نانێکن. ئێمە نەک پێویستمان بە گۆڕین و پەروەردە هەیە بەڵکە دەبێ بیرێکی جدی لەوە بکرێتەوە کە چۆن ڕێژەی خوێندەوار لەناوماندا زیاد دەکات و منداڵانی کارگەر دەگەڕێنەوە قوتابخانە و قوتابخانە بۆ سەرجەم ناوچەکانی کوردستان دابین دەکرێت.

# خێڵ و یاسا

(یاسا) بەو پێیەی ڕێکخەری ئەرک و مافی سەرجەم هاوڵاتیانە و باڵاترین دامەزراوە و دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگەیە، لەنێو کایەی کۆمەڵایەتی ئێمەدا نەبۆتە پێداویستیەکی حەیاتی و بەتەواوی ئامێتەی نێو کار و ژیانی خەڵک نەبووە، ڕۆشنتر بڵێین ئێستاش پێکهاتەی ئەقڵی خێڵەکی و میلیشیای حیزب هێزی ئاراستەکەری کۆمەڵگەن و لەدەرەوەی دادگاکان تێزی عەشایەری و لۆژیکی هێزی ماسولکەیی، کۆمەڵگە دەبەن بەڕێوە، نە دادگاکان لە دەرەوەی ئیرادەی حیزب و ئازادانە بواری کارکردنیان پێدەدرێت، نەخودی ئەو یاسانەش لەگەڵ خواست و ئاستی پەیوەندی نێوان ئینسانەکانی ئەم سەردەمە دێنەوە، ژیانیش یەک پێکهاتەی ئۆرگانی هەیە و هەمیشە لە پرۆسەی (کارتێکردن) و (کارلێکراو)دا دەگوزەرێ. یاسا و خەڵکیش درێژە بەمانەوەی یەکتر دەدەن، بۆیە ناشێ یاسایەکی کۆن و زاخاو بەتێز و تێڕوانینی دواکەوتووانە لە زەمەنێکی پێشکەوتوودا بسەپێنرێ و کاری پێ بکرێت، چونکە یاساش وەک هەموو شتەکانی تر پیر دەبێت و توانای گونجان و ڕێکخستنی پەیوەندی تازەی کۆمەڵایەتی نامێنێ، لە دەرەنجامدا ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوە لەسەر چالاکی کۆمەڵگە و بزوتنەوەی تاکەکان دروست دەکات.

# هۆشیاری هەتوانە

کۆمەڵگەی کوردستان پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و فرە جەمسەری هەیە، هەر بۆیەش کێشە و گرفتەکانیشی هەمەچەشنەن، هۆکارەکەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دوور و درێژی سەرکوتکردن، کەلە دەرەنجامی ئەوەدا کۆمەڵگەیەکی نیمچە داخراوی لێ وەبەرهەمهاتووە، بۆیە ئەگەر بیر لە چارەسەرکردنی بکرێتەوە دەبێت لە گشت ڕەهەند و ڕووەکانەوە تاوتوێی پێکهاتەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بکرێت، دیارە دەست بۆسەرەداوی هەرگرفتێ ببەین، چەندین گرفتیتر دێنە پێشەوە، چونکە سەرجەم کایە و شانە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەستدارن بەیەکترەوە، هەریەک بۆیەکتر وزەی مانەوە و بەردەوامین، ئەمە بەو مانایە نایەت کەدەستە و ئەژنۆ بووەستین و بێ ئومێدبین، وەلێ ئەرکە و پێویستە لەهەر هەنگاوێکی چارەسەردا "بوارە" هەمەجۆرەکان بەهەند

بزانریێت و هەمیشەش ڕەچاوی تایبەتمەندی ئەو خەسڵەتانە بکریێت کە کۆمەڵگەی کوردستانی لەسەر هەڵچنراوە.

خۆ ئەگەر بشمانەویێت چارەسەرەکان کاریگەر و باش جێکەوتەبن دەبیێت کار بەپرۆگرامی زانستی و پشت بەستن بەشیێواز و سیستمی گونجاو بکریێت، لای هەموشمان ئاشکرایە لە دەستپیێکی هەنگاوی هەر گۆڕانیێکدا، سەرەتا دەبیێت گەرای پیێشکەوتن لەنیێو لانەی (هزر) دابنریێت، چونکە بەبێ کارکردن لەبیر و تیێزەکانی کۆمەڵگەوە ئاسان نیە ئاکار و نەریتی کۆمەڵگە گۆڕان بەخۆوە ببینێ.

لە ڕووی پیێشکەوتن و گەشەسەندنی باڵای تەکنەلۆژیادا، فاکتەرەکانی گۆڕان بەشیێوەیەکی بەرفراوان لە ئارادان و جیهان لە بەردەم شەپۆلەکانی ڕاگەیاندندا تەنگ بۆتەوە، وەک دەڵیێن بۆتە گوندیێکی بچووک، بەڵام ئاخۆ لەم نیێوەدا کوردستان تاچەند بواری ئەوەی بۆ فەراهەم دەبیێت، کەئاڕاستە و شەپۆلەکانی پیێشکەوتن لەخۆی لوول بدات و بەئاقاری مەدەنی بوون و شارستانی هەنگاوبنێ..؟

بەحەق پیێویستە لە دەستپیێکی ئەم سەدەیەدا، پیێگەی زانست و هۆشیاربوونەوە لەنیێو کۆمەڵگەی کوردستان جیێکەوتە بیێت، دیارە ڕۆڵگیێڕانی ڕووناکبیرانیش لە بەرایی ئەم کاروانەدایە.

# لەنێوان ڕاپەڕینی ڕەتکردنەوە و بنیاتنانەوە

دیـــارە کەس نکــوڵی لە ڕۆڵ و بــایەخی لاوان ناکــات، کە چــۆن وەک تــاکە وزە و هێــزی بــزوێنەری کــار و چــالاکییە کۆمەڵایەتییەکـــان لە بـــرەودان، وەک چـــۆن لە خەبـــاتی شێلگیرانەی شاخدا دەوری سەرەکیان گێـڕا، ئـاواش کـاراترین توێژی نێو کـۆمەڵ بـوون کە بەشدارییان لە ڕاپەڕیـندا کـرد، بۆیە حەقە ئەمڕۆ بپرسین ئایـا لاوان هەمـان تـوێژە وشیار و کارامەکانی جارانن و لەنێو ڕەوتـی گۆڕانکـاری و ڕووداوەکـان نەخشی پێویست دەگێـڕن..؟ بەڕاشکاوییەوە دەڵێین نەخێـر..! لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا فەرامۆشکراوترین توێژ لاوانـن کەڕێ و شـوێنی لەبـار بـۆ بەهـرە و تواناکانیـان دەسـتەبەر نەکرا، تا مومارەسەی چالاکییە هەمەجۆرەکانی خۆیان بکەن. بۆیەش نائومێدی و ڕەشبینی بەرۆکی لاوانی گـرت و سسـتی و خاویەکی بێ شومار ئاوێتەی جموجوڵ و هەڵسوکەوتیان بوو،

له دەرەنجامدا کۆچی بەلێشاوی بۆ دەرەوەی لێ کەوتەوە. گەرچی کۆچ بەشێوە سروشتییەکەی مافی هەموو ئینسانێکە، وەلێ بەم شێوازە نائاساییە بەدەرەنجام لەقەڵەم دەدرێت.

یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەش کەوزە و چالاکییەکانی لاوانی سنووربەندکرد و نەیهێشت وەک پێویست بکەوێتە گەڕ بارە ئابوورییەکە بوو، کە سەرچاوەی مەعیشەت و ژیان لەخەڵک قۆرخ کرا..!!، چونکە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە زۆربەی لاوان ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانیان لە ئەستۆدایە و بە دوای بژێوی ژیاندا وێڵن، بەداخەوەش حیزبە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپان ئەوەندەی لە خەمی بە حیزبی کردنی لاوان و ئاڕاستەکردونیانن بۆ مەرام و مەبەستی تەسکی حیزبایەتی، ئەوەندە کاریان لەسەر بیر و جەستەی لاو نەکردووە، ئەوەندە هەوڵیان نەداوە لاو وەک تاکێکی بەرهەمهێنەر و ئایندەخواز بهێننە مەیدانەوە. پێویستە واز لە دروشمی بێناوەڕۆک بهێنرێت و نەخشەو پرۆگرامی زانستی و لەبار بۆ ئەم توێژە دەستەبەر بکرێت، ڕەوشێکیان بۆ فەراهەم بکرێت، کەتێیدا گەشە بەچالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان بدەن، چونکە هەر لاوانن دەتوانن درێژە بەویست و مەرامەکانی ڕاپەڕین بدەن و خەونە وەدی نەهاتووەکانی ڕاپەڕیوان پراکتیزە بکەن و کۆمەڵگە بەرەو ئاقاری پێشکەوتنخوازی و شارستانیەت وەرچەرخێنن.

## تێبینی:

زۆربەی ئەم بابەت و ستونانەی دووتوێی ئەم کتێبە لە نێوان سالانی (١٩٩٤–٢٠٠٣) نووسراون و لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا بلاوکراونەتەوە: (سپێدە، ئالای ئازادی، ئەمڕۆ، شەقام، کوردستان راپۆرت، کوردستانی نوێ، بەهرە، پەیامی کۆمۆنیزم، هەرێمی کوردستان، پێگە، زایەڵە، پیرەر، ڕێگای کوردستان، دیدگا، بەدرخان، ڕێبازی ئازادی..).